# جیهانێکی
# داد پەروەر شیاوە

**پرۆگرامی سیاسەتی نێودەوڵەتیی**

**حزبی سۆسیال دیموکراتی سوید**

**و.لە ئینگلیزییەوە: کارزان کاوسێن**

مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ک)
سلێمانی ـ گەرەکی سەرچنار ـ ١٢١
کۆلانی ـ ٤٤
ژ.خانوو ـ ١

www.hoshyari.org
govarynovin@yahoo.com

* **ناوی کتێب:** جیهانێکی دادپەروەر شیاوە

* **وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:** کارزان کاوسێن

* **نەخشەسازیو بەرگ:** فەهمی جەلال

* **تایپ:** وەرگێڕ

* **تیراژ:** ٢٥٠٠ دانە

* چاپی یەکەم: سلێمانی ٢٠٠٨

* **ژمارەی سپاردن:** (٢٠١٥) ی ساڵی ٢٠٠٨ ی وەزارەتی رۆشنبیری

* **ژمارەی زنجیرە:** (٢٦٤)

* **چاپ:** دەزگای چاپو پەخشی حەمدی

بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ک). ساڵی ٢٠٠٨

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

# پێڕست


| بابەتەکان | لاپەڕە |
|---|---|
| ئەم زنجیرەیە بۆچی؟ ........................................................................ | ٥ |
| جیهانێکی دادپەروەر شیاوە .......................................................... | ٨ |
| جیهانێکی بەجیهانیبوو ............................................................... | ١٧ |
| بەهاکانی سۆسیال دیموکرات لە جیهانێکی بێ سنووردا ............... | ٦١ |
| ئاشتی و چەکداماڵین .................................................................. | ٧٣ |
| سیستەمی نێودەوڵەتیی یاسا و ئاسایشی مرۆڤ ............................ | ٨٩ |
| یەکپارچەیی بەردەوامی ئەوروپا ..................................................... | ١٠٢ |
| سۆسیال دیموکراسی لە جیهانێکی گۆڕاودا .................................. | ١١٧ |




مەکتەبی بیر و هۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## ئەم زنجیرەیە بۆچی؟

بیری سۆسیال دیموکرات، ئەمڕۆ لەسەرانسەری جیهانـدا، زۆرتـرین جەماوەرو لایەنگری هەیەو بەباشترین ڕێگە بۆ پرۆسەی نوێبوونـەوەو ئاشتیانەی کۆمەڵو دادپەروەری کۆمەڵایەتی دادەنرێت.

مەکتەبی بیرو هۆشـیاری (ی. ن. ک) بـەم زنجـیرە لێکۆڵینەوەیـە، دەیەوێت، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەم بیروباوەڕە ئاشنا بکات.

ئێمە ئێستا بـەرەو کـۆنگرەی سـێیەم دەچـینو دەمانـەوێت پـێش بەسـتنی کـۆنگرە دەرگـای لێـدوانو دیـالۆگ لەسـەر بـیری یـەکێتی بخرێتـە سـەر پـشت. سـەرەتا بەبڵاوکردنـەوەی زنجیرەیـەك کتێـبو نامـیلکە دەسـت پێدەکـەینو پاشــان کـۆنفرانـسێك لــەســەر بـیری (ی. ن. ك)، کە بتوانێت هەرچی پەیوەندی بەبیری یەکێتییەوە هەیـە بۆ کۆنگرە گەڵاڵەی بکاتو لەوێ دوا بڕیاری لەسەر بدرێت.

ڕاستیەکی گشتی زانراوە، بیروباوەڕ لەناو کۆمەڵـدا، بەبـەردەوامی لـەململانێو زۆرانبازیدایـە. هێزێکـی سیاسـی دەبـێ لـەبواری بـیردا زۆرایەتی بەدەست بهێنێتو توانای سەلماندنو بڕواپێبوون، مـسۆگەر بکات، ئینجا دەتوانێت سەرکەوتنی سیاسی دەستەبەر بکات.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

بیری سیاسـی بـۆ ئێمـە، ئـەمڕۆ لەهـەموو ڕۆژێکـی تـر، گـرنگترە. سستیو کەمتەرخەمیو پشتگوێ خستنی بیر زیانی گەورە لەخەباتی ئێمە دەدات.

**مەکتەبی بیرو هۆشیاری**

**(ی. ن. ك)**

**٢٠٠٧/١٠/١**

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

# پرۆگرامی سیاسەتی نێودەوڵەتیی
# حزبی سۆسیال دیموکراتی سوید
# پەسندکراوی ( ٣٥ )ەمین کۆنگرەی
# ئاسایی٢٩ی ئۆکتۆبەر-٣ی
# نۆڤەمبەری ٢٠٠٥



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

## ١- جیهانێکی داد پەروەر شیاوە

هەر شتێك کە لە جیهاندا ڕوو دەدات کاریگەری دەخاتە سەر هەموو کەسێك و پەیوەندی بە هەموو کەسێکەوە هەیە. بمانەوێت یان نا، ئایندەی مرۆڤایەتی زیاتر لە هەر کاتێکی تر بووەتە کێشەیەکی هاوبەش. بزاڤی سۆسیال دیموکرات گەرەکیەتی ئەمە وەکو کێشەی هاوبەشی ئێمە لەبەرچاوبگرێت.

بەلای ئێمەمانانەوە کە سۆسیال دیموکراتین، ئامانجە مرۆییەکانمان بریتیین لە گەشەپێدان و ئازادی، ئیرادەی گەورەبوون، هەستی لێپرسراوێتی بۆ نەوەی ئایندە، هاریکاری لەگەڵ ئەوانیتردا. ئامانجی سیاسەت ئازادکردنی خەڵکە. لەبەر ئەم هۆکارە سۆسیال دیموکراتەکان خەبات دەکەن لە دژی دابەشبوونە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، فراوانکردنی ئاسۆی هاریکاری و پشکداریکردن لە دروستکردنی جیهانێك کە تیایدا هەژاری و بێ دەسەلاتی بەشێکن لە ڕابردوو.

هەرچی پەیوەندی بە گەشەسەندنەکانەوە هەیە لە جیهانی ئێمەدا، هیچ کۆمەڵگەیەك ناتوانێت شتێکی لە گۆشەگیرییەوە دەستبکەوێت. دەشێت ئێمە هەنگاوێك لە پێشەوە بین یا هەنگاوێك

له دواوه بین، بەڵام له ماوەیەکی درێـژدا ئاسـتی گۆڕان بەهۆی ئـەو حاڵەتـەوە دیـاریکراوە کـە هەلومـەرجی ئێمـە دابینـی کـردووە لـە جیهاندا. پێویستە ئێمە ئەرکی داواکراو، بگـرە شـیاوی هێنانەکایـەی جیهانێکی باشتر لـە ئەسـتۆ بگـرین. بـە ئەنجامـدانی ئـەم کـارە ئـەوا سویدێکی باشتر بنیات دەنێین.

بـارودۆخی جیهـانی ئێمــە زیــاتر لــەم چــەند ســاڵەی دواییــدا بەشێوەیەکی ڕیـشەیی گـۆڕانی بەسـەرداهاتووە. خـەڵکێکی زیـاتر و زیاتر له هەر کاتێکی تر له کۆمەڵگـەی دیموکراتیـدا دەژیـن. تێکڕایـی خۆشـگوزەرانی مرۆڤایـەتی لـە زیادبوونـە، هێزەکـانی بەرهـەمهێنان زیاتر هاوسەنگن له بەکارهێنانی سامانە سروشتییەکان، خەڵکی زیاتر و زیــاتر لەپێــشوو لــە ژێــر بــاری فــشار، قــاتی ، نەخۆشــی و نەخوێندەواری دەچنە دەر . تاکو ئێـستا بـۆ یەکـەم جـار دەشـێت هەژاری ڕاستییەکی مێژوویی بێت. دەکـرێ هـەژاری لـەناو نەوەیەکـدا رابماڵدرێت تەنیا ئەگەر ئیرادەی سیاسـی لـەوێ بێـت بـۆ ئـەم کـارە. لەگەڵ ئەمەشدا جیهان بە نادادپەروەرییەکی بەرچاودا تێدەپـەڕێت چ لەناو وڵاتان و چ لەنێوان وڵاتاندا.

ئێمـە وەکـو سۆسـیال دیمـوکرات باوەڕمـان بـە گەشەسـەندنی لەپێشدا دیاریکراو نییـە. ئێمـە دەزانـین کـە بـە هەڵبـژاردنی ئامانجـە سیاسییەکان خەڵکی پێکەوە کار دەکـەن بـۆ دروسـتکردنی ئاینـدەی خۆیان. ململانـێ بـۆ جیهـانێکی عادیلانـەتر یـەکێك بـووە لـە بیرۆکـە



سـەرەکییەکان لـە مێـژووی سۆسـیالیزمی دیموکراتیکـدا. بزاڤەکـەی ئێمـە لـە وردبینییـەوە و لـەو تەحەدایـەوە سەرچـاوەی گـرت کـە لـە هەموو وڵاتێکدا ڕووبەڕووی خەڵکی کرێکار دەبـووەوە بـۆ ئـەوەی لـە کێشەیەکی هاوبەشدا یەکبگرن.

ململانێکە بەمانا و سەرکەوتوو بووە. ئێستاکە کۆلۆنیـالیزم بـووە بـە بابـەتێکی مێـژوو، هەرچـەندە میراتەکـەی وەك خـۆی ماوەتـەوە. دیکتاتۆرییەتـەکان لـە پاشەکـشەدان. هەرچـەندە ئێمـە شـایەتی هاوپەیمانییــەکی نــوێین لــەنێوان ڕژێمــە نادیموکراتییــەکان و سـەرمایەداری نێودەوڵـەتی، ئەمڕۆکـە مەترسـی جـەنگ لـە نێـوان دەوڵەتاندا کزە. وڵاتەکەی ئێمە گەشتە درێژخایەنەکەی لە (سـویدی هەژار)ەوە بۆ وڵاتێکی ڕێبەری خۆشگوزەرانی ئەنجامدا.

پرۆگرامی حزبی سۆسیال دیموکرات–ی ساڵی ٢٠٠١ وەسـفی پێـنج پارادۆکس دەکات لەمرۆی جیهانی ئێمەدا:

یەکـەمیان ئەوەیـە کـە لـە کاتێکـدا کـە زۆرێـك لـە وڵاتـانی هـەژار ئێـستاکە لـە گەشەسـەندندان و خـەڵکێکی زۆرتـر و زۆرتـر دەتـوانن سوود لەم خۆشگوزەرانییە ڕوو لە گەشـەیە وەربگـرن، ئـەو ڕاسـتییە دەمێنێتــەوە کــە جــودایی نێــوان هــەژار و دەوڵەمەنــد ڕوو لــە پەرەسەندنە. جۆرێکی نوێی هەژاریو جیاکـاریی کۆمەڵایـەتی ڕوو لـە بەرەوپێشچوونە تەنانەت لە وڵاتانی دەوڵەمەندیشدا.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

دووەم پارادۆکس، لە کاتێکدا کە دیموکراسی بڵاودەبێتەوە ، بەرژەوەندییە سەرمایەدارییە بەهێزەکان، هێزە ناسیۆنالیست و فەندەمێنتالیستەکان و دەمارگیری ئەتنی هەڕەشەی لێدەکەن.

سێیەم، ڕاستییەك هەیە بریتییە لە کۆچی بەرچاو کە گەلێك وڵات دەوڵەمەند دەکات و پارادۆکسێك هەیە کە کێشەکانی بەدەستهێنانی یەکپارچەیی، حاڵەتی بێ دەسەڵاتی و دڵڕەقی لێکەوتووەتەوە.

پارادۆکسی چوارەم ، لە کاتێکدا کە چەکداماڵین پێشکەوتنێکی ڕاستەقینەی بە ئەنجامگەیاندووە و مەترسی ململانێی چەکداری لە نێوان دەوڵەتاندا کەمبووەتەوە، ئەو ڕاستییە دەمێنێتەوە کە توندوتیژی و شەڕی ناوخۆ لەناو وڵاتاندا زیادی کردووە.

پارادۆکسی پێنجەم ، سەرباری زیادبوونی ئاگایی لەمەڕ گرنگی گەشەسەندنێکی ئیکۆلۆژی بێ زیان، گوشار لەسەر ئیکۆ–سیستمی گەردوونی لە کایەدایە کە سەرچاوەگرتووی ئەو ئامرازانەی بەرهەمهێنان و ڕەفتارەی بەکاربردنن کە زەمینە بۆ داواکانی سەر سامانە سروشتییەکان خۆش دەکەن.

دەکرێ دوو فاکتەری تریش بخرێنەسەر ئەو پارادۆکسانە:

پێشکەوتنی ناو زانست و پزیشکی، کۆمیونیکاسیۆن، تەکنۆلۆژیای زانیاری، بەکارهێنانی وزە و سیستمەکانی بەرهەمهێنان بە سەرتاسەری جیهاندا بڵاو دەبنەوە لە کاتێکدا و لە هەمان کاتدا



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

گەلێك لە خەڵکی توانای کەڵك وەرگرتن لە بەرهەمی ئەو پێشکەوتنەیان نییە.

گەشەی دیموکراسی کەوتووەتەبەر هەڕەشەی ڕابوونی تیرۆریزم. پێویستە ئەو ڕێکخراوانەی توندوتیژی بەکاردەهێنن بۆ گەیشتن بە مەرامەکانیان بە توندی دژایەتی بکرێن. لە هەمان کاتدا نابێت ڕێگە بەم دژایەتییە بدرێت کە کێبڕکێی مافی مرۆڤ و مافی ڕێزگرتن لە کەسایەتی تاك بکات.

ئەمە فۆرمێکە کە تیایدا ململانێی کلاسیك لە نێوان هەلومەرجی نوێی بەرهەمهێنان و کار لە ئێستادا دەردەکەوێت. ململانێی نێوان بەرژەوەندییەکانی خەڵکی و هی سەرمایەداران بەردەوام دەبێت، واتە کێشەی ئەمەی کە دەبێت دەسەڵات لە سۆنگەی پارە یان لە سۆنگەی مافی هەر تاکێکەوە بۆ دەنگدان پێوانە بکرێت.

گۆڕانی بەردەوام شتێکی تازە نییە و لەبەر ئەم هۆیەش لەلای بزوتنەوەی بەرەو پێشچوون پێشوازی لێناکرێت. ئەوەی تازەیە بریتییە لە خێرایی گۆڕان و ئەو متمانە دوور دەستەی کە دەیهێنێتە کایەوە. بەجیهانیبوون دەرفەتی گەورە گەورە دەڕەخسێنێت، بەڵام کێشە و تەحەداگەلێکی ڕاستەقینە لەگەڵیاندا دەهێنێت.

لەبەر ئەم هۆکارە ئێمەی سۆسیال دیموکرات پێویستە بە بەردەوامی ئەو ڕێگایانە تاقیبکەینەوە کە بەهۆیانەوە ئومێدەوارین سیاسەتەکانمان پیادە بکەین. ئەو جیهانە پێکەوە گرێدراوەی تیایدا

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

دەژین تەحەدای نوێ دەخاتە بەردەم دەوڵەت–نەتەوە. تەحەداکانی دوێنێ بریتی بوون لە ڕزگاربوون لە کۆلۆنیالیزم، جەنگی سارد، کێبڕکێی چەك و ململانێی نێوان دەوڵەتە نەتەوەییەکان. شتێکی سروشتی بوو کە سەربەخۆیی دەوڵەتی نەتەوەیی هەر بە گرنگی مایەوە.

بەجیهانیبوون مانای ئەوەیە کە ئێمە چیدی ناتوانین تەنیا و تەنیا پشت ببەستین بە چارەسەرە نەتەوەییەکانی کێشەکان. دەبێت گەشەپێدان و ئاسایشی درێژخایەن بە هەماهەنگی بەدەست بهێنرێت. لە هەمان کاتدا دیموکراسی لە نەتەوەکان، شارەوانییەکان و هەرێمەکاندا وەکو بناغەیەکی بنەڕەتی دەمێنێتەوە بۆ کۆمەڵێکی باشتر و جیهانێکی باشتر. لە بری جێگۆڕکێپێکردن یان بنکۆڵکردنی دیموکراسی، پێویستە ئامانجی هەماهەنگی فراوانکردن و پتەوکردنی دیموکراسی بێت لە کۆمەڵگەکاندا و لە هەموو ئەو ئاستانەدا کە کەموکورتییان هەیە.

ژنان نیوەی دانیشتووانی جیهان پێکدەهێنن، بەڵام دەرفەتەکانیان بۆ دانانی کاریگەری، بەشداریکردن و سوود وەرگرتن لە گەشەسەندن لە زۆربەی وڵاتان هەر سنوورداره. هێشتا جیهان لەلایەن پیاوانەوە حوکم دەکرێت. یەکسانی نێوان ژنان و پیاوان کاریگەرییەکی لێبڕاوانەی هەیە لەسەر گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی کۆمەڵگەکان و یەکسانیش پێویستە هەمیشە



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

یەکێك بێت لە پێشمەرجە بنەڕەتییەکان لە کاتێکدا کە سۆراخی چارەسەرەکانی کێشە جیهانییەکانی وەکو هەژاری، بەفیڕۆچوونی ژینگەیی، ئاسایش و کۆچ دەکەین. پرەنسیپەکانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ جیهانیین و مەرجی بنەڕەتیین ئەگەر وەڵامە باوەکانی ئێمە بۆ کێشەکان قبوڵبکرێن و پیادە بکرێن. پێویستە ڕیسك(risk)ەکان و ئایندەی منداڵان لە هەموو بارودۆخێکدا لەبەرچاوبگیرێن و پێویستە پەیماننامەی پەیوەست بە منداڵان–ی UN بە شێوەیەکی ئاکام بەخش پیادە بکرێت.

ناکرێ دەسەڵات بەسەر گەشەسەندنی جیهانیدا بۆ کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان و گەڕانیان بۆ قازانج وەرگرتن لە سەرمایەگوزاری ماوە کورت جێبهێڵدرێت. نابێت ڕێگە بدرێت بەرژەوەندییەکانی ژمارەیەکی کەم کۆنترۆڵی ڕێسا و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان بکەن. پێویستە خەبات لە دژی گەندەڵی بەردەوام بێت.

بە جیهانیکردنی دیموکراسی و دیموکراتیزەکردنی بەجیهانیبوون لە ئامانجە سروشتییەکانی سۆسیال دیموکراتەکانە. کاتێك کە هێزەکانی بازاڕ کۆنترۆڵ بکرێن ئەو کاتە بەجیهانیبوون دەبێتە هێزێك دەتوانێت خزمەت بە هەموو کەسێك بکات. دەشێت تواناپێدانی مافەکانی سەندیکای کرێکاری جیهانی و یەکێتییە بازرگانییە ئازادەکان ببێتە پارسەنگێك لە دژی بەرژەوەندی سەرمایەداران. لە سەر ئاستی جیهانیدا پێویستە ئێمە ئیش بۆ وەرچەرخاندنی

دەسەڵات بکەین لە بازاڕەوە بۆ دامەزراوە سیاسییەکان ڕێکخراوی نێودەوڵەتی وەکو نەتەوە یەکگرتووەکان پێویستە زیاتر نوێنەرایەتی بکات تەنانەت بۆ ئەو وڵاتانەش کە سامانیان سنووردارە. پێویستە سۆسیال دیموکراتەکان ڕۆڵی پێشەنگ ببینن لە دۆزینەوەی چارەسەرە جیهانییەکان بۆ کێشە جیهانییەکان، تەنانەت ئەگەرچی وادیار بێت بەربەست لەم ڕێگەیەدا شیاوی لێ دەربازبوون نەبێ و ئەگەرچی لەلایەن تاکەکان و بەرژەوەندی سەرمایەدارە دەسەڵاتدارەکانەوە ڕووبەڕووی دژایەتی ببینەوە.

لەناو UNدا ئەجێندایەك بۆ جیهانێکی ئارامتر و ئاساییتر دارێژراوە. ئەمە بەرپرسیارێتی هەموو نەتەوەیەکە کە ئەم پابەندییە دەکار بکەن. سوید لە سۆنگەی سیاسەتی هاوئاهەنگییەوە بۆ گەشەی جیهانێکی عادیلانەی خۆگر مۆدێلێکە. لە گەلێك بەشی جیاجیای جیهاندا هەنوکە هاوکارییەکی بە دامەزراوەیبووتر و ئەرکناستر دەردەکەوێت کە دەتوانێت لەو بەشەی ئێمەی جیهاندا پشکداری بکات لە پشتگیریکردنی هێزە بڕیاردەرەکانی UN. یەکێتی ئەوروپا بووەتە ئامرازی سەرەکی لە پێکهێنانی بینینی گشتگیرانەی ئەو پرسیارانە کە هاوکاری لەودیو سنوورەکانەوە پێویست دەکەن.

کاری دروستکردنی جیهانێکی عادیلانە بەردەوام دەبێت. بزاڤی کاری سۆسیال دیموکراتی نێودەوڵەتی خۆی ئامادە کردووە کە



بەرپرسیارێتییەکانی بگرێتە ئەستۆی بە هەمان ئەو شێوازەی سەرەتا کە بزاڤەکەمان دەستی پێکرد و ئێمە دەتوانین ئیلهام لە داواکانی سەردەمێکی نوێ بۆ ڕامان، شێوازەکانی کارکردن و بڕیاردان وەربگرین.

مه کته بی بیر و هۆشیاری

## ٢- جیهانێکی بەجیهانیبوو

*(ئەمرۆکە دەرفەتێکی بێ هاوتا بۆ جیهانێکی ئارامتر و دەوڵەمەندتر بۆ هەمووان دەڕەخسێت ، ئەمانە سەرچاوەگەلێکن کە ئامرازە مۆدێرنەکانی بەرهەمهێنان دروستی کردوون. بەڵام دەرفەتەکان هەر بەشێوەی ناعادیلانە دابەشکراون. جیهانی ئەمڕۆ لەلایەن دابەشبوونی قووڵی نێوان دەسەڵات و خۆشگوزەرانییەوە نوێنەرایەتی دەکرێت چ لە نێوان خەڵکی و چ لە نێوان وڵاتاندا.)*

( بژاردەیەك لە پرۆگرامی حزب)

هەرگیز ئەوەندەی ئەمڕۆ خەڵکی لەگەڵ یەکتریدا بازرگانییان نەکردووە. هەرگیز ئەوەندەی ئەمڕۆ بە فراوانی گەشتمان ئەنجام نەداوە. هەرگیز ئەوەندەی ئەمڕۆ خەڵکی سنوورە نەتەوەییەکانیان بۆ پەیداکردنی کار یان بۆ وەرگرتنی مافی پەنابەرێتی نەبەزاندووە. هەرگیز ئەوەندەی ئەمڕۆ ئەو هەموو کارە پەیوەست نەبووە بەو ڕووداو و بڕیارانەی کە لە شوێنێکی تری جیهانەوە دەردەکەون.

لە وتوێژی بەجیهانیبووندا گەلێك وێنەی نێگەتیڤ بە ئاسانی دێنە بەرچاو. کاتێك کە بەهێزترین ڕەخنەگرانی بەجیهانیبوون تەنیا پێ لەسەر ئەو کێشانە دادەگرن کە بە دوای یەکانگیری ئابووری نێودەوڵەتیدا دێن، بەهێزترین پشتیوانان چاوی کوێریان دەبڕنە ئەو



مه کته بی بیر و هۆشیاری

کێشانەی کە ئەو کاتە سەر هەڵدەدەن کە ئابوورییەکان سنوورەکان دەبڕن لە کاتێکدا کە سیاسەت بە تایبەتمەندی نەتەوەیی دەمێنێتەوە. هیچ کام لەو ئاراستانە ڕاست ناکەن.

ئێمەی سۆسیال دیموکرات باوەڕمان بەو دەرفەتانە هەیە کە بەجیهانیبوون پێشکەشیان دەکات. بەجیهانیبوونی ئابووری دەیەکانی ڕابردوو خۆشگوزەرانی مەزنتری لێکەوتووەتەوە و لە کەمکردنەوەی هەژاری چەند سەد ملیۆن کەسێکدا پشکی هەبووە.

دوورییەکانی نێوان خەڵکی بەهۆی ڕابوونی بەجیهانیبوونەوە کەمبوونەتەوە، زانین و تێگەیشتن لە هەلومەرجەکانی ژیان لە بەشەکەی تری جیهان ڕووی لە باشی کردووە. ڕۆژ بە ڕۆژ داواکاری بۆ دیموکراسی، ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە سەرتاسەری جیهاندا بەهێزتر دەبێت. هیچ کاتێك ئەوەندەی ئەمڕۆ دەوڵەتانی دیموکراتی بوونیان نەبووە. ڕایەڵی نێوان دیموکراسی و گەشەی ئابووری بەهێزە.

خەڵکی لە سەرتاپای جیهاندا هەڵگری هەمان ئومێدن کە توانینی ژیانە لە کۆمەڵگەیەکی ئارام و لێپرسراوێتی کۆمەڵایەتی بنیاتنراوە لەسەر ڕێزگرتن لە بەها مرۆییەکان. لە ڕێگەی هەڵبژاردنی دیموکراتییانەوە لەنێوان حزبە سیاسییە ئازادەکاندا، هاووڵاتییان دەتوانن وا بکەن دەنگیان لەمەڕ کێشەی ریفۆرمی کۆمەڵایەتی و مافەکانی سەندیکای کرێکاری ئازاد ببیسترێت. پێشکەوتنەکانی

مەکتەبی بیروهۆشیاری

دیموکراسی واتە خەڵکێکی کەمتر لە دەرەنجامی قاتی دەمرن و جەنگێکی کەمتر لەنێوان دەوڵەتە نەتەوەییەکاندا ڕوو دەدەن. پێشێلکارییەکانی دژی مافەکانی یەکێتییە بازرگانییەکان، کرێیەکانی ئاستی هەژاری، کرێکارە بەندکراوەکان، کاری منداڵ و دابەزاندنی کرێ ڕووبەڕووی سەندیکای کرێکاری و خەباتی سیاسی بۆ ماف و ئازادییە دیموکراتییەکان دەبنەوە.

لە هەمان کاتدا بە جیهانیبوون سەرچاوەیەکی کێشە و نائەمنییە. داواکارییەکانی نەرم و نیانی وەرچەرخانی خێرا لە ئابوورییەکاندا نائارامی و حاڵەتی بێ دەسەڵاتی دەهێنێتەپێش. خەڵکی بە زەحمەت دەتوانن خۆیان بگرن– گەلێك لە ئێمە پێمان وایە کە ئێمە گەشەسەندن ئاراستە ناکەین بەڵکو بە دوایدا وێڵین. گونجاندن لەگەڵ ئابووری نوێدا حاڵەتێکی شڵەژان لەمەڕ ئایندە لە وڵاتانی دەوڵەمەند و هەروەها وڵاتانی هەژارتردا دەهێنێتە کایەوە. کێشەیەك هەیە کە ئیشی زیاتر و زیاتری کارگە بەرەو وڵاتانی کرێ کەم، جوڵە دەکەن و هیچ ئیشێکی نوێ شوێنیان ناگرێتەوە. وڵاتانی کرێ کەم لە دژی یەکتری وەستاون و ئەمەش ململانێ لەپێناو هەلومەرجی باشتردا سەخت دەکات.

لێرەوە دەکرێ بەجیهانیبوون بە باش و بە خراپ ببینرێت. لە کاتێکدا کە ئیشەکانی کارگە بەرەو بازاڕەکانی تر دەجوڵێن، کەرتە توندوتۆڵەکانی کار و بنیاتنراو لەسەر زانیاری نوێ خەڵکی زیاتر و



مەکتەبی بیروهۆشیاری

زیاتر دادەمەزرێنن. لە سوید ژمارەی دامەزرێنراوەکانی کەرتی کارگەکان لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا بۆ نیو ملیۆن دابەزیووە، بەڵام لە هەمان ماوەدا ژمارەی دامەزراوان لە کەرتی خزمەتگوزاریدا بۆ زیاتر لە ملیۆنێك زیادی کردووە.

لەگەڵ ئەوەشدا ئاشکرایە کە مەیلی سەرمایەداری نێودەوڵەتی بۆ قازانجی زۆرتر و خێراتر بایەخێکی کەم پیشان دەدات بەرانبەر لایەنە مرۆییەکەی شتەکان. خەڵکی وەکو پولەکانی دۆمینە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. ئەمرۆکە وڵاتان و کۆمپانیاکان کێبڕکێ لەگەڵ یەکتریدا دەکەن بۆ بەدەستهێنانی پەیوەندییە هەرە بەنرخەکان لە بواری بەرهەمهێناندا و بۆ ئەوەی ئەوەندەی دەتوانن خۆیانی پێوە گیر بکەن. ئێمەی سۆسیال دیموکرات ئەمە بە قبوڵنەکراو دادەنێین. کێبڕکێ بۆ سەرمایەگوزارییەکانی کۆمپانیا دەشێت لەسەر بنەمای ئاسایشی کەمتر لە بازاڕی کاردا، دابەزاندنی باج یان ستانداردی نزمتر بن لە ژینگەپارێزیدا. پشکی ناڕەسمی ئابووری کەرتێك لە وڵاتانی ڕوو لە گەشەدا ئەوپەڕی بریتییە لە گەشەکردن. هەلومەرجی کۆنترۆڵنەکراو یا ڕاستەوخۆ نایاسایی زۆرجار کەموکورتی پارێزگاری یاسایی بەدوادێت بۆ هەموو ئەو تاکەکەس و ئەو کۆمپانیانەی کە بە زۆری لە دیکۆرێکی ترسێنەردا بەکاردەبرێن چ وەکو کارمەند یان وەکو قۆنتەراتچی بچوك. لە حکومەتخستن و بەتایبەتکردن، کە ئەم بەکاربردنە پەرەپێدەدەن تەگەرەن لە بەردەم گەشەیەکی بێ زیاندا.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

مافـەکانی خاوەنـداریێتی هـەژاران و هـەروەها یاسـاکانی گرێبەسـت و یاساکانی کار دەرفەتگەلێك بۆ گەشەی ڕاستەقینە دەهێننە کایـەوە. مافی داچاندنی زەوی لەلایەن تاکەوە گرنگییەکی بنەڕەتی هەیە.

ئەنجامگیری ئێمـە ئـەوە نییـە کـە دەبێـت ڕێگـەبگرین لـە گـۆڕان، بەڵکو ئەوەیە کە پێویستە ئاراستەی پرۆسەی گـۆڕان بگـۆڕین. ئـەوە بەرژەوەندییەکانی سەرمایەدارانی نێودەوڵـەتی نـابن کـە خـەڵکی بـۆ لقێکی نوێی کار ئامادە دەکەن. ئەوەی کە لـە بـری ئەمـە پێویستە، بڕیـاردانێکی پایـەدار و هاوکـاری سیاسـی یـەکێتی بازرگانییـە بـۆ سەرکەوتن لە بەرانبەر پێشبڕکێی جیهانیدا.

یەکێك لە هەرە گرنگترین بیرۆکەکان لە بزاڤی سۆسیال دیموکراتدا ئەوەیـە کـە ئاسـایش بـۆ هاووڵاتییـان و سـەرمایەگوزاری لـە شارەزاییەکاندا مەرجێکن بۆ گەشەسەندنی باڵاتر. بە پێچەوانەی باڵی ڕاستەوە لە سوید و جیهانی نێودەوڵەتیدا ، ئێمـە باوەڕمـان وا نییـە کە نائاسایشی و ترسی لە دەستدانی کاری کەسێك پـشکدارییەك بـن لە گەشەپێداندا.

وێـڕای کێبڕکێـی نێودەوڵـەتیی تونـد، ئـەو کۆمەڵگایانـەی ئـاواتی بەرزیان هەیە بۆ یەکسانی و دابەشکردنی عادیلانەی سامان هاوشـانی سیـستمێکی خۆشـگوزەرانی گـشتی–کۆمـەڵگای وەکـو وڵاتـانی سـکەندەناڤی– هـەر بـە بـەهێزی دەمێننـەوە. ئـەو ئابوورییـە پێـشکەوتووانەی سـەرکردایەتی جیهـان دەکـەن لـە بەرهەمهێنانـدا



مەکتەبی بیروهۆشیاری

ئـاڵۆزن و پێویـستیان بـە پەیکـەرێکی کۆمەڵایـەتیی بـاش هەیـە. ڕێگەچارە بەکۆمەڵەکانی کێشەکانی خوێنـدن، تەندروسـتی، ژینگـەو ژێرخان زۆر جار هەرە کاریگەرترینن. کۆمپانیاکـان پـشت ئەسـتوورن بە ئاستێکی بـەرزی خوێنـدن، تۆژینـەوەی چۆنایەتی و هەلومـەرجی زیندووی باش بۆ سازدانی ستاف. ئەوان پشت دەبەسـتن بـە ئـامرازە مۆدێرنـەکانی پەیوەنـدیکردن و پێداویـستییەکان، خزمەتگوزارییـە کۆمەڵایەتییـــە جـــێ متمانـــەکان و دامـــەزراوە یاســـاییەکان. بەتایبـــەتکردنی دوورە دەســـت، دامەزرانـــدنی سیـــستەم، توانـــای داهێنـــان، گیرۆدەبـــوون و تێـــوەگلانی هـــەموو دەزگاکـــانی خزمـــەت بریتیین لە تایبەتمەندییەکانی بەرهەمهێنانی نرخـی بـاڵا و ئەمانـە لـە کۆمەڵگەیەکی کراوە، دیموکرات و یەکساندا پەرەیان پێدەدرێت.

ئێمەی سۆسیال دیموکرات دوو ستراتیژی هاوتەریبمان هەیە. ئێمە دەتوانین بە گیانی هاریکاری ئیش بکـەین بـۆ زامنکردنـی ئەمـەی کـە بـەجیهانیبوون خۆشـگوزەرانی بـە هـەموو پنتـەکانی جیهانـدا بـڵاو بکاتەوە و ئەمەی کە هەموو کەسێك بتوانێت لە کارەکەیدا هەست بـە دڵنیایی بکات.

لە هـەمان کاتـدا کارمەنـدە سـویدییەکان لێهاتوویـیەکی پلـە یـەك دەخەنـــەڕوو. بـــازاڕی کـــاری ســـویدی ئاســـایش و دەرفـــەت بـــۆ گەشەسەندن و بۆ تاکەکان دابین دەکات بە جۆرێك کە گۆڕان دەکاتە ئەگەرێکی شیاو.

## *دابەشــكردنی ســوودەكانی بــە جیهانیبوون بــە شــێوەیەكی دادپەروەرانە*

بەجیهانیبوونی فراوانبووی ئەم چەند دەیەی دوایی نزیكـەی لـە هەموو شـوێنێك پـشكی لـە زیـادكردنی خۆشـگوزەرانی و تێكڕایـەكی بەرزتری داهاتدا هەبووە. ئەگـەر ئـابووری جیهـان بـەردەوام بێـت لـە گەشـەكردن بـە هـەمان هـەنگاوی ئێـستای– و دابەشـكردنی سـامان دادپەروەرانە بێـت– ئـەوا ئەگـەری ئـەوە دەبێـت كـە ئـەو ئامانجـەی لەلایەن حكومەتەكانی جیهانەوە دانراوە بۆ بـە نیـوەكردنی هـەژاری تاوەكو ساڵی ٢٠١٥ بێتەدی.

ئەمڕۆكە هێشتا، نزیكەی نیوەی دانیشتووانی جیهان بە داهـاتێكی كەمتر لە دوو دۆلار لە رۆژێكدا دەژین. زۆرینەیان ژنـن. زیـاتر لـە نیـو بلیۆن كەس لە رۆژێكدا كەمتر لە دۆلارێك بەدەستدەهێنن.

نادادپەروەری زۆر شێوەی هەیە. وا دەخەملێنرێت كەسێك كـە لـە جیهانی پیشەسازیدا دەژیت ٣٠ ساڵ زیاتر لە كەسـێكی وڵاتـە كـەمتر گەشەسـەندووەكانی جیهـان بـژیت. لـە پێـنج منـداڵی وڵاتـە روو لـە گەشـەكان، یـەكێكیان ناچـێتە قوتابخانـە، ئـەم ڕێژەیـە بـۆ جیهـانی دەوڵەمەنـد تـەنیا لـە سـەدا دووە. گەشەسـەندنەكان لـە وڵاتـە هەژارترەكانـدا یـەك شـێوە نـین. سـەركەوتن و كەساسـی هاوشـانی یەكترین. هەژاری لە هەموو شوێنێكە و تەنانەت كار لە ژیانی ئێمـەش دەكات لە وڵاتانی دەوڵەمەندتر دا.



جیهانێك بە ٢٤٦ ملیۆن منداڵی ئیشكەرەوە، كە ١٨٠ ملیۆنیان لـە خـراپترین هەلومەرجـدا دەژیـن، جیهـانێكی مرۆیـی نییـە. كاتێـك كـە كرێكاران لە كارگەكاندا بەند كران لە بە نـاو ناوچـە سەربەسـتەكانی بازرگانی ( free zones)، كەواتە بەهای یەكـسانی هـەموو كەسـێك لە كرداردا ڕێزی لێنەنراوە.

### *شەڕكردن لە دژی خراپكردنی هەلومەرجەكانی كاركردن*

هاوشـــانی بزووتنەوەیـــەكی كـــاری نێودەوڵـــەتی بـــەهێز و ئـــەو ڕاستییەی كە كۆمەڵگەكان لەیەكتری نـزیكتر دەكەونـەوە، خـەڵكێكی زیاتر و زیاتر داوای خۆشگوزەرانی باشتر ، ئاسایشی زۆرتر لە بازاڕی كـاردا، مافـەكانی مـرۆڤ و دیموكراسـی، بەشـداری دەكـەن. ئەمـە بـە هەمان ئەو ئاڕاستەیەدا دەڕوات كـە ئـەو كاتـە ڕۆیـشت كـە كرێكـاران دەستیان كرد بە خۆڕێكخستن و داواكانیان خستـەڕوو لە رۆژانی زووی پیشەسازیبووندا.

سۆسیال دیموكراتەكان هەرگیز ئەوە قبوڵ ناكەن كە ئامرازەكـانی كرێـی نـزمتر ، هەلومـەرجی هـەژارتری كـار، بـەكاربردنی ژینگـە، خۆشگوزەرانی نزمتر و بەهێز بـوونی كێبڕكێكارانـەیان هێنابێتەكایـە. ئێمـە ئـیش بـۆ ئـەوە دەكـەین كـە وڵاتـانی زیـاتر خـەبات بكـەن بـە ئاراستەی باشترین هەلومەرج هاوشانی دەرفەتەكانی گەشـەكردن و دابەشكردنی دادپەروەرانەی سامان.

مەكتەبی بیروهۆشیاری

سـەرەڕای ئەمانـەش، دەشـێت یـەكانگیری ئـابووری ببێتـەهۆی لەیـەكتر نزیكتربوونـەوەی كرێ و نرخـەكان لەجیهانێكدا كـە تیایـدا جموجۆڵی كاڵاكان، خزمەتگوزاری، سەرمایە و خەڵك سەربەستە. ئەم گۆڕانكارییـە بـۆ هـەموو وڵاتـان بـەبێ جیـاوازی، هـەڵگری پـشێوییە. دەكــرێ پێــشكەوتن لــە ڕێگــەی كــەڵك وەرگــرتن لــە خــەڵك و چاودێریكردنی ژینگە بەدی بهێنرێت. هیوا خوازی ئەوە نین كە كاڵای هـەرزانتری بەكاربـەران ببیـنین كـە بـە نرخـی هەلومـەرجی خراپـی كـاركردن و كرێـی مـەمرە و مـەژی لـە بەشـەكانی تـری جیهانـدا بێتـەكرین. گەشەسـەندن بـەبێ مافـەكانی مـرۆڤ ، بـە دابەشـبوونە كۆمەڵایەتییە بەرچاوەكان و ژینگەیـەكی هـەژارتر ئێمـە دەوڵەمەنـدتر ناكات. بەپێچەوانەوە، تەنیا گەشەیەكی كۆمەڵایەتی و ژینگـەیی بـێ زیـان سـوودمان پێدەگەیـەنێت. تـەنیا بـەم ڕێگەیـە ئێمـە دەتـوانین باشـبوونێكمان هــەبێت لــە ئاســایش و چــۆنایەتی ژیــان بــە بــێ لەبەرچاوگرتنی ئەمەی كە لە كوێ دەژین.

### ***گەشەسەندنێكی جیهانی بێ زیان***

نـاتوانرێ هـەژاری تـەنیا لـە ڕووی داهـاتی هـەر تاكەكەسـێكەوە پێوانە بكرێت. گەشەی جیهانی و هەژاری كەمبووەوە تەنیا ئەو كاتـە نایەنــە كایــەوە كــە خــەڵكی ئــەو نانــەی ڕۆژانــەیان هــەبێت كــە پێویستیانە بەڵكو لەو ڕاستییەوە دێنـە كایـەوە كـە هـەموو كەسـێك



مەكتەبی بیروهۆشیاری

دەرفـەتی ئـەوەی هـەبێت زۆرتـرین سەرچـاوەی لـە كۆمەڵگەیـەكی دیموكراتیكـدا لەبەردەسـتدا بێـت كـە تیایـدا هـەموو كەسـێك لـە چاودێرییەكی تەندروستی بـاش، خوێنـدن و كـار سەرپـشكە. كـەمی كاریگــەری، تەندروســتییەكی هــەژار و نەخوێنــدەواری بەڵگــەی هەژارییە. لەناو هەژاراندا ژنان و منداڵان كەمترین كاریگەرییان بەسەر كۆمەڵگەكەیان و ژیانیانەوە هەیە.

ئامــانجی ئــەم هەزارەیــەی UN پێویــستی بــە كــردار هەیــە. پێویـستمان بەوەیـە كـە لـە هـەموو ئاسـتەكاندا كـردار ببیـنین، لـە شارەوانییەكان، هەرێمەكان، حكومـەت و دامـەزراوە فرەلایەنەكانـدا. بـە چاوپۆشـیكردن لـەوەی كـە داخـۆ وڵاتـان لـە ئاسـتی سیاسـەتی كێڵگە، تەندروستی گشتی یان ئاسایشی نەتەوەییدا هاریكاری یـەكتر دەكەن یان نا، ئەوە گەشەسـەندنێكی بـێ زیانـە( sustainable)ە كە پێویستە ئامانجی كۆتایی هاریكاری بێت.

دەشـێت گەشـەیەكی جیهـانی بـێ زیـان بـە ڕێگـەی غـەیری بازرگانیی ئازاد، چاوپۆشیكردن لـە قـەرز و كۆمـەك بەدەسـتبهێنرێ. پێویـستە گـەلێك فاكتـەر بخرێنـەپاڵ یەكترییـەوە ئەگـەر بمانـەوێت خۆشـگوزەرانی زیـادە و كەمبوونـەوەی هـەژاری ببیـنین. پێویـستە سیاسـەتێكی سـەراپاگیرانەتر لـە وڵاتـان و هـەروەها لـە دامـەزراوە نێودەوڵەتییەكانـدا بگیرێتەبـەر. نابێـت ئـەوەشمان بیربـچێت كـە

مەکتەبی بیروهۆشیاری

پێویستە جەخت بکەینەوە لەوەی کە کردارە هاوبەشەکانی یەکێتی ئەوروپا هاوئاهەنگن کاتێك کە ڕووبەرەکانی سیاسەت جیاوازن.

*تەندروستی و خوێندن– مافەکانی مرۆڤ و بنەمای گەشەسەندن*

سالانە نزیکەی شەش ملیۆن کەس لە ئەنجامی تووشبوون بە نەخۆشییەکانی ئایدز HIV/AIDS، سیل و مەلاریا دەمرن، هەموو ئەمانەش ئەو نەخۆشیانەن کە دەکرێ ڕێگەیان لێبگیرێت یان نەخۆشەکان چاك بکرێنەوە. نزیکەی سێ ملیۆن منداڵ کە لە هەر ساڵێکدا دەمرن، دەکرێ لە ڕێگەی کوتان ڕزگار بکرێن.

پێشمەرجێکی گرنگی ستراتیژێك بۆ گەشەسەندنێکی جیهانی بێ زیان کە ببێتە واقیع بریتییە لە کرداری سیاسی لە ئاستە لۆکالی و هەرێماتییەکان لە هەر وڵاتێکدا. جیهانییانە بیر بکەرەوە و لۆکاڵییانە ئیش بکە تەحەدایەکی بە مانایە بۆ گەلانی جیهان و پێویستی بە کرداری سیاسی هەیە لە شارەوانییەکان و هەرێمەکاندا ئەگەر نیازمان بێت ئامانجی جیهانی بەدەستبهێنین و هاووڵاتییان بۆ ئەم ئامانجانە ساز بدەین.

نەخۆشی، خەونەکانی خەڵکی بۆ ئایندەیەکی باشتر دەدزێت. پەیوەندی نێوان هەژاری و نەخۆشی لە جیهاندا ئەڵقەیەکی ئەهریمەنانە پێکدەهێنێت.

هەژاری مەترسی نەخۆشی زیاد دەکات و نەخۆشی، مەترسی ئەوە لە خۆدەگرێت کە خەڵك و کۆمەڵگەکان هەژار ببن. تێکچوونی



مەکتەبی بیروهۆشیاری

تەندروستی یەکێکە لە تەگەرە هەرە گەورەکان و هەڕەشەکانی بەردەم گەشەسەندن و خۆشگوزەرانی.

مرۆڤایەتی لێپرسراوێتییەکی هاوبەشی هەیە بۆ کارکردن لە دژی نەخۆش کەوتن. هەبوونی سیستەمی تەندروستی یەکێکە لە بەرپرسیارێتییە سەرەتاییەکانی حکومەتە نەتەوەییەکان. ململانێ لە دژی نەخۆشی پەتا لە وڵاتانی هەژاردا پێویستی بەو سەرچاوە پێویستانە هەیە کە لەڕێگەی کۆمەك بەخشین یا هەوڵی نێودەوڵەتییەوە دەسەنرێن. پێویستە شارەزاییە پزیشکییەکان، توانای دابینکردنی چاودێری و دەرمان شیاوی دەستپێگەیشتنی هەمووان بن بە بێ لەبەرچاوگرتنی داهات. ناکرێت مافە تایبەتکراوەکان و بەرژەوەندییەکانی قازانجی تاکەکەس ڕێگەیان پێبدرێت ببنە بەربەست لە بەردەم ئەم ئامانجەدا، بەتایبەت لە کاتێکدا کە پێشکەوتنی پزیشکی بە زۆری لەلایەن کۆمەکی گشتییەوە پارەی بۆ تەرخان دەکرێت.

ئەمڕۆکە ملیۆنان منداڵ بەهۆی نەخۆشی مەلاریا و سورێژەوە یاخود بەهۆی نەخۆشی پەیوەندیدار بە کەمخۆراکییەوە دەمرن. ململانێ لە دژی ئەم کێشانە نەخۆشییەکانی لە جیهانی دەوڵەمەند دا ڕامالی و پێویستە ئەمڕۆکە ئەم هەوڵە هێزی پێبدرێت.

ئەمڕۆکە کەمی ئاوی پاك هۆکاری زۆرترین ڕێژەی نەخۆشکەوتنە. هەنوکە ململانێ لە پێناو ئاو دا کێشەیەکی نائارامی نێوان وڵاتانەو

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

مەترسی ململانێکانی ئایندە دەگرێتەخۆ. مافی هەبوونی ئاوی پاکیش لەلایەن ئەو هێزانەوە داوادەکرێت کە دەیانەوێت بەتایبەتکردنی سامانی ئاو ببینن. ئێمەی سۆسیال دیموکرات شەڕ دەکەین بۆ زامنکردنی مافی ئاوی پاك بۆ هەموو کەسێك.

یەکێك لە تەگەرە هەرە گەورەکانی بەردەم گەشەسەندن بریتییە لە بڵاوبوونەوەی ئایدز. زیاتر لە ٦٠ ملیۆن کەس لە جیهاندا تووش بوون و زیادبوونی هەرە خێرا بەشێوەی سەراپاگیر لە ئەورووپای خۆرهەڵات و ئاسیادا ڕوودەدات. لە ئەفریقای باشوور ئایدز لە سۆنگەی گەشەسەندنەوە کێشەی گەورەی دروست کردووە. هەر بۆنموونە، بەهۆی ئایدزەوە خەڵکی لە بۆتسوانا دە ساڵیان لە تەمەن کەمبووە بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی نێوان ١٩٦٠ و ١٩٩٠.

ئایدز پەیوەندی هەیە بە یەکسانی لەنێوان ژنان و پیاواندا. تەندروستی زایەندی و مافە مرۆییە پەیوەندیدارەکانی مافی مرۆیین و پێویستە بۆ هەمووان مسۆگەر بکرێن. مافەکانی ژنان پەیوەست بە جەستەی خۆیانەوە مافەکانی مرۆڤە، بەڵام لە هەمان کاتدا فاکتەرێکی هەرە گرنگی بەرگرتنن لە بڵاوبوونەوەی ئایدز.

لە زۆر وڵاتدا هیچ زانیارییەك نییە لەبارەی هیچ ئامرازێکی پارێزگاری لە دژی ئەو نەخۆشییانەی لە ڕێگەی سێکسەوە دەگوازرێنەوە و ئەو سکپڕبوونانەی ناویسترێن. پێویستە کۆمەڵی نێودەوڵەتی، لە ڕێگەی دەوڵەتەکانەوە، ئەو سەرچاوانە فەراهەم



بکات کە پێویستن لەم جۆرە کارەدا. ئەمڕۆکە کۆمەڵگە دینییەکان زۆرجار کاریگەرییەکی بەهێزیان هەیە لە سەر ئەمەی کە چۆن وڵاتە هەژارەکان پێشینەیی دەبەخشنە سەرچاوە تەندروستییەکانیان و ئەمەش کێشەی سیاسی شێلگیرانەی لێکەوتووەتەوە لەسەر مافەکانی ژنان، یەکسانی نێوان ڕەگەزەکان و زایەندی پێگەیەکی نزمیان پێدەدرێت. ئێمە ناتوانین ئەمە قبوڵ بکەین.

خوێندن مەسەلەیەکی بنەڕەتییە لە بەهێزکردنی تاك بۆ کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکەی خۆی. گرنگی ئەمە هاوشانی گەشەسەندنی ئابووری بنیاتنراو لەسەر زانین پەرەدەسێنێت. پێویستە مندااڵن و گەنجان هەمان پێگەی گرنگیان پێبدرێت لە کۆمەڵگەدا بۆ ئەوەی تەنیا بە سامانی ئایندە نەژمێردرێن، ئەوان پێویستە لە ئێستا دا بە گرنگ ببینرێن. هەموو کەسێك مافی خوێندنی سەرەتایی هەیە و پێویستە جیاکارییە پەروەردەییەکانی پەیوەست بە ڕەگەز بەلاوەنرێن. تەقەلاکانی باشکردنی خوێندنی کچان باشترین فۆرمی سەرمایەگوزارییین بۆ گەلێك کۆمەڵگە.

خوێندن بۆ پێگەیشتووان لەپێناو بەدیهێنانی گۆڕانە بەردەوامەکان لە کۆمەڵگەدا و لە ژیانی پراکتیکیدا پێویستە. ئەنجامە پۆزەتیڤەکانی سوید دەریدەخەن کە خوێندنی پێگەیشتووان زۆر گرنگە لە تواناپێدانی وڵاتان بۆ ئامادەکردنی

زۆربەی خەڵکی. پێویستە نەخوێندەوارانیش دەرفەتی نوێیان پێبدرێت.

دەبێت پێداویستییە بنچینەییەکان بۆ هەردوو تاکەکەس و کۆمەڵگەکان، بۆ نموونە چاودێری تەندروستی و خوێندن لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بەشێك بن لە بەرپرسیارێتی گشتی. نابێت دەستپێگەیشتن سنووردار بکرێت بە ئامرازە نێودەوڵەتییەکانی بازرگانی یان ئەقڵانییەتێکی بازاڕ کە دەرەتانی ڕەها دەداتە دەسەڵاتی کڕیار.

### ***بازرگانییەکی ئازاد، دادپەروەرانە و بێ زیان***

وێڕای ئەو ڕاستییەی کە بازرگانی لە کاڵا و خزمەتگوزارییەکاندا لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا بەشێوەیەکی سەرسوڕهێن پەرەیسەندووە، بەرهەمهێنانی جیهانی، خۆشگوزەرانی لە هەموو شوێنێکی جیهاندا زیاد نەکردووە. پەیوەندییەکی ئاشکرا هەیە لەنێوان تەگەرە بچوکترەکانی بەردەم بازرگانی و بازرگانی پەرەگرتوودا. هەرچۆنێك بێت هێشتا نەتەوە دەوڵەمەندەکانن کە بازرگانی لەگەڵ یەکتریدا دەکەن. تا ئەو کاتەی کە نەتەوە دەوڵەمەندترەکان خۆیان بە پەرژینی بازرگانی دەپارێزن بازرگانیی ئازاد وەکو خەونێکی یۆتۆپی دەمێنێتەوە. هەروەها خۆشگوزەرانی



پەرەگرتووش بە شێوەی نا ڕێك لەنێوان بەشە جیاجیاکانی جیهاندا دابەش دەکرێت.

سویدیش وەکو گەلێك نەتەوەی پیشەسازی تر خۆشگوزەرانی خۆی لە سەر پیشەسازییەکی هەناردەی بەهێز دابەش کردووە. بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ ئەو سەرکەوتنە هەناردەییانە لە سەر تەگەرە ناعادیلانەکەی بەردەم بازرگانی بنیاتنرابوون، کەرەستەی خاوی هەرزان لە وڵاتانی هەژارەوە دەگوێزران بۆ بەرهەمی بەنرخی وەها کە پاشان بە پیشەسازییەکانی هەناردە بە نرخی بەرز دەفرۆشرانەوە. تەرکیزی تاکرەهەندانەی سەر قازانجەکانی هەناردە لە وڵاتانی دەوڵەمەند دا لە مەودایەکی بەرفراواندا لە سەر حسابی وڵاتە هەژارترەکان تەواو دەبوو.

وڵاتێك کە بەهۆی بەجیهانیبوونەوە خۆشگوزەرانی خۆی لەسەر ژمارەیەکی بچوکی سەرکەوتنە هەناردەییەکان بنیات دەنێت ڕێك وەکو ئەو وڵاتە لاوازە کە پشت بە کەرەستە خاوەکانی خۆی دەبەستێت. ئاڵوگۆڕی دوو لایەنە باشتر سوود بە گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەگەیەنێت. بەرهەمهێنان و خۆشگوزەرانی تەنیا لە ڕێگەی بازرگانییەوە دروست نابن. بە هەمان شێوە سیاسەتی دابەشکردنەوە، خوێندن، باشکردن لە بواری ژێرخان، کۆمیونیکاسیۆن و گەشەسەندنە تەکنیکییەکانیش گرنگن.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

هێزگەلێك هەن کە هانی بازرگانییەکی کۆنترۆڵنەکراو و بێ جڵەو دەدەن. هەروەها هێزگەلێك هەن کە گەشەسەندن دەگێڕنەوە بۆ سەردەمی سیاسەتی پارێزگاریکردن لە بەرهەمە ناوخۆییەکان و ناسیۆنالیزم. لیبراڵەکانی بازاڕ لە سەرتاسەری جیهاندا دەیانەوێت بازرگانی ئازادی زیاتر هەبێت، بەڵام دژی مافەکانی یەکێتی کۆمەڵایەتی و بازرگانیین. ئەو پەڕی ڕاست و چەپ یەکگرتوون، وێڕای ئەنگێزە جیاوازەکانیان، جارێکی تر بۆ ئەودیو سنوورە نەتەوەییەکان پاشەکشێ دەکەن.

ئەرکی سۆسیال دیموکراتەکانە کە ئەلتەرناتیڤێك بۆ زیادەڕەوییەکانی وەکو سەرمایەداری بێ جڵەو و سنوورە داخراوەکان پێشکەش بکەن. ئێمەی سۆسیال دیموکرات دەڵێین بەڵێ بۆ بازرگانی ئازاد، بەڵام بە مەرجێك زیان نەگەیەنێت. ئێمە دەڵێین بەڵێ بۆ فۆرمە تازەکانی بەرهەمهێنان، بەڵام بەبێ ئەوەی لە زیانی کەسێك یان لایەنێك تەواو بێت.

بە ئاقاری پەرەسەندنی بازرگانی، ئێمە گۆڕانێکمان لە ڕێساکانی بازرگانیدا بینیووە. لە چەند دەیەی ڕابردوودا تەگەرەکانی بەردەم بازرگانی بەشێوەیەکی بەرچاو کەمبوونەتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا زیانیان لەو بەرهەمهێنەرانە داوە کە لە پشتگیری دەوڵەتێکی بەهێز بێبەریین. لەم بوارەدا، ئێمە کیشوەری ئەفریقا و چەند بەشێکی



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

ئەمریکای لاتینمان هەیە کە لە دەرەوەی شەپۆلە پۆزەتیڤەکانی بازرگانیدا دەمێننەوە. لە ئاسیادا گەشەسەندن جیاواز بووە.

گەشەی ئابووری بە تایبەت لە چین، کە پڕ دانیشتووانترین وڵاتە، زیاتر لە چەند دەیەیەك تەواو لە ئاستێکی باڵادا بووە و ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی کە ملیۆنان کەس هێڵی هەژاری ببڕن. چین یەکێکە لە ئابوورییە هەرە گەورەکانی جیهان، بەڵام هێشتا ملیۆنان هەژاری هەیە. ئەم گەشە ئابوورییە خێرایە لەهەمان کاتدا بێکاری هێناوەتەکایەوە. وڵاتەکە سیستەمێکی کارای ئاسایشی کۆمەڵایەتی نییە. هاوشانی ئاستی باڵای گەشەسەندن و کرانەوە بە ڕووی بەشەکانی تری جیهاندا، داواکارییە ڕەواکانی ئازادی سیاسی دێن، شتێك کە حکومەتی چینی تاوەکو ئێستا بە سەرکوتکردن وەڵامی داونەتەوە. نەبوونی دیموکراسی لە چین یاریدەدەری پەیوەندییەکی ناتەندروستە لەنێوان کار و سەرمایەدا. قەدەغەکردنی سەندیکا کرێکارییەکان پێشێلکردنی مافەکانی ئازادی ڕێکخراوەییە، پێچڕانێکە لە ڕەوگەی گەشەسەندن و ڕێخۆشکردنە بۆ دەرپەڕاندنی خەڵك بۆ وڵاتە ڕوو لە گەشەکانی تر.

بازرگانی ئازاد واتە ئێمە توانای ئەوەمان هەیە خۆشگوزەرانی زیادە لە هەموو بەشەکانی جیهاندا بهێنینەکایەوە. نابێت ڕێگە بدرێت کە بەرژەوەندییەکانی سەرمایە گەشەسەندنی نەتەوەکانی تر

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

تێکبدەن یاخود ناوچەیەکی بازرگانی ئازاد بەبێ کۆنترڵی دیموکراتی و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی بهێننەکایەوە.

ناتوانرێت بازرگانی ئازاد لە ماوەی شەو و ڕۆژێکدا ئاشنا بکرێت. پێویستە ئەو وڵاتانەی کە داخراو بوون یاخود ئامرازی سنووورداری بەرهەمهێنانیان هەبووە کاتیان پێبدرێت بۆ خۆئامادەکردن بۆ تەگەرە بازرگانییە کەمبووەوەکان. ئەو وڵاتە هەژار و داخراوەی کە دەکەوێتە ڕێڕەوی بازرگانی ئازاد و کاپیتاڵیزمی کۆنترۆڵنەکراو، بە دەگمەن دەتوانێت ئامرازە بێ زیانەکانی بەرهەمهێنان بنیات بنێت. ئەگەر گواستنەوەکە زۆر خێرا بێت، دەشێت نرخ، لە شێوەی دابەشبوونە کۆمەڵایەتییە بەرچاوەکان دەربکەوێت، پێداویستییە ناتەندروستەکانی بەرهەمهێنانی خۆراک و بێکاری لە ئاستی بەرزدا بن. بەرزکردنەوەی باجەکانیش لە ڕێگای ترەوە نەك لە ڕێگەی هاوردەوە گرنگە ئەگەر نیازمان بێت تەگەرەکانی بەردەم بازرگانی بەشێوەیەکی سیستەماتیك کەم بکەینەوە.

### ***هەڵوەشاندنەوەی کۆمەکە داراییەکانی کێڵگە***

خستنەڕووی داواکاری بۆ سیاسەتێکی بازرگانی بۆ نەتەوە ڕوو لە گەشەکان و توندکردنی ململانێ لە پێناو هەلومەرجی کارکردنی شایستە بەس نییە. نابێت جیهانی بە پیشەسازییبوو خراپ کەڵك لە نەتەوە ڕوو لەگەشەکان وەربگرێت لە ڕێگای گومرگکردنی هاوردە و دابینکردنی کۆمەك بۆ هەناردەی پیشەسازییەکانی خۆیان و



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

کشتوکاڵ. نەتەوە ڕوو لەگەشەکانساڵانە بڕی ٧٠٠ بلیۆن دۆلار لەدەست دەدەن– ڕێك دووقاتی تێکڕای نرخی بەرهەم لە سوید– ئەمەش بە هۆی تەگەرە بازرگانییەکانەوە. ئەوە بەتایبەت گرنگە ئەوەیە کە کۆمەکە داراییەکانی بەرهەمهێنانی توتن و ئەلکهول لە هەڵوەشاندنەوەدان.

کشتوکاڵ کەرتی هەرە گرنگە لە ئابوورییە ڕوو لە گەشەکاندا . هەر لەبەر ئەوە زۆر گرنگە کە سیاسەتەکانی کشتوکاڵی ئەورووپا و ئەمریکای باکوور چاك بکرێن. دەستپێشخەری ئەورووپا لە هەڵوەشاندنەوەی تەگەرە بازرگانییەکانی بەردەم وڵاتە کەمتر گەشەسەندووەکان هەنگاوێکی ڕاستە.

هەموو ساڵێك یەکێتی ئەورووپا نزیکەی نیوەی بودجەکەی لە بەخششە داراییە ڕاستەوخۆکانی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی خەرج دەکات ، کە زیاترە لە بودجەی گشتی یارمەتیدانی جیهانی. لەبری ئەمە پێویستە ئەم سامانانە بەکاربهێنرێن بۆ گەشەپێدانی خۆشگوزەرانی ، باشکردنی ژینگە، گەشەپێدانی لادێ و بەهێزکردنی کێبڕکێکاری ئەورووپا.

کاتێك کشتوکاڵ لە وڵاتە ڕوو لەگەشەکاندا باش دەبێت، دەشێت خەڵکێکی زۆرتر خۆشگوزەرانییان باش بکەن و ئابوورییەکانیان هەمەجۆر بکەن. پێشمەرجێکی بنەڕەتی گەشەسەندن بریتییە لەوەی کە خێزانەکان و هەرەوەزییەکان خاوەنی ئەو زەوییە بن کە

مەکتەبی بیروهۆشیاری

دەیکێڵن. زیاتر لەو حاڵەتەی کە تیایدا کشتوکاڵی دەرەبەگی و کۆلۆنیالی باڵادەستن، کێڵگە خێزانییەکان ڕێژەیەکی بەرزتری گەشە فەراهەم دەکەن و دابەشکردنەوەی بێ کەڵك کەمدەکەنەوە. هەردوو زیانە خۆجێییەکان و هەڵڕشتنی کەرەستەی خۆراکی وڵاتانی بیانی زیان بە زۆرینەی خەڵکی هەژاری جیهان دەگەیەنێت کە بۆ ژیان پشت بە کشتوکاڵ دەبەستن. ئەم بارودۆخە شیاوی قبوڵکردن نییە.

ئەو کاتە داهاتی باشتر لە لادێداکاندا دەبێت کە کە کار بە شێوازی ئەقڵانییتر بەکاربهێنرێت و دەرفەتەکانی پیشەسازی بۆ کێبڕکێ لە سەر بنەمای کرێی خراپ و هەلومەرجی کاری خراپ کەمبکرێنەوە. بازرگانی ئازادی ڕاستەقینە لە بەرهەمە کشتوکاڵییەکاندا ئاسایشێکی زیاتر و داهاتی باشتر دابین دەکات بۆ هەردوو جوتیاران لە وڵاتە ڕوو لە گەشەکاندا و هەروەها بۆ کرێکارانی پیشەسازی لە وڵاتە دەوڵەمەندەکاندا.

### ***مافەکانی ژیانی کارکردن لە جیهاندا بە گشتی***

پێویستە مافە مرۆییە بنچینەییەکان لەژیانی کارکردندا لە هەموو شوێنێك بەهێز بکرێن و ڕێزیان لێبنرێت. پێویستە ئازادی ڕێکخراوەیی و ئازادی ئەنجامدانی ڕێککەوتننامە زامن بکرێت و کاری کۆیلایەتی، کاری منداڵان و جیاکاری ڕەگەزی، لەوانە جیاکاری لە موچەی ژنان و پیاواندا نەهێڵرێت. شیاوی قبوڵکردن نییە کە ٧٣



مەکتەبی بیروهۆشیاری

ملیۆن منداڵ لە ژێر تەمەنی ١٠ ساڵییەوە ئیش دەکەن و ٢٢٠٠٠ منداڵ لە ئەنجامی ڕووداوی ئیشکردن گیان لە دەست دەدەن. پێویستە ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی (ILO) دەسەڵاتی زیاتری پێبدرێت و وڵاتانێکی زیاتر ڕازی بکرێن کە پەیماننامەکانی ئەو ڕێکخراوە واژۆ بکەن.

سوید و سەندیکای کرێکاری سویدی و نێودەوڵەتی ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینن وەکو هێزێك بۆ گۆڕان لە کۆمەڵگەدا و وەکو سەرچاوەیەك بۆ گەشەسەندنی ئابووری نێودەوڵەتی. یەکێتییە بازرگانییە ئازاد و دیموکراتییەکان مافەکانی کرێکاران و هەلومەرجەکانی دامەزراندنیان دەپارێزن و بەشداریدەکەن لە دادپەروەرییەکی کۆمەڵایەتیی زیاتر. بەبێ سەندیکا کرێکارییەکانو بزاڤە سیاسییە پێشکەوتنخوازەکان کە لەودیو سنوورەکانەوە هاریکاری یەکتر دەکەن، کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان بە ئاسانی دەتوانن پیشەسازییەکان و وڵاتان ڕووبەڕووی یەکتر بکەنەوە. کۆمپانیاکان لەودیو سنوورەکانەوە کار دەکەن. پێویستە سەندیکا کرێکارییەکان و سیاسەتیش ئەم هەنگاوە بنێن. لەبەر ئەم هۆکارە پێویستە کرێکارانی سەرتاسەری جیهان مافی هەنگاونانی هاوسۆزی نێودەوڵەتییان بۆ مسۆگەر بکرێت.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

دەرکەوتنی یاسای کاری ئەورووپی و نێودەوڵەتی و ڕێککەوتننامەی سەندیکای کرێکاری نێودەوڵەتیی بەهێزتر لە هەر دوو لایەنی گەشەسەندنی ئابووری و دادپەروەرییەوە مژدەبەخشە.

سۆسیال دیموکراتەکان و بزاڤی سەندیکای کرێکاری دەتوانن و پێویستە لەودیو سنوورەکانەوە هاریکاری یەکتری بکەن. داواکارین مافە مرۆییە بنچینەییەکان لە ژیانی کارکردندا لە ڕێککەوتننامە بازرگانییە نێودەوڵەتییەکاندا هەبن. پێویستە سوید لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی وەکو سندوقی دراوی نێودەوڵەتی (IMF) و بانکی جیهانی (World Bank)دا، لە ڕێگای پەیوەندیکردنە دوو لایەنەکان و بە ڕێساکانی بەدەستهێنان لە هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگا، جیهان و نەتەوەدا بەرگری لە مافی کارمەندەکان بکات. لەبەر ئەوە پێویستە سوید پەیماننامەی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی ٩٤ بۆ بەدەستهێنانی گشتی واژۆ بکات. پێویستە ئێمە بیر و ڕا لەبارەی ئەو هەلومەرجە خراپەی کاکردنەوە بوروژێنین کە لە جیهاندا لە ئارادایە.

پێویستە بزاڤی کار بۆ هێزپێدانی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە کاری ڕێکخراوە فرە لایەنەکاندا ئیش بکات. پێویستە گروپە نێودەوڵەتییەکانی وەکو (UN) و (who ) دەسەڵاتی زیاتریان پێبدرێت بۆ ئەوەی داواکاری ڕوونتر بخەنەڕوو لەمەڕ ئەوەی کە چۆن بازرگانی لەنێوان وڵاتاندا ڕێکبخرێت بۆ ئەوەی پێشکەوتنی



مەکتەبی بیروهۆشیاری

کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگە دەوڵەمەندەکاندا لە سەر حسابی وڵاتێکی تر یان هاوشانی هەلومەرجی خراپی وڵاتانی تر ڕوو نەدات.

هەرچەندەی قازانجی بازرگانی زۆرتر بێت، کەسانێکی زیاتر دێن بۆ ئەوەی پشکی لێپرسراوێتی دەرەنجامەکانی بازرگانییان بەر بکەوێت. پێویستە بازرگانی لە بواری کاڵا و خزمەتگوزارییەکان بچێتە ناو چوارچێوەیەکی ڕوونی ڕێساکان و پارێزگاری بۆ هەڵسوڕاوان و وڵاتانی لاوازتر.

### *ژینگە پێویستی بە هاوکارییە لەودیو سنوورەکانەوە*

ئامانجی سۆسیال دیموکراتەکان بریتییە لە بەکارهێنانێکی پلان بۆ دانراوی سامانەکانی جیهان بۆ ئەوەی نەوەی ئایندە بتوانێت جڵەوی جیهانێك بگرێتە دەست کە تیایدا هێشتا دەتوانن ئاوە پاکەکەی بخۆنەوە، هەوا پاکەکەی هەڵمژن و دەوڵەمەندی لەو توخمانە ببینن کە هێشتا قڕیان تێنەکەوتووە.

مەترسی ئەوە هەیە کە زیادبەکاربردنی سامانە سروشتییەکان ببێتەهۆی دارمانی ئیکۆلۆژی( ecologic)، ئابووری، تەندروستی و کۆمەڵایەتی. ئەوەی کە زۆر دراماتیکییە بریتییە لە مەترسی گۆڕانی کەشوهەوا. پرۆتۆکۆڵی (کیۆتۆ) هەنگاوێکە لە ڕاستەڕێدا، بەڵام هێشتا بایی پێویست نییە.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

کێشەکانی ژینگە لە سبەینێدا، لەمڕۆدا پێویستیان بە چارەسەر هەیە. سۆسیال دیموکراتەکانی سوید لە بزاڤە هەرە پێشکەوتنخوازەکانن لە بواری ژینگەدا. هیچ وڵاتێکی تر نییە لە جیهاندا وەکو سوید بە سەرکردایەتی سۆسیال دیموکراتەکان سۆراخی سیاسەتێکی وەها ڕادیکاڵی کردبێت بۆ ژینگەیەکی پایەدار. بەڵام تاکە وڵاتێك بە تەنیا ناتوانێت دەست و پەنجە لەگەڵ کێشە جیهانییەکانی ژینگەدا نەرم بکات لە کاتێکدا کە ئەم کێشانە لەودیو سنوورەکانەوەن. گۆڕان بۆ ژینگەیەکی ئیکۆلۆژی ساخڵەم بەرپرسیارێتی کۆمەڵی جیهانییە و پێویستە ئەرکێك بێت کە سۆسیال دیموکراتەکان لە هەموو ناوچەکاندا لەئەستۆی بگرن. تۆژینەوەی سەرچاوەگرتوو لە هەناردەکردنی تەکنۆلۆژیای ژینگە دەرفەتی ئابووری ڕاستەقینە بۆ وڵاتێکی پێشەنگ دابین دەکات.

کارەساتە سروشتییەکان بەهۆی خراپ بەکاربردنی سامانە سروشتییەکانەوە زیاتر بەقوڵاییدا چوون و پێش هەمووان زیانیان بە هەژاران گەیاندووە. تەوژمی لافاوەکەی ٢٦ ی دیسەمبەری ٢٠٠٤ بووە هۆی کارەساتێکی سروشتی گەورە لە خۆرهەڵاتی باشووری ئاسیا کە کاریگەری خستە سەر ملیۆنان لەوانەی کە لە شوێنی ڕووداوەکە دەژیان و هەروەها گەلێك لە سویدییەکانیش. دەشێت کاریگەرییەکە بەهۆی بەکاربردنی ناوچە کەنارییەکان خراپتر بووبێت. لە ماوەی چەند دەیەیەکدا درەختی شاپەسەند لە تایلەند،



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

هیندستان و سریلانکا بۆ زیاتر لە نیوە کەمبوونەتەوە. ئەم درەختانە بڕدراون بۆ دروستکردنی ڕێگای گەڕانەوەی گەشتیاران و ماسیگرانی ڕۆبیان. لە سەروو هەموویانەوە کەناراوە مەرجانییەکان بە ڕادەیەکی زۆر وێران کراون بەهۆی تۆڕ هەڵدان و هاتوچۆی بەلەمەوە. دارستانە گۆماوەکانی مانگۆ بەربەستی سروشتی لافاوەکانن. ناتوانرێ ڕێگە لە بومەلەرزە بگیرێت، بەڵام دەکرێت بەرخوردەکەی کەمبکرێتەوە لەڕێگەی پارێزگاریکردن لە سامانە سروشتییەکان بە درێژایی کەناراوەکان.

نابێت گەشەی ئابووری لەسەر حسابی بەها ژینگەییەکان بەدەستبهێنرێت. لە هەمان کاتدا پێویستە هەوڵە ژینگەییەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ گەشەی ئابووری و گەشەسەندنی خۆشگوزەرانی بخرێنەگەڕ. ئەمە کرۆکی کارکردنە بۆ گەشەیەکی بێ زیان. ئەوەی پێویستە هاوسەنگییەکە لەنێوان گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی. هەر نەوەیەك لێپرسراوێتییەکی هەیە بۆ دابینکردنی ئامرازەکانی چۆنایەتی ژیان بۆ نەوەکانی ئایندە کە دەبێت وەکو ئەوانەی خۆیان باش بن ئەگەر لەوەی خۆیان باشتر نەبن.

ئامانجی گەشەسەندنی بێ زیان پێویستی بە ئاراستەیەکی نوێ و گۆڕانێکی ڕیشەیی هەیە لە ڕێساکانی بەرهەمهێنان و بەکاربردنی ئێمەدا. پێویستە گەشەی ئابووری جیا بێت لە بەکاربردنی سامانە سروشتییە دیاریکراوەکان.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

پێویستە هەوڵەکانی بەدەستهێنانی گەشەسەندنێکی بێ زیان لە سەر ئاستی لۆکاڵ، نەتەوەیی و هەروەها ئاستە جیهانییەکانیدا بخرێنەگەڕ. یەکێتی ئەوروپا بەرپرسیارێتییەکی تایبەت دەگرێتە ئەستۆ بۆ دانانی ڕێساگەلێك بۆ دەوڵەتە ئەندامەکان و بۆ بەشەکانی تری جیهان.

هاوکاری هەمەلایەنە بۆ گەشەسەندنێکی هەمەلایەنە گرنگە. پەیوەست بە کۆبوونەوەی جیهانی لە جۆهانسبۆرگ لە ساڵی ٢٠٠٢دا چەمکی گەشەی بێ زیان لەگەڵ ڕەهەندە ئابووری، کۆمەڵایەتی و ژینگەییەکەیدا بە دیاریکراوی وەکو پرەنسیپێکی باڵاتر بۆ کاری UN پێناسە کراوە. ئەمە واتا بەهێزکردنی کار بۆ گەشەسەندنێکی بێ زیان لە ئاستە جیهانی، هەرێمایەتی و نەتەوەییەکاندا. نابێت ئەنجامگیرییەکان بە لێدوانە گشتییەکان کۆتاییان بێت. پێویستە UN ڕۆڵێکی ڕێنوێنی چالاك بگێڕێت بۆ کارکردن بۆ گەشەسەندنێکی بێ زیان کە لە هەمان کاتدا نوێنەرایەتی دامەزراوەکانی وەکو بانکی جیهانی، سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بازرگانی جیهانی (WTO) و بانکەکانی گەشەپێدانی هەرێمی دەکات.

پێویستە ڕێساکانی بازرگانی نێودەوڵەتی بخرێنە پاڵ پەیماننامە ژینگەییەکان و یاسای نێودەوڵەتی ژینگە. ئەزموونی پێشووتر دەریدەخات کە هێزەکانی بازاڕ هیچ کێشەیەکیان نییە لە ئاراستەکردنی دەستپێشخەرانەی یاسای ژینگە.



## لێپرسراوێتیی کۆمپانیاکان

کۆمپانیا فرە نەتەوەییەکان ڕۆڵێکی گرنگ لە ئابووری جیهانیدا دەبینن. نیوەی ئابوورییە هەرە زەبەلاحەکانی جیهان لە کۆمپانیاکان پێکدێن. وێڕای ئەو ڕاستییەی کە ٣٠٠ کۆمپانیای هەرە گەورەی جیهان نوێنەرایەتی زیاتر لە چارەکێکی تێکڕای بەهای بەرهەمهێنراوی جیهانی دەکەن، ئەوان تەنیا لە سەدا ٣-٤ هێزی کاری جیهانی دەخەنەگەڕ.

لەناو چوارچێوەی کاری UN،OECD،ILO، بانکی جیهانی و ڕێکخراوەکانی تردا ئامرازی دابینکردنی ڕێسای بەڕێوەبردنی بەرپرسیارێتی کۆمپانیاکان ، مافەکانی مرۆڤ، مافەکانی کار، خەبات لە دژی گەندەڵی و بۆ ژینگەیەکی باشتر هەن.

پێویستە ئامرازی هاندەر بهێنرێنە کایەوە بۆ هێنانی کۆمپانیاکان بۆ ناو کار بە شێوازێك کەببێتە هۆکاری کەمبوونەوەی دابەشبوونە کۆمەڵایەتییەکان لەنێوان وڵاتان و خەڵکیدا. ڕێکخراوە هەماهەنگکارەکان دەرفەتێکی تایبەتیان هەیە بۆ لێکدانی قازانجەکان لەگەڵ لێپرسراوێتی کۆمەڵایەتیدا.بۆ ئەوەی وا لە کۆمپانیاکان بکرێت لێپرسراوێتی جیهانی بگرنە ئەستۆ پێویستە یاسای توندتر و کۆت و بەندی ناچارکەر دابنرێن. پێویستە باجی ئەودیو نەتەوەییش لەسەر کۆمپانیاکان لەبەرچاوبگیرێن. بۆ پاراستنی کۆمپانیا بچوکترەکان لەو ئابوورییانەدا کە هێشتا

مەکۆی بیروهۆشیاری

دەستیان بە گەشەکردن نەکردووە، پێویستە ڕێسای جیهانی هەبن بۆ کێبڕکێ و ئەو ڕێسایانەی کە پێویستە کۆمپانیاکان پەیڕەوییان بکەن.

پێویستە سەرمایەی تەمەن کورتی بێ شوناس ڕێگە بۆ سەرمایەگوزاری و خاوەنداریێتی درێژخایەنتر بکاتەوە. کۆمەکە بەکۆمەڵەکانی خانەنشینی دەتوانێت لەم ڕووەوە ئامرازێکی کاریگەر بێت.

نابێت داواکارییەکان تەنیا لەسەر کۆمپانیا فرە نەتەوەکان کەڵەکە بکرێن. لە هەموو وڵاتێکدا ، چ دەوڵەمەند یا هەژار، بە داخەوە گەلێك کۆمپانیای لۆکاڵی و نەتەوەیی هەن کە تیایاندا کرێکاران لەودیو بە مرۆڤ بوونیان بەکاردەبرێن. لێرەدا ڕۆڵێك هەیە بۆ یەکێتییە بازرگانییەکان، گروپەکانی بەکاربردن و بزووتنەوەی بەجیهانیبوون لە بنیاتنانی ڕای گشتی لە دژی ئەم کۆمپانیایانە.

### *سوید و پێشبڕکێی نێودەوڵەتی*

پێشبڕکێ لە زیادبووندایە لە بوارەکانی پارچە سپێرەکانی ئۆتۆمبێل، کۆمپیوتەر، خۆراك یاخود خزمەتگوزارییەکان بەبێ جیاوازی. ئەمە بە چاوپۆشیکردن لەمەی کە ئایا کۆمپانیاکان لە سەر ئاستی بازاڕە لۆکاڵییەکان ، نەتەوەییەکان یا نێودەوڵەتییەکاندا بوونیان هەیە یان نە. هەموو بیزنسمانەکان کەوتوونەتە ژێر



مەکۆی بیروهۆشیاری

کاریگەری تەکنۆلۆژیای نوێ، پێشبڕکێی کرێ و شەقاوی خێرای گۆڕان لە ژیانی بازرگانیدا. ئەمڕۆکە سەرمایەگوزاران قازانجێکی باڵای جیاواز لەپێشووی سەرمایەکانیان دەوێت. قازانجەکانی کۆمپانیا، تەنانەت لەسەر ئاستی بلیۆنان دۆلار بەس نین، ئەگەر لە وڵاتێکی تر زیاتر دەستبکەوێت. بەرهەمهێنان بەرەو کەرەستەی هەرە بەرهەمهێنەر هەنگاو دەنێت.

باش کارکردنی پێشبڕکێ لە قازانجی بەکاربەرانە. دەشێت سەر بکێشێت بۆ نرخی نزمتر و دابینبوونی کاڵا و خزمەتگوزاری زیاتر. هەروەها ئەمە دەشێت پەکخستنی خەڵکی، بێکاری و دابەشبوونی کۆمەڵایەتیی زیاتری لێبکەوێتەوە. دەشێت ببێتەهۆی ئەوەی کە نەتەوەکان و خەڵکی لە دژی یەکتری ڕابن.

کاتێك کێبڕکێکاری نێودەوڵەتی دێتەپێش، سوید باش خۆی دەگرێت. واتە هۆکارێکی گرنگ کە بۆچی سوید هێشتا یەکێکە لە وڵاتە هەرە دەوڵەمەندەکان بە ئاستێکی بەرزی گەشە، دامەزراندن و کۆمەڵی بازرگانی ساخڵەم لەناو ئەو ململانێیەدایە کە بزووتنەوەی کاری سویدی خستوویەتیەگەڕ بۆ پاراستنی مافی کارمەندەکان.

تەنیا ئەو کاتەی کە هەموو کەسێك چانسی چاودێری چۆنایەتی بەرزی درایە بۆ بەساڵاچوون، کاتێك نەوەکانیان زامن بکرێن لە خوێندن ئەوا ئێمە دەتوانین ڕووبەڕووی تەحەداکانی ئایندە ببینەوە. لەبەر ئەم هۆکارە پێویستە بناغەکانی سیستەمی خۆشگوزەرانی،

مەکتەبی بیروهۆشیاری

خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان، چاودێری و خوێندنی سویدی باشترین بن لە جیهاندا. ڕێنوێنی سۆسیال دیموکرات بۆ سەرکەوتن بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بریتی بووە لە ئاسایش لە سەروەختی گۆڕاندا و هەروا‌ش دەمێنێتەوە. ئەمە تاکە ڕێگەیەکە بە هۆیەوە دەتوانین بە یەکەوە ڕووبەڕووی تەحەداکانی ئایندە ببینەوە.

پێشمەرجێکی گرنگی سەرکەوتن لە ئابووری جیهانیدا بریتییە لە کەرتێکی بازرگانی بەهێز لەگەڵ کۆمپانیای بەهێز. پێویستە تەگەرەکانی بەردەم دەستپێکردنی بیزنس لە سوید بچوک بن. لە هەمان کاتدا پێویستە ئێمە مەڵبەندەکانی زانیاریی ڕێنوێنیکردنی جیهان لە ڕێگەی ئەو هەوڵە جێگیرانەوە دابمەزرێنین کە بە شێوەیەکی تایبەت بەهۆی کۆمەکە گشتییەکانەوە یا لە ڕێگەی هاوکارییەوە پارەیان بۆ دابین دەکرێت. ئەمڕۆکە ئابووری جیهانی بنیاتنراو لەسەر زانین تەواوکەری پیشەسازییە بنچینەییەکانمانە کە لەسەر سامانە سروشتییەکان بنیاتنراون.

تەحەداکانی بەجیهانیبوون پێویستی بە هاوکارییەکی سەخت هەیە ئەمەش تەنیا لەناو یەکێتی ئەورووپادا بەهێز نابێت. ئێمە لەناو چوارچێوەی کاری یەکێتی ئەورووپادا دەتوانین مافەکانی کارمەندەکان بەهێز بکەین، شەڕی بێکاری بکەین، ئاستی کێبڕکێکاری زیاد بکەین، سەرمایەگوزارییە پیشەسازییە



مەکتەبی بیروهۆشیاری

کاریگەرەکان ڕاپەڕێنین و ژینگەمان باش بکەین. بە یەکەوە دەتوانین ئەورووپا بکەینە شوێنێکی ئارامتر بۆ تێدا ژیان.

## دەرفەتەکانی کۆچ و کۆسپەکانی

بە نێودەوڵەتیکردن کۆچی بەرچاو لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. ئێستاکە گەشت کردن لە هەموو کاتێکی تر ئاسانتر و هەرزانتر بووە. هیچ کاتێك وەکو ئەمڕۆ کۆچ لە ناوەوە و دەرەوەی سنوورەکاندا زۆر نەبووە. نزیکەی ٢٠٠ ملیۆن کەس لە وڵاتێکی غەیری وڵاتی زێدی خۆیاندا دەژین. گەلێك هۆکار هەن لەم ڕووەوە. گەلێکیان بەدوای ئیش، خوێندن یا بەهۆی زەماوەندکردنەوە، بەڵام هەندێکیان بەهۆی سەرکوتکردنی سیاسی، چەوسانەوە و کارەساتی سروشتییەوە ڕایان کردووە.

جووڵان دەرفەتەکان دەکاتەوە. کاتێك خەڵکی ڕووبەڕوو دەبنەوە، ئایدیاکان هەڵدەڕژێن، زانین بڵاو دەبێتەوە. دەشێت گەشەسەندن لە وڵاتی پێشوازیکاردا هانبدرێت بە هەمان شێوە لە وڵاتی زێدیشدا.

داهات دەنێردرێتەوە بۆ ماڵەوە و پەیوەندیکردنەکان بنیات دەنرێن. زۆر کەس تەنیا بۆ ماوەیەکی کورت ماڵەوە جێ دەهێڵن و گەلێکیان بە ئەزموونی نوێوە دەگەڕێنەوە. وڵاتێکی داخراو بە ڕووی دەرەوەدا ئایندەیەکی نییە. کۆمەڵی فرە کەلتووری خەریکە دەبێتە پێکهاتەیەك کە لە هەموو کاتێکی تر گرنگییەکی زیاتری پەیداکردووە

لەناو کۆمەڵگاکانی جیهاندا. بە داخەوە لەگەڵ ئەوەشیدا دابڕانی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە جیهانی پیشەسازیبوودا ڕەهەندێکی ئەتنییەکانی پەرەپێداوە، کە دەشێت ببێتەهۆی ڕابوونی ڕاسیزم و گەیشتن بە یەکپارچەیی ئەستەم بکات.

لە هەمان کاتدا، لە بارێکدا کە کۆمەڵی فرە کەلتووری دەبێتە بەشێکی تەواو گرنگی هەموو کۆمەڵگەیەك لە جیهاندا، دەشێت کۆچ تەنگژەکان بوروژێنێت. ئەمە بووەتەهۆی ئەوەی کە مەرجەکانی بازاڕی کار سەختتر بن، هەروەها دابڕانی بەرچاو و بە پەراوێزکردن ببنە تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی جیهانی بە پیشەسازیبوو. ڕاسیزم و زینۆفۆبیا( ترس لە بیانی) لە جیهانی خۆرئاوادا لە دەرکەوتندان و لە هەمان کاتدا توانەوەی کۆچبەران لە وڵاتانی نیشتمانی نوێیاندا زۆر ئەستەمتر بووە.

پێویستە سوید و ئەورووپا وەکو پەناگەیەك بمێننەوە بۆ ئەو خەڵکانەی کە بەهۆکاری سیاسی و ئایینی ، لەبەر چالاکییەکانی یەکێتی بازرگانییان، ڕەگەزییان، تایبەتمەندی سێکسییان و باکگراوندی ئەتنییان چەوساونەتەوە. نابێت ئەم مافە مرۆییە هاوتا بکرێت لەگەڵ داواکارییەکانی بازاڕی کار. ئەوانەی کە لە گەڕان بەدوای مافی پەنابەرێتیدا  دێن بۆ ئێرە، پێویستە بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا شوێنێکیان لە کۆمەڵگەدا پێبدرێت و کاریان بۆ دابینبکرێت.



وەکو سۆسیال دیموکرات، بە ئەرکی خۆمانی دەزانین کار بۆ سیاسەتی پەنابەرێتی هاوبەش بکەین لەناو ئەوروپادا، سیاسەتێك کە لە ڕووی یاساییەوە مامەڵەیەکی دڵنیا لەگەڵ سکاڵای پەنابەران دەکات، پرۆسێسێك کە ئازاری مرۆیی کەمدەکاتەوە، پرۆسەی سکاڵا کەم دەکاتەوە و وەرگرتنێکی شایستە لەناو یەکێتی ئەوروپادا بە گشتی دابین دەکات. پێویستە ڕەچاوکردنێکی تایبەت هەبێت بۆ منداڵانی ژێر مەترسی و بۆ پێداویستییە تایبەتییەکانیان. پێویستە بەرپرسیارێتی بۆ وەرگرتنی پەنابەران لەنێوان دەوڵەتە ئەندامەکاندا بەش بکرێت. ئەمەش توانای پێدانی مافی پەنابەرێتی بەوانەی کە پێویستیانە فراوان دەکات. پێویستە بۆ ماوەیەکی درێژ مافی جووڵانەوەی ئازاد هەموو ئەوانە بگرێتەوە کە مۆڵەتی نیشتەجێبوونیان هەیە لە یەکێك لە دەوڵەتە ئەندامەکاندا و نابێت تەنیا سنووردار بێت بە هاووڵاتییان.

بەڵام پێویستە سویدیش ستراتیژییەکی هەبێت لەسەر سیاسەتی کۆچ بەرانبەر پەنابەران. دانیشتووانی سوید بەتەمەندا دەچن و ئەمەش واتە پێویستە خەڵکێکی کەمتر دانیشتووانی بەساڵاچوو چاودێری و تەئمین بکەن. لە ماوەیەکی درێژدا ئەمە دەبێتە هەڕەشەیەك بۆ سەر خۆشگوزەرانی و مۆدێلی سویدی بۆ خۆشگوزەرانی ئەگەر ژمارەی خەڵکی لە کاردا بە شێوەیەکی بەرفراوان زیاد نەکرێت. ڕاسترەوی سویدی هەنوکە دەستی کردووە



مەکتەبی بیروهۆشیاری
مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

بەوەی کە ئەم ڕوانگە دیمۆگرافییە لە بەلگاندنەکانیاندا بۆ کەمکردنەوەی خۆشگوزەرانی بەکاربهێنن.

ئەگەرچی تەنیا لەبەر ئەم هۆکارەش بێت پێویستە ئێمە خۆمان ئامادە بکەین بۆ کردنەوەی سنوورەکانمان بۆ خستنەگەڕێکی کۆنترۆڵکراوی هێزی کار لە ولاتانی دەرەوەی یەکێتی ئەوروپاوە. پێویستە لە هەمان کاتدا ئێمە ئاگادار بین لەوەی کە ڕاستڕەوەکان هەلی خۆیان دەبینن بۆ گووشار خستنەسەر بازاڕی کاری سویدی لە دەرەوەڕا بۆ لاوازکردنی پێگەی سەندیکا کرێکارییەکان و لێدانی مافە کۆمەلایەتییە بنچینەییەکان لە کۆمەڵگەی ئێمەدا.

پێویستە هەموو هێزی کار بە گوێرەی ڕێککەوتنە بەکۆمەڵەکانی ناو هێزەکە کرێی پێبدرێت بەچاوپۆشیکردن لەوەی کە داخۆ کاری ئەنجامدراو سروشتێکی کاتی هەیە یان نا. ئەو کەسانەی دێن بۆ سوید بۆ ئیشکردن نابێت فەرق و جیاوازییان پێبکرێت، پێویستە هەمان مافیان هەبێت و هەمان ئەو ئەرکانەیان هەبێت کە خەڵکی کرێکاری تر هەیانە. ئەمە پرەنسیپێکی بنەڕەتییە. ئێمە نامانەوێت سیستەمێکی کرێکاری میوان لەگەڵ کارمەندی دەرەوە هەبێ بە جۆرێك کە دەستگەیشتن بە سیستەمی خۆشگوزەرانی ئێمە سنووردار بکەن. نامانەوێت خەڵکانێك لە بازاڕی کاردا بەکارببرێن بە جۆرێك کە مەترسی دابەزینی کرێ یا خراپکردنی هەلومەرجی کار بۆ هەمووان بهێنێتە کایەوە .



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

پێویستە هەر کەسێك کە دەرفەتی ئیشکردن لە ولاتێکی تر بەدەستدەهێنێت توانای ئەوەی هەبێت تەئمینی خۆی بکات و ژیانێکی شایستەی هەبێت.

سۆسیال دیموکراتەکان هەرگیز ڕێگە نادەن هێزی کار وەکو پولەکانی دۆمینە بەکاربرێن. نابێت ئەوانەی دێنەناو بازاڕی کاری سویدییەوە بە هیچ بیانوویەك بۆ تیمی ئەلف و بێ دابەش بکرێن. بە پێچەوانەوە پێویستە هاتنی بیانییەکان بۆ ناو کۆمەڵگە و بازاڕی کار پێشوازییەکی تەواوی لێبکرێت.

## کۆنترۆڵکردنی ئابووری قۆرخکاری

بە جیهانیبوونی بازاڕەکانی دارایی بووەتەهۆی هەستیارییەکی پەرەگرتوو. دەشێت قەیرانە داراییەکان دەرەنجامی مرۆیی کارەساتئامێزیان لێبکەوێتەوە. قەیران لە ئاسیا لە کۆتایی نەوەدەکاندا بووە هۆی هەژارییەکی زیاتر و لەدەستچوونی داهاتەکان کە دە جار زیاتر بوو لە تێکڕای کۆمەکی جیهانی.

پێویستە ئابووری قۆرخکاری کۆنترۆڵ بکرێت و چوارچێوەی کاری سەرمایەی نێودەولەتیی بەهێز بکرێت. پێویستە پەناگەکانی باج ڕووبەڕووی ڕێوشوێنی توند ببنەوە. پێویستە ڕێکخراوە داراییە فرە نەتەوەییەکان زیاتر و زیاتر پەرە بەسەقامگیری دارایی بدەن و هەنگاو لە دژی شەپۆلی قۆرخکردنی سەرمایە هەلێنن. دەبێت

سیاسەتی قەرزپێدانی ئەوان زیاتر ڕەچاوی کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکان بکات کە دەشێت ئاکامی قەیرانە ئابوورییەکان بێت.

شەڕی قەیرانە ئابوورییەکان پێویستی بە ماوەیەکی دوور و درێژی گیرۆدەبوون هەیە لەلایەن گەلێك یاریکەرەوە. لەکاتێکدا کە زۆرێك لە قەیرانە داراییەکان ڕەگوڕیشەی خۆیان هەیە لە قەیرانێکی ئابووری و سیاسیدا، ئەوە لەناو مەیدانی ئابووری سیاسیدایە کە پێویستە شەڕ لە دژی قەیرانە داراییەکان بکرێت.

لە سەروو ئەمانەوە پێویستە هەماهەنگییەکی باشتر لە سیاسەتە ماکرۆ ئابوورییەکاندا (Macro-economic) هەبێت ، بە تایبەت لەنێوان ئابوورییە هەرە گەورەکانی جیهاندا. نابێت شیاو بێت بۆ ئابوورییەك کە کێشەکانی بخزێنێتەسەر یەکێکی تر.

### ***ریفۆرمکردنی بەڕێوەبردنی ئابووریی جیهانی***

*( گەشەسەندنی وڵاتە هەژارەکان لە بەرژەوەندی هاوبەشی هەردوو بەشە دەوڵەمەند و هەژارەکانی جیهانە. پێویستە دامەزراوە ئابوورییەکانی وەکو بانکی جیهانی و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بخەنە ستراتیژی خۆیانەوە.)*



### ***(بژاردەیەك لە پرۆگرامی حزب)***

پرۆگرامی حزب گرنگی ریفۆرمکردنی دامەزراوە داراییە جیهانییەکان پیشان دەدات. لە سەروەختی دامەزراندنیانەوە لە کۆتایی جەنگی جیهانی دووەمدا بەشێکی زۆری ئەم پرۆسەیە ڕوویداوە. هەر لە سەرەتاوە ئامانجی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی زامنکردنی سەقامگیری بووە لە سیستەمی نێودەوڵەتی دراو و سیستەمە داراییەکاندا لەکاتێکدا کەئەرکی سەرەتایی بانکی جیهانی دابینکردنی پشتگیری بووە بۆ وڵاتە ڕوو لەگەشەکان  بۆ ئەوەی شەڕی هەژاری بکەن.

بۆ ماوەیەکی درێژ ڕەخنەی پاساودراو ئاراستەی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی جیهانی کراوە بەهۆی ئاراستەوەگرتنی نالیبراڵانەیان بۆ پێویستی ریفۆرم لە وڵاتە پێشوازیکەرەکاندا. ئەمە بەشێوەیەکی بەشەکی گۆڕدراوە. پرۆگرامی بانکی جیهانی بایەخێکی زیاتر بۆ ئەو ئەولەویاتە دادەنێت کە لەلایەن وڵاتە هەژارەکان خۆیانەوە دانراوە بۆ شەڕ کردن لە دژی هەژاری بەشێوەیەکی کاریگەرانە، لەگەڵ ئەوەشدا سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی جیهانی ڕووبەڕووی کێشەی سەخت دەبنەوە، دەسەڵات لە ڕێکخراوەکاندا چیتر ڕەنگدانەوەی پەیوەندییە ئابوورییەکان نییە لە جیهانی  مۆدێرندا و پەیوەندییان بە UNەوە ڕوون نییە. هەرچۆنێك بێت گرنگە جەخت لەوە بکرێتەوە کە سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و

مەکتەبی بیروهۆشیاری

بانکی جیهانی دامەزراوەی سەربەخۆن کە لەسەر هاوپشکی دەوڵەتە ئەندامەکانی دامەزرێنراون. بە هەموو ئەگەرێك ئەندامێتی و هاوبەشییەکان وەکو بڕبڕەیەکی ئەو ڕێکخراوە داراییانە دەمێننەوە.

ئەمە کارێکی جەوهەرییە کە دامەزراوە داراییە نێودەوڵەتییەکان ریفۆرم بکرێن. ئەوەی کە پێویستە بریتییە لە پرەنسیپێکی شەفافییەتی گشتی کە شایستەی ناوەکەی بێت. پێویستە دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ لە بەرنامەی ئەواندا بە ڕادەیەکی زیاتر لە ئێستا هەبێت بەهۆی قەرزپێدانیان. بەهەمان شێوە گرنگە کە کاردابینکردن ببێتە بەشێك لە هەوڵی گەشەپێدانی زیاتر و شەڕ لە دژی هەژاری.

پێویستە ڕایەڵی نێوان سندوقی دراوی نێودەوڵەتی، بانکی جیهانی و سیستەمی UN بەهێز بکرێت. پێویستە( UN) توانای ئەو بڕیاردانەی هەبێت کە دامەزراوە داراییەکان ناچار بن پەیڕەوی لێبکەن. بیرۆکەیەکی باش بریتییە لەوەی کە ئەنجومەنی کۆمەڵایەتی و ئابووری ( ECOSOC) بگۆڕدرێت بۆ ئەنجومەنێك بۆ گەشەپێدانی مرۆیی. ئەگەرێکی تر بریتییە لە خستنە تاقیکردنەوەی ڕۆڵی ئەنجومەنێکی ئاسایشی ریفۆرمکراو لە بڕیاردانەکانی کێشە ئابوورییەکاندا لەمەڕ سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی جیهانی.

پێویستە کاریگەری دەوڵەتە داهات کەم و داهات مام ناوەندەکان بەهێز بکرێت، ئەمەش بەشێکی بە گۆڕینی ئەو ڕێسایانەی کە لەسەر



مەکتەبی بیروهۆشیاری

بنەمای مافەکانی پشکدارێتی و دەنگدان بنیاتنراون و بەشێکی بە زیادکردنی ژمارەی کورسییەکان لە دەستەی بەڕێوەبردنی دامەزراوەکان دێتەدی. هەر ئەلتەرناتیڤێکی تر نابەجێیە. یەکێتی ئەوروپا دەتوانێت ڕۆڵێکی گەورە لە کاری ریفۆرمکردنی دامەزراوە داراییە نێودەوڵەتییەکاندا ببینێت. نەتەوەکانی un بەیەکەوە دەتوانن خاوەنی نزیکەی یەك لەسەر سێی سەرمایەی جێگیر بن لە IMF و بانکی جیهانیدا.

## ***پێویستە باری قەرز سووك بکرێت***

گەلێك لە وڵاتە هەرە هەژارەکانی جیهان لە داوی قەرزێکدان کە ڕێگەیان لێدەگرێت بگەنە گەشەسەندن و شەڕکردن لە دژی هەژاری. گەلێك وڵات سێ جار زیاتر پارە لە قەرز دەدەن بە بەراورد بەوەی کە لە تەندروستی و خوێندن خەرجی دەکەن.

پێویستە تێکڕای باری قەرزی وڵاتە هەژارترەکان خێراتر کەم بکرێتەوە. لە حەفتاکاندا سوید ژمارەیەك قەرزی دوو لایەنەی لابرد. بۆ ماوەیەك تاکو ئێستا هەوڵدراوە باری قەرزی فرە لایەنی وڵاتان کەم بکرێتەوە لە ڕێگەی کۆمەڵێك ڕێوشوێنەوە بۆ کەمکردنەوەی قەرزی ئەو وڵاتە هەژارانەی قەرزێکی زۆریان لەسەرە، لەوانە ئەوەی کە پێی دەوترێت دەستپێشخەری ( HIPC). بەڵام کارێکی کەم ئەنجام دراوە.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

ئەو وڵاتانەی پێویستییەکی زۆریان بە کەمکردنەوەی قەرز هەیە، قەرزگەلێکی هاوتای ئەو بڕە پارەیان لەسەرە کە نەتەوە دەوڵەمەندەکان ساڵانە دەیئاخننە کۆمەکە داراییەکانی کشتوکاڵ. ئەوەی پێویستە ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتییە بۆ لابردنی هەموو قەرزی وڵاتە هەژارەکان. هەموو نەتەوە دەوڵەمەندەکان پشکێکی لێپرسراوێتییان هەیە بۆ ئازادکردنی هەرە هەژارترین وڵاتان لە باری قەرزی پەرەسەندوو.

سەرەڕای ئەمە کارێکی جەوهەرییە کە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی بۆ ئیفلاس دابمەزرێنین. ئەمە ئەو مەترسییە بچوك دەکاتەوە کە باجی قەیرانێکی ئابووری لەلایەن خەڵکی تاکە وڵاتێکەوە بدرێت لەبری بکەرانی بازاڕەکانی داراییەوە.

### *یارمەتی*

ئەگەر بە شێوەیەکی دروست بەکاربهێنرێت، یارمەتی دەتوانێت وەکو پاڵنەرێك بێت بۆ خوێندن، یەکسانی زیاتر لەنێوان پیاوان و ژنان و بۆ بنیاتنانی باوەڕ بە ئاینده، بەڵام دەشکرێت بۆ شەڕ لە دژی حکومەتە گەندەڵ و نادیموکراتییەکان بەکاربهێنرێت. شانبەشانی هەوڵەکان لە ناوچەکانی تردا، یارمەتی دەتوانێت هەلومەرجی گەشەسەندن دروست بکات. لەبەر ئەم هۆکارە ئێمەی سۆسیال دیموکرات شانازی بەو ڕاستییەوە دەکەین کە سوید



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

لەماوەی ٢٠٠٦دا ئامانجی بەکارهێنانی لە سەدا یەکی تێکڕای کەرەستەی بەرهەمهاتووی بۆ یارمەتیدانی وڵاتە ڕوو لە گەشەکان بەدەستدەهێنێت. ئەمە ئێمە دەکاتە یەکێك لە دەنگە هەرە بەهێزەکان لە جیهاندا بۆ دادپەروەری و باوەڕ بە ئاینده.

بەداخەوە وڵاتانێکی کەم هەن لە جیهانی دەوڵەمەند دا کە پابەند دەبن بە ئەو ئامانجەی کە لەلایەن UNەوە دانراون بۆ تەرخانکردنی ٠,٧٪ ی تێکڕای کەرەستەی بەرهەمهاتوویان بۆ یارمەتی. هەر لەبەرئەوە پێویستە وڵاتانێکی زیاتر بهێنینە سەر هێڵ بۆ ئەوەی سامانێکی زیاتریان لە شێوەی یارمەتیدا بدەنە وڵاتانی هەژار. لەناو یەکێتی ئەوروپادا ئێمە لەسەر ڕێگای خۆمانین و بڕی یارمەتی بە هێواشی، بەڵام بەدڵنیاییەوە زیاد دەکات، هەرچەندە پێویستە وڵاتانی وەکو USAو یابان بە پشکی بەرچاوەوە بێنەناو مەسەلەکە.

ئەمڕۆکە زیادکردنی یارمەتیدا بە تەنیا بەس نییە. ئێمە پێشوازی لە پێشکەشکردنی دەستپێشخەری جیاواز دەکەین بۆ زیادکردنی تەوژمەکانی یارمەتی لە جیهاندا، بەهەمان شێوەش بۆ دۆزینەوەی ڕێگای نوێ بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەو تەوژمانە. ڕێگایەکی زیادکردنی سامانە جیهانییەکان بریتییە لە دانانی باج لە ڕێگەی ڕێککەوتننامەی نێوان دەوڵەتانەوە.

هەژاری پرسی هەلومەرجی نابەجێی ژیان و برسێتییە، بەڵام لە هەمان کاتدا هی کەمی کاریگەری دیموکراتیکە. یارمەتی

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

پشکداریێتییەکە لە شکاندنی بێدەسەڵاتی کە زۆر لە خەڵکی دەکات لە جیهانی هەژاردا بۆ مانەوە لە حاڵەتی برسێتی و بێ هیواییدا. لەبەر ئەم هۆکارە کێشەکانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤیش بنچینەیین کاتێك قسەکە لەسەر یارمەتییە. یارمەتی خۆی بە تەنیا گەشەسەندنێکی پۆزەتیڤ ناهێنێتەکایەوە. لەلایەکی ترەوە پشکداریێتی دەکات لە دروستکردنی هەلومەرج بۆ گەشەپێدان هاوشانی هەوڵەکان لە بوارەکانی تردا.

ئەمە پرسی هەوڵێکی درێژخایەنە بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ، بەهێزکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی و بنیاتنانی ئەو دامەزراوانەی کە بە باشی کار دەکەن. پێویستە وڵاتە هەژارترەکان دەرفەتی ئەوەیان پێبدرێت کە سیستەمەکانی تەندروستی و پەروەردەیی و ئەو دامەزراوانەی تریش دابمەزرێنن کە سەرمایەگوزارە نێودەوڵەتییەکان هیچ بایەخێکی پێنادەن.

یارمەتی، داواکاری سەر وڵاتە پێشوازیکەرەکانیش پەرەپێدەدات. بەرپرسیاریێتی سەرەکی بۆ گەشەسەندنێکی ئیجابی لای هەموو وڵاتێك و خەڵکەکەیەتی. دیموکراسی، مافەکانی مرۆڤ و سیاسەتی ئابووری بە دوای گەشەسەندنێکی بێ زیاندا دێن لەو وڵاتانەدا کە یارمەتی وەردەگرن. گەندەڵی بە هەموو جۆرەکانییەوە گەشەسەندن پەك دەخات. لە بەرئەوە دەبێت بە ڕێگای جیا جیا شەڕی لەگەڵدا



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

بکرێت. یەکێك لە ڕێگاکان بریتییە لەوەی کە یارمەتی ئەو حکومەتانە ببڕدرێت کە ئارەزوویان نییە بەرانبەر دابەشکردنێکی عادیلانەی خۆشگوزەرانی– ئەو وڵاتانەی کە تیایاندا باجەکان نزمن و ئەوانەی کە گەندەڵی تیایاندا بڵاوە.

ژنان بە زۆری هەژارترینن لەناو هەژاراندا و لە هەمووان زیاتر لە ژێر مەترسیدان. هەرچی پەیوەندی بە ڕەگەزەوە هەیە، مۆدێلێك باوە کە کچان ناتوانن بەو ڕادەیەی کوڕان بچن بۆ قوتابخانە، ئەو یاسایانەی خاوەندارێتی لە کۆمەڵگەدا زاڵن کەقازانجی بۆ پیاوان هەیە، ژنان موچەی نزم و خراپترین هەلومەرجی کارکردنیان هەیە و قسەیان لەبارەی گەشەسەندنی کۆمەڵگاکانیانەوە بە هەند هەڵناگیرێت. پێویستە یارمەتی سویدی پشکی هەبێت لە زیادکردنی دەرفەت بۆ خەڵکی بۆ ئەوەی خۆیان ژیانی خۆیان بەڕێوەببەن و کاریگەری بخەنەسەر گەشەسەندنی وڵاتەکانیان.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

# ٣- بەهاکانی سۆسیال دیموکرات لە جیهانێکی بێ سنووردا

*(سۆسیال دیموکراتەکان لە هەوڵی ڕووبەڕووبوونەوەی تەحەددا نەتەوەیی و نێودەوڵەتییەکانی ئەمڕۆدان لەڕێگەی بەهاکانی ئازادی، یەکسانی و هاریکارییەوە کە تایبەتمەندی بەرچاون لەوەی فێری بووین لە ئەزموونی سیاسیمان و لە متمانەمان بە بەهێزی و بە کۆمەڵگەی دیموکراتیک.)*

( بژاردەیەك لە پرۆگرامی حزب)

پێویستە بەهاکانمان ڕەنگرێژی کردەوەکانمان بکەن لە هەموو بارودۆخێکدا. کاتێك ئێمە ڕووداوەکانی جیهان هەڵدەسەنگێنین، بە تەنیا یان لەگەڵ ئەوانیتردا بڕیار دەدەین، یان کاتێك لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا گیرۆدە دەبین ئەوا هەرگیز ناتوانین دەستبەرداری بەهاکانی ئازادی، یەکسانی و هاوکاریمان بین. پێویستە هەمان پێوەر بۆ هەر شوێنێك کە ئێمەی لێین پیادە بکرێت بە بێ لەبەرچاوگرتنی جەستە، دەوڵەت یان هەر هێزێك، گرنگ نییە چۆن کار دەکات یان خەڵکی بە چییەوە گیرۆدەن.



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

پرۆگرامی پارتی سۆسیال دیموکرات ئاماژە بەوە دەکات کە ئەمرۆکە خەڵکی بەهۆی چین، ڕەگەز و رەچەڵەکی ئەتنییانەوە سەرکوتدەکرێن. سیاسەتی جیهانیمان وەکو سیاسەتی نەتەوەییمان تەرکیز دەخاتە سەر لێپرسراوێتی مرۆییمان بۆ شەڕ کردن لە دژی دابەشبوونە چینایەتییەکان، دابڕان لە ڕۆڵە جێندەرە نەریتییەکان، شەڕکردن لە دژی راسیزم و هێرشەکانی تری سەر ( شایستەیی، شکۆ و مافە یەکسانەکانی هەر کەسێك.)

### *کەلتووری دیموکراسی*

دڵنیایی لە ڕێکخراوی دیموکراتی کۆمەڵگەدا دڵ و گیانی سۆسیال دیموکراسییە، وەك بڵێی لەسەر ئەو بەها و ئەزموونە دامەزراوە کە پشتیوانی لە پێشکەوتنەکانی ریفۆرمیزم دەکات. هیچ ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی ناتوانێت لاستیکی بێت، ئەمە ئیرادەی سەربەستی خەڵکی بنیات نانێت بۆ دروستکردنی کۆمەڵگە. ئەو کەلتوورە کۆمەڵایەتییەی کە وا لە کۆمەڵگە دەکات جێی متمانە و ئارام بێت بۆ بەشێکی گەورەی خەڵکی، گرنگییەکی زۆری هەیە. مۆدێلی کۆمەڵایەتی سویدی بۆ ماڵی خەڵك، دەربڕینێکە بۆ ئەو مەیلە. ئازادی زۆرینە ، یەکسانی و هاریکاری لە پرەنسیپە ڕێنوێنەکانن.

ئەمرۆکە گەلێك لەو کۆمەڵگایانەی لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە نەریتیین، لاواز کراون و کەوتوونەتەبەر تەحەددا سەختەکان.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

هۆکارەکـان لـە بنەڕەتـەوە پـۆزەتیڤ و نێگـەتیڤن. هەلومەرجـە تەکنۆلۆژی، زانیاری و ئابوورییە نوێکان چانس دەدەنە خەڵکی زیاتر بۆ سۆراخکردنی ئـەو دەرفەتانـەی کـە بـەجیهانیبوون پێشکەشیان دەکات کە گەلێك لە ئێمـە لـە ئابوورییـە پێشکەوتووەکاندا بـە هەنـد وەریدەگرین. لە هەمان کاتدا لە بارێکدا کـە کۆمەڵگـەی نـویێ لـەودیو سـنووره کـەلتووری و جیۆگرافییـەکانی پێشوودا دروسـت دەبـن، مەترسی ئەوە هەیە کە کۆمەڵگە نوێکان شی ببنـەوە. خـەڵکی چیتر بە ئاسانی لەگەڵ کۆمەڵگەیەکی کار، ناوچەی نیشتەجێبوون یاخود تەنانەت دەوڵەتی نەتەوەیدا هاوشێوە نابنەوە.

بەتاککردن، بە تایبەتکردن و هێزی پەرتەوازە دەبنە سیمای نـویێ و لێرەوە ناسـنامەی نـویێ و ڕێسا بـۆ پەیوەنـدیکردنی مرۆیـی و بـۆ دەرکەوتنی شێوە کەلتوورەکان دروست دەبن.

لە ڕابردوویەکی نزیکدا ئـازادی سیاسـی خـەڵکی لـە سەرتاسـەری جیهانـدا پـەرەی سـەندووە. چانسـی کاریگـەری خـستنەسەر بڕیـارە سیاسـییەکان لێـرەوە بـەهێز بـووە. بـایی پێویـست و بەشـێوەیەکی پارادۆکـسیکاڵ( نـاکۆك) فـەزای کاریگـەری سیاسـی بەرتەسـك بووەتەوە. لـە هـەمان کاتـدا، لـە بارێکـدا کـە دیموکراسـی زیـاتر لـە هەموو کاتێکی تر بڵاودەبێتەوە، ئەمیش تەنکتر و لاوازتر بووە.

میـدیای بنیـاتنراو لەسـەر ئایـدیاکان بـزر بـووە لـە کاتێکـدا کـە میدیایەکی نوێی دەرکەوتووە، بەڵام لە جیهانی میدیای نوێدا ئـەوەی



مەکتەبی بیروهۆشیاری

گرنگـە بـە زۆری دابەزیووەتـە ئاسـتی ناگرنگییـەوە، جیاکردنـەوەی دەنگی بیرکردنەوەی ژیرانـە زۆر ئەسـتەمتر بـووە لـە دەنگـی بـەرز و پوچ. خەڵکی وازیانهێنـاوە لـە گـوێگرتن یـاخود لـەوەی کـە وا بکـەن دەنگیان ببیسترێت.

خێرایی و لۆژیکی بازرگانی لە زۆر ڕووەوە دەرکـەوتنی ڕووکەشـی وروژاندووە. لە هەمان کاتدا زانیاریی قوڵتر لە لەبەردەستی خەڵکێکی زیـاتر دایـە، بـەڵام لـە قەڵـەمڕەوە ئیمتیازییەکانـدا تونـدکراوە. سەرچاوەکان، بەتایبەت بۆ زۆربەی میدیای هەواڵ کـەمتر بوونەتـەوە و زیاتر بوونەتە بازرگانی. میدیا گشتی و تایبەتییە کۆنترۆڵکراوەکـان وەکو ئامرازە دەستکردەکانی دەسەڵات بەکاردەهێنرێن. لە نـەبوونی کەناڵـە ئەلتەرناتیڤەکانـدا زانیـاری تاکڕەهەنـد بـە زەحمـەت شـەڕی لەگەڵدا دەکرێت.

زاڵبـوونی ئینگلیـزی لـە پەیوەندیکردنـە نێودەوڵەتییەکانـدا، لـە بوارەکـانی زانـستەکاندا ئـەوە هـەر هـیچ، لـە بـواری سـەرگەرمی و ئەنتەرنێتیشدا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا کردارییـە، ڕێـك هـەروەکو چۆن تەکنۆلۆژیای زانیاریی نوێی هەرزان و شیاوی دەستپێگەیشتن، دەرفەتگەلی نویێ دابین دەکەن. ئـەوە تەحەدایـەکی دیموکراتییـە کـە هەموو کەسێك بەشداری پێبکەی لە دەستگەیشتن بـە زمـانی نـویێ و تـەکنۆلۆژیای زانیـاریی نـویێ لـە بارێکـدا کـە قـوڵی و دەوڵەمەنـدی زمانەکەی خۆی پارێزراو بێت و پێشبکەوێت.

## *مافەکان و ئازادیی مرۆڤ*

ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ پێشمەرجێکی دیموکراسی و گوزارشتێکی بەها بنچینەییەکانی سۆسیال دیموکراسییە. مافەکانی مرۆڤ بەو جۆرەی کە لە ڕاگەیاندنی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان ١٩٤٨ و لە پەیماننامەکانی تردا دەربڕدراوە، هەمەکێکی پێشێلنەکراو پێکدەهێنن.

وێڕای ئەو ڕاستییەی کە هەموو دەوڵەتەکان دانیان ناوە بە جاڕی جیهانی مافی مرۆڤدا، پێشێلکردنی ئەو مافانە هەموو کاتێك و بەشێوەی ئەنقەست ڕوودەدەن. ئەو مافە سیاسییانەی کە مافی کاریگەری خستنەسەر گەشەپێدانی کۆمەڵگە دەدەنە هاووڵاتییان خراونەتە ژێر پێ، لە کاتێکدا کە پاراستنیان لە سێبەری یاسادا و برەوپێدانیان هەرگیز زیادی نەکردووە. کۆنزەرڤاتیڤ و لیبراڵەکان بە ئامادەییەوە ئەو مافە کۆمەڵایەتی، ئابووری و کەلتوورییانە فەرامۆش دەکەن کە پێویستیان بە لێپرسراوێتییەکی مرۆیی بەکۆمەڵی چالاك هەیە بۆ ئەوەی بەرجەستە ببن. ئەوان بە تەنیا ئازادییە سیاسییە ڕەسمییەکان قبوڵ دەکەن. لە لایەکەی ترەوە ئایدیای کۆمەنیستی، فەندەمێنتالیستی ئایینی و ئایدیای تری تۆتالیتاری و ئەو کۆمەڵگایانە هەن کە بە ئەنقەست ماف و ئازادییە تاکەکەسییەکان پێشێل دەکەن لە سەر بنەمای ئەو خەیاڵپڵاوییەی کە ئەوان خزمەتی ئامانجێکی باڵاتر لە ئایندەدا دەکەن.



سۆسیال دیموکراتەکان پێداگری دەکەن لەسەر ئەوەی کە ماف و ئازادییە مرۆیی، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان هەمەگیر، نەبینراو و تاکەکەسی بن، نابێت لەلایەن هیچ دەوڵەتێك یان بکەرێکی ترەوە پێشێل بکرێن. هەنگاوی گرنگ بەرەو پێشەوە بریتییە لە شیمانەی خستنەژێر لێپرسینەوەی تاکەکان لە چوارچێوەی کاری دادپەروەری نێودەوڵەتیدا بۆ تاوانکارییەکانی دژی مافەکانی مرۆڤ .

مافەکانی ژنان هەمیشە لە ژێر مەترسیدا بووە و لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا لە کەلتوورێکی نەریتی( traditional)ی ژێر فەرماندا سەرچاوەی گرتووە، هەرچەندە بەشێوەی جیا جیا دەرکەوتووە. یەکسانی لە نێوان پیاوان و ژناندا کێشەیەکی کۆمەڵایەتیی ناوەندییە بۆ هەردوو پیاوان و ژنان. هێنانەکایەی دەرفەتی یەکسان، ماف و ئەرك لە گەلێك ڕووبەری ژیانی کۆمەڵایەتیدا، گۆڕان بەدوای خۆیدا دەهێنێت. جیانەکردنەوەی ڕەگەزی بەهۆی ڕەگەزەوە و هەڵبژاردنی هەر کەسێك بۆ ژیان لەگەڵیدا، مافێکی مرۆڤە لەگەڵ مافی خاوەنبوونی جەستەی خود و زاوزێ. نە لە کۆمەڵگەی ئێمە و نە لە هیچ کەلتوورێکی تردا ناتوانرێت هیچ جۆرە پێشێلکردنێك قبوڵ بکرێت. ژنان، بە چاوپۆشیکردن لەوەی کە چیان دەوێت، ئەگەر پیاوەکانیان بمرن وەکو کەلوپەل بۆ خزمانی پیاوەکانیان دەستاودەستیان پێدەکرێت، خەتەنەکردنی مێینە و کوشتنیان بە

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

پاساوی شەرەف، ئەمانە نموونەی ئەو نەریتانەن کە پێویستە نەهێلرێن.

لەباربردن مافێکە کە ئێمە لە سوید هەمووومان بێ چەندوچوون وەریدەگرین، بەلام لە گەلێك ولاتدا ئەمە قەدەغەیە یان لەبەر مەترسیدایە. کاتێك ئەو مافە بە ژنان نەدرێت کە بڕیار لەسەر جەستەی خۆیان بدەن، ئەوا لەگەل چەمکی مرۆڤایەتی سۆشیال دیموکراسییدا نایەتەوە.

پێویستە لە هەموو ڕووبەرێکی ژیانی کۆمەلایەتیدا ژنان هەمان ئەو مافانەی پیاوانیان بدرێتێ. پێگەی ژن لە ژێر فەرمانپێکردندا هەڕەشەیەکی شێلگیرانەیە لە گەشەسەندن. هەژاری و زیانی بونیادی واتە ئەمەی کە ژنان و مندالان ڕووبەڕووی مەترسی تایبەتی کەوتنەبەر شێوە ترسناکەکانی بازرگانیکردن بە خەلك و بەکاربردنی سێکسی ببنەوە. ئەمە پێشێلکردنی دیاری مافە مرۆییەکانیانە. ئەمە هۆکارێکی ترە بۆ شەڕ کردن لە دژی هەژاری و بەهێزکردنی مافەکانی ژنان و مندالان. پێویستە ئەم کارە هەم لەسەر ئاستی نەتەوەیی و هەم لەسەر ئاستی نێودەولەتی جێبەجێ بکرێت. پێویستە ڕۆلی پیاوان و ئەو توندوتیژییەی کە لەلایەن پیاوانەوە ئەنجام دەدرێت زیاتر بیری لێبکرێتەوە. پێویستە جیاکاری بەرانبەر نیوەی مرۆڤایەتی بەدیاربخرێت و شەڕی لە دژ بکرێت.



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

پێشێلکردنی مافەکانی مندالان بەربلاوە و بەتایبەت لەو دۆخەدا تالە کە قوربانییەکان هیچ ڕێگەیەکیان نییە بۆ خۆپاراستن. بە زۆری ئەوە پارێزگارەکانیانن کە تاوانەکان ئەنجام دەدەن و مال سیناریۆی تاوانەکەیە، هەمان ئەو دۆخەش ڕوبەڕووی ژنان دەبێتەوە. پەیماننامەی UN هەنگاوێك بەرەو پێشەوە دەنێت و سۆسیال دیموکراتەکانی سویدیش چالاك بوون لە پەرەپێدانی.

کاتێك مندالان لە بری پەروەردەکردن، چاودێری و فێرکردنێکی باش هەر لە زووەوە بەکاردەبرێن، ئەوا کارەساتێك بۆ هەر دوو قوربانی و کۆمەلگە بە گشتی دەقەومێت. پێویستە شەڕێکی توند لە دژی کارپێکردنی مندال و شێوەکانی تری کۆیلایەتی، هەموو شێوەکانی بەکاربردنی سێکسی، بەکارهێنانی مندالان لە جەنگ، تاوان، قاچاخچێتی کردن بە خەلکەوە و بازرگانیکردن بە مندالان و ئەندامەکانیانەوە بکرێت. ئەگەر دەولەتەکان خۆئامادە نەکەن بۆ کردەوەیەك بەرانبەر ئەمە، ئەوا کارەکە ئەکەوێتە ئەستۆی کۆمەلی نێودەولەتی بۆ ئەوەی دەستپێشخەری بکات.

لە جیهانێکدا کە دانپێدانان، شوناس، ئاسایش و نفوز پێویستن بۆ بەرگریکردن لە بەرژەوەندییەکانی تاك و تیایدا ئەمانە گرێدراون بە دەولەتە نەتەوەییەکانەوە، مافەکانی ئەوانەی کە بێ دەولەتن لە ژێر مەترسییەکی کاریگەردایە. یەکێك لە تاوانە هەرە بەرفراوانەکان لە ئەورووپادا لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا بریتی بوو لە قڕکردنی

مەکتەبی بیروهۆشیاری

جولەکە، قەرەج و گروپەکانی تر کە نازییەکان ڕقیان لێیان بوون. ژیانیان، بەها و شکۆیان لێسەندرا، چونکە بە گوێرەی نازییەکان ئەوان لە کۆمەڵگەدا نەدەگونجان. لە هەمان کاتدا ئەوروپا لە میراتێکی کەلتووری بێبەری کرا کە گرنگییەکەی ناخەملێنرێت. ئەمە لە ئەوروپایەکدا ڕوویدا کە تیایدا مەیلە ئیمپراتۆرییەکان لەگەڵ توندوتیژیدا بەرقەرار کران هاوشانی ئارەزووی فەرمانڕەوایەتیکردنی خەڵکێکی زۆر.

زۆربەی گروپە ئەتنییەکان، بە چاوپۆشیکردن لەوەی کە لەناو یان دەرەوەی سنوورەکاندا بڵاوبوونەتەوە، ئەزموونێکی مێژووییان هەیە وەکو کەمینە یا هەندێ جار زۆرینە، وەکو قوربانی جیاکردنەوەی توندوتیژانەی کەمتر یا زۆرترین سەرکوتکران و چەوسانەوە. وێڕای هەموو ئەمانە، ئەمڕۆکە هەمان ئەو تاوانانە لە نزیکەی هەموو شوێنێك ئەنجام دەدرێن، ئەم کردەوانە لە جیهانێکدا کە بانگەشەی دانپێدانانی ئازادی، لێبووردن و شکۆی مرۆڤ دەکات قبوڵناکرێن.

کوشتن و بەکاربردن هەمیشە کاری هەڵەن، ئەگەرچی لەلایەن دەوڵەتەوە و بە ناوی دادپەروەرییەوە جێبەجێبکرێن. لەبەرئەوە ئێمە بوێرانە خەباتمان لە دژی سزا و ئازاردانی گەورە درێژەپێدەدەین.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

## ڕێزگرتن لە فرەیی

خوێندن و زانینی بەربڵاو گرنگن ئەگەر مەبەستمان ڕێزگرتنی نەریت، کەلتوور و ئایینەکان بێت. نەبوونی ڕێز و تێگەیشتن سەر دەکێشن بۆ راسیزم، زینۆفۆبیا، هۆمۆفۆبیا ( ترس لە هۆمۆسێکسواڵ) و فەندەمێنتاڵیزمی ئایینی. دیموکراسی ئاشتی و سیستەمێکی کۆمەڵایەتیی باش لە یەکەمین قوربانییەکان دەبن.

لەلایەکی ترەوە ڕێزگرتن و تێگەیشتن بەو مانایە نییە کە ئێمە دەستبەرداری بەهاکانی ئازادی، یەکسانی و هاریکاریمان بین. ناکرێ تاوانەکانی دژی ئەم بەهایانە لە سەر ئاستی ئایدۆلۆژی، نەریت، کەلتوور یان ئایین هەرگیز قبوڵ بکرێن. گرنگە ئێمە تێبگەین و بزانین کە خاڵی جیاواز و تەنانەت جیاوازی گەورە لەناو کەلتوورێك یان ئایینێکدا هەیە. هیچ کەلتوورێك یا ئایینێك ناتوانێت بانگەشەی ئەوە بکات کە بێباکە بەرانبەر بەها مەزنەکانی وەکو دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ. لەبەر ئەوە پێویستە هەمان ئەو ئاراستە بنەماییانە پیادە بکرێن کاتێك قسە لەسەر مافەکانی هاووڵاتییان وەکو ئازادی دەربڕین، هەڵبژاردنی ئازاد و لە کاتی خۆیدا، میدیای ئازاد و مافە یاساییەکانی تاکەکان دەکرێن. تەنیا بەم کارە دیموکراسی ئەوروپی دەتوانێت فاشیزم و کۆمۆنیزم ببەزێنێت.

ئایدیا کۆنزەرڤاتیڤەکان لە گۆشە نیگای کەلتووری، سیاسی و ئایینییەوە لە ململانێی نێوان شارستانییەتەکاندا گەڵاڵە کراون لەبری

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

پەرەپێدانی بەهای جیهانێکی فرەلایەن کەلەسەر بنەمای دیموکراسی بنیاتنرابێت. پێویستە ئەم ئایدیایانە وەلانرێن. ئێمەی سۆسیال دیموکرات قەناعەتمان بەوە هێناوە کە دیالۆگ، ڕێز، هەلّکردن و ژیری گشتی دەتوانن جیاوازییەکان و دابەشبوونەکان کۆنترۆلّ بکەن.

هەلّنەکردنی فەندەمێنتالیستی و نەبوونی ڕێز سەردەکێشن بۆ دابەشبوونی قوولّ لە پەیوەندییەکانی نێوان خەلّك، نەتەوەکان و شارستانییەتەکان. سەرکردایەتی سیاسی ژیر لەبری ئەمە دەتوانێت جیهان بەم فرەڕەنگییە دەولّەمەند بکات.

فەندەمێنتالّیزم کە دەشێت توندڕەوییەکی توندوتیژانەی لێبکەوێتەوە شتێکە کە لە هەموو ئایینەکانی جیهاندا هەیە. ئەم فەندەمێنتالیزمە دەربڕینی فەلسەفەیەکی مرۆڤە کە نامۆیە بە دیموکراسی، هیومانیزم و هەلّکردن. پێویستە هەنگاونان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم توندڕەوییە دەست پێبکات و لەلایەن سەکردە سیاسی و ئایینییەکانەوە مامەلّەی لەگەلّدا بکرێت، نەك ئەمەی کە ببێتە هۆکاری لەیەکتر دوورکەوتنەوەی ئایینەکان.

لەماوەی چەند سالّی ڕابردوودا تیرۆریزم بەناوی ئیسلامەوە زۆرترین سەرنجی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە بەهۆی کردەوەکانی توندوتیژییەوە. زۆرینەیەکی گەورەی موسلّمانان دژی ئایدیای ئیسلامی کۆمەلّگایەکی کۆنترۆلّکراوی ئایدۆلۆژی و ئایینی و هەولّی



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

تێکەلّکردنی ئیسلامن لەگەلّ بەهاکانی دیموکراسی، مافەکانی مرۆڤ و دادپەروەری کۆمەلّایەتی.

بەجیهانیکردن ئاگاییەکی گەورەتری بەدوادادێت لەمەڕ ئەو ڕاستییەی کە ئێمە جیهان بە شێوازی جیا جیا دەبینین، نەك تەنیا جیاوازییە ئایدۆلۆژی، سیاسی و ئابوورییەکان، بەلّکو جیاوازییە کەلتوورییەکانیش ئاشکرا دەبن. کاتێك کە خەلّکی و کۆمەلّگەکان بەدوای وەلّامدانەوەی پرسیارە هەمیشەییەکانی وەکو ئێمە کێین و بۆ لێرەین—دا دەگەڕێن ئەوا ئەوان بە زۆری ئەوشتەی کە بۆ وەلّامدانەوە بەردەستترە بەکاردەهێنن. ئێمە خۆمان لە ڕێگەی میرات، چین، ئایین، زمان، مێژوو، بەهاکان، داب و دامەزراوەکانمانەوە پێناسە دەکەین. ئێمە خۆمان لەناو گروپە ئەتنییەکان، نەتەوەکان، هۆزەکان، کۆمەلّە ئایینییەکان یان شارستانییەتەکاندا ڕێکدەخەین. شوناسەکانمان دەبنە بەشێك لە سیاسەت و دەشێت لەلایەن سەرکردە سیاسییەکانەوە بەشێوەی پۆزەتیڤ یان نێگەتیڤ بەکاربهێنرێن. لەبەرئەوە جولّەیەکی تاکلایەنە بەرانبەر شارستانییەتی خۆرئاوایی نە جێی متمانە و قبولّکراوە نە ئارەزوومەندانەشە.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## ٤-ئاشتی و چەکدامالین

*(بۆ شەڕکردن لە دژی هەژاری، بەهێزکردنی دیموکراسی و پارێزگاریکردن لە ئاشتی دوو ئامانجی پێکەوەگرێدراون).*

( بژاردەیەك لە پرۆگرامی حزب)

سیاسەتێك بۆ ئاشتی و ئاسایشی مرۆڤ لە بەهاکانی ئازادی، یەکسانی و هاریکاری ئێمەوە دەست پێدەکات. دادپەروەری، لەنێوان خەڵك و لەنێوان وڵاتان و ئایینەکاندا، شێوازەکانی ئێمە بگرە لە ئامانجەکانی ئێمەشن.

زانیاری لەمەڕ ئەمەی کە جیهان ئارامتر بووە دۆخێکی هیوا و باوەڕ بە ئایندە لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. هەستێکی دڵنیایی و دیالۆگ جێگەی بێ متمانەیی و ململانێکانیان گرتووەتەوە لە سەرتاسەری جیهاندا. تێڕامانێکی بەبرەو هەیە لە بارەی ئەمەوە کە ئاسایش نەبینراوە و ناتوانرێت لەسەر حسابی یەکێکی تر بەدیبهێنرێت. هەر لەسەرەتای نەوەدەکانەوە ژمارەی ململانێ چەکدارییەکان لەنێوان دەوڵەتاندا بەشێوەی دراماتیکی کەمبووەتەوە. هەرچۆنێك بێت جێگەی سەرنجە کە ئاشتەوایی سیاسی لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا لە ژمارەیەك ململانێی هەرێمایەتیدا شکستی هێناوە لە وەستاندنی مەیلی نێودەوڵەتی بۆ خەرجی بەرچاوی سوپا. دەوڵەتان بە ئامرازی



مەکتەبی بیروهۆشیاری

سەربازی ڕووبەڕووی هەڕەشەی ناسەربازی بوونەتەوە و هەر لەبەر ئەمە جیهان پێویستی بە کەلتوورێکی نوێی چەکدامالین و لە سوپا داماڵینە.

سەرەڕای گەشەسەندنی ئاشتی لە نێوان وڵاتاندا، ململانێکانی ناو دەوڵەتان گەلێك لە خەڵکی ناچار دەکەن کە لەگەڵ ترسەکانی جەنگدا بژین. ئەم ئازار چەشتنە دەشێت زۆرجار بەری پێبگیرێت، بەڵام جیهان تەنیا ئەو کاتە کاردنەوەی هەبووە کە قەیرانەکە بەرجەستەبووە. ئەمە بە زۆری دەتوانرێت لە سەرکوتکردنی سیستەماتیکی ئاشکرای گروپە ئەتنی و ئایینییەکاندا ببینرێت لەناو دەوڵەتدا کە پاش ساڵانێك سەردەکێشێت بۆ ململانێی چەکداری هەرێمایەتی و پاکتاوی ئەتنی.

گەلێك لە هەڕەشە و قەیرانەکانی ئەمڕۆ ڕەگیان لە دابەشکردنی نادادپەروەرانەی سامانەکان، نەبوونی دیموکراسی یا غیابی ڕێز لە مافەکانی مرۆڤدا هەیە. هەژاری لە ڕادە بەدەر هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆیە لە ملیۆنان کەس و زەمینە بۆ ململانێی چەکداری خۆش دەکات. پێویستە هەموو وڵاتێك و خەڵکەکەی دەرفەتی گەشەسەندنیان پێبدرێت، تەنیا لەم ڕێگەیەوە ئێمە دەتوانین جیهانێکی ئارامتر بەدیبهێنین. گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی پێشمەرجێکە بۆ ئاشتی. پێچەوانەکەشی ڕاستە، ئاشتی و ئارامی بۆ خەڵکی پێشمەرجێکن بۆ گەشەسەندن. تا ئەو کاتەی کە ملیۆنان

مەکتەبی بیروهۆشیاری

کەس لە ژێر هەڕەشەی ململانێی چەکداریدا دەژین یاخود لەبەر قەیران هەڵدێن، ئەوا هەموو وزەیان لە شەڕدایە بۆ مانەوە و خۆپاراستن و پاراستنی خێزانیان. ئەوەی کە بۆ تاکەکەس و کۆمەڵ دێتەدەستمان بازنەیەکی ئەهریمەنانەی ململانێکان، نائارامی و هەژارییە.

لە بەشە دەوڵەمەندەکەی جیهاندا، ئێمە دەبینین کە چۆن توندوتیژی، چەك و هەستیاری بە ڕادەیەکی فراوان تایبەتمەندی گۆڕاویان هەیە. ئێستاکە چەکەکانی تر پاشان ئەو سوپایەی کە دەتوانرێ بۆ لێدانی کردارە زیندووەکانی کۆمەڵگا بەکاربهێنرێت، ناسەقامگیری و شڵەژان دروست بکات و زیان بە متمانەی خەڵك بگەیەنێت بەرانبەر مۆدێلی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانمان بوونیان هەیە. ئیتر نەك تەنیا دەوڵەتان، بەڵکو بە ڕادەیەکی زۆرتر گروپ و تاکەکانیش نوێنەرایەتی ئەو جۆرە هەڕەشەیە دەکەن. بە زیانگەیاندن بە پێداویستییەکانی کارەبا، تێلێکۆمیونیکاسیۆن و سیستەمەکانی IT لەناو کەرتەکانی وەکو چاودێری خەستەخانە، مامەڵە داراییەکان و هی تری لەم شێوەیە، ئەوان دەتوانن هەڕەشە لە توانامان بکەن بۆ کۆنترۆڵکردنی ژیانمان.

ئەمڕۆکە پێشکەوتنی خێرا لە تەکنۆلۆژیادا، واتە پشت ئەستووری ڕۆژانەی ئێمە بە سیستەمە باڵاکانی تەکنۆلۆژیا یەکێکە لە تەحەدا هەرە گەورەکانی سەر ئاسایشی نەتەوەیی. ئەو مۆنۆپۆلکردنەی



مەکتەبی بیروهۆشیاری

دەسەڵات، کە لەلایەن دەوڵەتانەوە جێبەجێ دەکرێت شیکێنراوە و ئەمڕۆکە دەشێت ئاسایشی خەڵك بە هێرشی زیانگەیاندن بە بەهاکان و کردارەکان بکەوێتە ژێر هەڕەشەوە، هەڕەشەیەك کە دەتوانێت لە سنوورەکان بپەڕێتەوە و بەبێ هۆشداری گورزی خۆی بوەشێنێت. وڵاتان ناتوانن کەناڵە ئەمنییە دابڕاوەکان بنیات بنێن. پێویستە سوید هاریکارییەکی قووڵتر لەگەڵ وڵاتانی تری یەکێتی ئەورووپادا جێبەجێ بکات. سیاسەتی بەرگری سویدی لەسەر بنەمای وەڵامدانەوەی هێرشەکانی دەوڵەتێکی تر بە شێوازی سەربازی ڕۆنراوە. پێویستە توانای بەرگری ئێمە لە سەردەمێکی نوێدا لەمە فەراژووتر بێت. پێویستە ئەو تەحەدایەی ڕووبەڕووی هێزەکانی بەرگری دەبێتەوە، لە تێڕامان لە هەستیاری نەتەوەکەمان و بکەرە نوێکان و ئامرازی نوێیان لە سەردەمێکی نوێدا، دەست پێبکات.

### بەرپرسیارێتیی هاوبەش

سوید و بەشەکانی تری کۆمەڵی جیهانی بەرپرسیارێتییەکی هاوبەشیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشە سەربازییەکان و تەحەداکانی تری ڕووبەڕووی دیموکراسی و ئاسایش هەیە. بۆ دانانی هەڕەشەکان و چارەسەرەکانیان لە ڕوانگەیەکی فراوانتردا، ئێمە پێویستمان بە چەمکێکی بەرفراوانتری ئاسایش هەیە، واتە ئەمەی کە چۆن لە پێگەیەکی خۆپاراستندا کار دەکەیت و لە هەمان کاتدا

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

بتوانیت خێراتر و بە زەبرتر بجولێیت لە بارێکدا کە ململانێ ناتوانرێت خۆی لێ لابدرێت. پێویستە خاڵی دەستپێکی ئێمە پارێزگاریکردن لە خەڵك و بەها مرۆییەکان بێت، نەك تەنیا دەوڵەتان و سنوورەکانیان.

سۆسیال دیموکراتەکان فشارێکیان دروستکردووە بۆ سیاسەتێکی سویدی بۆ کرداری خۆپاراستن کە پرۆپۆزەڵی کۆنکریتی بۆ دانوستان، گووشاری سیاسی چاودێریکراو لەلایەن پۆلیس و کردارگەلێك بۆ بەهێزکردنی سیستەمی یاسایی لێکدراو لەگەڵ پێداویستییە سەربازییە خێرا و بەزەبرەکان دەگرێتەخۆ.

پێویستە سوید هەوڵێکی زیاتر بخاتەگەڕ بۆ بڵاوکردنەوە و جێبەجێکردنی ستراتیژی کرداری بەرپێگرتن کە هەنوکە لە ئارادایە. هەر کاتێك کە ململانێییەك سەری هەڵدا، ئێمە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانەکەدا پێویستمان بە کردارێکی خێرا دەبێت. زۆر گرنگە لە زووترین کاتدا بەر بە بڵاوبوونەوە و خراپتربوونی ململانێیەك بگرین. ئێمە گەلێك نموونەی ئەو ململانێیانەمان بینیووە کە سەردەکێشن بۆ کۆمەڵکوژی و پاکتاوی ڕەگەزی. ئەوەی لێرەدا پێویستە بریتییە لە بەهێزکردنی سامان و توانای مامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانە توندەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا.

ئامرازی سەربازی تەنیا بەشێکە لە چارەسەری ململانێکان. دەتوانیت بەر بە ململانێکان بگریت، بیانخنکێنێت و لەم ڕێگەیەوە



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

ئاستێکی ئاسایش بەدیبهێنێت کە ڕێگە بۆ دانوستان، یارمەتیدانی مەدەنی و بنیاتنانەوەی کۆمەڵایەتی خۆش دەکات. بۆ بەدیهێنانی ئاشتییەکی درێژخایەن لە کۆمەڵگەیەکدا کە بەهۆی پێکدادانەکانەوە پارچەپارچە بووە وچانێکی دوورودرێژی بنیاتنانەوە لەگەڵ تێکەڵەیەکی ئامرازی سەربازی و مەدەنی پێویستە. لەو وڵاتانەدا کە ماوەیەکی دوورودرێژی پێکدادانیان بڕیوە و تیایدا گەنجان تەنیا بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ تەنیا وەکو سەرباز یان گەریلای شەڕکەر ژیانیان ناسیوە، خوێندن و پرۆگرامێك پێویستە بۆ گەڕاندنەوەی ئەو گەنجانە بۆ ناو ژیانی ئاسایی.

کارکردن لەگەڵ ئاسایشی مرۆیی زۆرجار گۆشەنیگایەك لەمەڕ ڕەگەز ناگرێتەخۆ، شتێك کە بۆ تێگەیشتن لە پێویستییە جیاوازەکانی ژنان و پیاوان لە بواری ئاسایشدا پێویستە. زۆرجار بارودۆخەکە لەبەرچاونەگیراوە. لە هەر ململانێیەکدا ژنان و منداڵان تووشی سەختترین پێکان دەبن. لاقەکردنی ڕێکخراو بۆ پەرتەوازەکردنی کۆمەڵگەکان بەکاردەهێنرێت. پێویستە سامانی زۆر لە دابینکردنی پێویستییەکانی ژنان و کچان بەکاربهێنرێن بۆ پارێزگاریکردن و پشتگیریکردنیان پێش و پاش هەر ململانێیەك. لە هەمان کاتدا پێویستە کاری حەیاتی و ڕۆڵی ژنان لە پرۆسەکانی ئاشتییدا لەبەرچاوبگیرێت هەر بەوشێوەیەی کە لە بڕیاری ١٣٢٥ی ئەنجومەنی ئاسایشی UNدا باسی لێوەکراوە.

*لە بەرگریکردن لە  هەرێمەکانەوە بۆ بەرگری لە بەها هاوبەشەکان*

بۆ ئەمڕۆ و بۆ ئایندەیەکی پێشبینیکراو، هێرشی سەربازی بۆ سەر سوید لەلایەن دەوڵەتێکی ترەوە ئەگەری نییە و لەهەمان کاتدا پێویستی هەوڵە نێودەوڵەتییەکان بۆ ئاشتی و ئاسایش لە زیادبووندایە. پێویستە سیاسەتی بەرگری سوید لەسەر بنەمای ئەم واقیعە پەسەند بکرێت. پێویستە ئێمە سیاسەتی بەرگری بنیاتنراو لەسەر داگیرکردنی سەردەمی جەنگی سارد تێپەڕێنین و هەوڵێکی بەرگری مۆدێرن و نەرم و نیان بخەینەگەڕ کە لە خاڵی بەرگرتن و مامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانەکانی هەرێمی دەوروبەرمانەوە ئاراستە کراوە.

بەم شێوەیە ئێمە دەتوانین بە شێوەیەکی جیهانی هاوبەش بین لە ئاشتی و ئاسایش– ئەمە لە بارێکدا کە ئێمە ئاسایشی خۆمان و ئەوروپا بەهێز دەکەین. ئەمە جەختکردنەوەیەکە لەوەی کە ئێمە لە چاوی ئەوانیتردا خۆگری دەنوێنین و دەتوانین تواناما‌ن زیاد بکەین بۆ کاریگەری خستنەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتی. پێویستە ئەم گۆڕانەی ئاراستەی سیاسەتی بەرگری لە بەکارهێنانی سامانەکاندا ڕەنگبداتەوە. ئەوەندەی پەیوەندی بە هەوڵی نێودەوڵەتییەوە هەیە، پێویستە ئارەزووەکانمان ڕێنوێنی بۆ سیاسەتی نزیک مەودا و سیاسەتی دوور مەودا دابین بکات. توانای ئێمە بۆ بەشداریکردنی هەوڵە نێودەوڵەتییەکان پرسێکە بۆ ئامادەبوون لە ڕووبەڕێکی



ململانێدا بۆ ماوەیەکی بەرچاو لە بەرژەوەندی سەقامگیرکردن و توانینی دەستەویەخەبوونی خێرا کاتێك کە ململانێیەك ڕوودەدات. بۆیە پێویستە هەوڵە سویدییەکان  بوارێکی بەرفراوان بگرن لە هەوڵەکانی خۆپاراستندا بۆ سەپاندنی ئاشتی لەناو چوارچێوەی کاری ئاسایشدا.

هەرچۆنێك بێت ئێمە ناتوانین ئەو ڕاستییە بەلاوە نێین کە دەشێت هێرشێکی چەکداری بۆ سەر سوید بکرێت لە ماوەیەکی دوورمەودا دا. بۆیە ئێمە پێویستمان بە سیستەم و کردارگەلێك هەیە لە سەروو ئەو شتانەوە کە پێویستن بۆ کارە نێودەوڵەتییە هەنووکەییەکان. پێویستە گەلێك لەم سەرچاوانەی کە ئێستاکە لەناو سترەکتۆری سەربازیدا هەن و بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانی ناسەربازی بەکاردەهێنرێن بدرێنە دەست دەسەڵاتە مەدەنییەکان کە لەم جۆرە کارانە بەرپرسن. ئەمە دەتوانێت ئامادەیی ئێمە بەهێز بکات بۆ کارەساتە لەناکاوەکان لە سوید و لە دەرەوە.

ئامانجی سیاسەتی ئەمنی سوید پارێزگاریکردن لە ئاشتی و سەربەخۆیی وڵاتمان، بەشداریکردن لە سەقامگیری و ئاسایشی هەرێمەکەمان و هەروەها بەهێزکردنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتییە. ناهاوپەیمانێتی سەربازییمان ئازادی کردارمان پێدەدات. ناهاوپەیمانێتی واتە ئەگەری دەستەویەخە بوون لەگەڵ



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری

ئـەو ململانـێ نێودەوڵەتییانـەی کـە تیایانـدا دەوڵەتـە دەسـت وپـێ بەسـتراوەکانی سـوپا و بـواری سـەربازی نـاتوانن دەسـتەویەخە بـن لەگەڵیاندا. لەبەر ئـەم هۆیـە سـوید دەتوانێـت پێویـستی هەوڵـەکانی ئاشتەوایی نێودەوڵەتی باشتر وەڵامداتەوە.

ناتۆ لـە کۆتـایی جـەنگی ساردەوە گـۆڕانی بەسـەردا هـاتووە لـە ڕێکخراوێکـی گـرنگ بـۆ مـشتومڕ لەسـەر بڕیارەکـان و سیاسـەتی ئاسایش بۆ زیاتر دەسکەلایەکی سەربازی.

ئەمڕۆکە ناتۆ ئەو ڕێکخراوەیە کە ستاندار دادەنێت بۆ سترەکتۆری سەربازی لە هەموو وڵاتاندا.

سوید ناتوانێت داوای ئەندامێتی لە نـاتۆدا بکـات لـە کاتێکدا کـە ئەو ئەندامێتییە ناتوانێت ئاستی ئاسایشی ئێمە بەرز بکاتەوە. سـوید دەتوانێت ناهاوپەیمانێتی خۆی درێژە پێبدات. هەرچۆنێك بێت سوید پێویستە لەسەر هاریکارییەکی نزیك لە هـەموو بوارەکانـدا بـەردەوام بێت بە بێ گیرۆدە بوون بە ئەرکەکانی پەیوەست بە بواری بەرگری، کـە بـۆ مـاوەی چـەند سـاڵێك لـە کایـەدا بـووە. ئۆپەراسـیۆنە نێودەوڵەتییەکان زۆر و زۆرتر بێزارکەر و ئاڵۆزکاون و ئەمە پێویستی بەسـتانداردکردن و مـانۆڕی هاوبەشـی دووره دەسـت هەیـە. بـۆ ئاسانکردنی بەشداری سوید لە بـەڕێوەبردنی قـەیرانی نێودەوڵەتیـدا، پێویستە سەربازەکانمان ڕاهێنانیان پێبکرێت و لە مەشقەکان لەگەڵ



مەکتەبی بیروهۆشیاری

سـەربازەکانی وڵاتـانی تـردا بەشـداری بکـەن. ئەمـە بەتایبـەت لـە چوارچێوەی کاری ناتۆدا ڕێکخراوە.

یەکێتی ئـەوروپا خەریکـە دەبێتـە بکـەرێك و قەڵـەمڕەوێکی ئـەو ئامرازانــەی کــە پێویــستن بــۆ ڕووبەڕووبونــەوەی هەڕەشــە فرەلایەنەکانی جیهانی ئەمڕۆ. ئەمە پۆزەتیڤە. ئەو هاریکارییـەی کـە لەنێوان وڵاتانی ئەوروپادا هەیـە بـەو مانایەیـە کـە بـۆ سـوید شـیاوی بیرلێکردنەوە نییە هەڵوێستێکی پاسیڤ پەسند بکات ئەگەر وڵاتێکـی تری ئەندام تووشی قەیرانێکی سەخت بوو.

ئێمــە بــەردەوام دەبــین لــە دەســت و پەنجــە نــەرمکردن و بەشدارییەکی کارا لە چالاکییە نێودەوڵەتییەکاندا لـەناو چوارچـێوەی کاری UN,EU,NATO و OSSEدا.

### بەرپرسیارێتی یەکێتیی ئەوروپا بۆ ئاسایشیی جیهانی :

لــە کاتێکــدا کــە نەتــەوە یــەکگرتووەکان بەرپرســیارێتییەکی گــشتگیری هەیــە بــۆ ئاشــتی و ئاســایش لــە جیهانــدا، نەتــەوە یەکگرتووەکان داواکارییـەکانی بـۆ ڕێکخـراوە هەرێمایەتییـەکان بـەرز کردۆتەوە، بۆ نموونە یەکێتی ئەوروپا، بۆ ئەوەی بەرپرسـیارێتییەکی گەورەتر لـە ئەسـتۆ بگرن. هـەرێمێك نوێنەرایـەتی کـە نزیکـەی ٤٥٠ ملیۆن کەس و چارەکێك لە سامانی جیهان دەکـات و زیـاتر لـە ١٥٠٠ ملیـۆن لــە هــەر سـاڵێکدا خــەرج دەکـات بـۆ بــەرگری سـەربازی ،

مەکتەبی بیروهۆشیاری

پێویسته بەرپرسیارێتییەکی گەورەتر لە ئەستۆ بگرێت بۆ ئاشتی و ئاسایش. بۆیە گرنگە ئەو سیاسەتەی ئاشتی و ئاسایش کە لەناو یەکێتی ئەوروپادا گەڵاڵە کراوە توانایەکی زیادکراو دابین بکات بۆ بەڕێوەبردنی قەیران.

هیچ ناکۆکییەك نییە لەنێوان بەشداریکردن لە بەڕێوەبردنی قەیرانی EU و دەستەویەخەبوونێکی بەردەوام لە UNدا. بە پێچەوانەوە بەڕێوەبردنێکی باشی قەیران لە ئەوروپا UN پتەو دەکات و ئاسایشێکی جێگیر و شیاوی بەمتمانە لە ئەوروپا دابین دەکات. پێویستە بەڕێوەبردنی قەیران لەلایەن یەکێتی ئەوروپاوە لە هەموو لایەنێکەوە لەگەڵ ئەو پرەنسیپانەدا بێتەوە کە لە پەیماننامەی ( UN)دا هاتوون. لەبەر ئەوە دەبێت یەکێتی ئەوروپا بە هاوکاری نەتەوە یەکگرتووکان، تواناکەی باش بکات بۆ بەرلێگرتن و بەڕێوەبردنی قەیرانەکان.

یەکێتی ئەوروپا دەستی دەگات بە جۆرەها ئامراز. ئەمە دیپلۆماسی، رێککەوتننامە بازرگانییەکان، یارمەتی، پشتگیری سیستەمە یاساییەکان و هێزەکانی پۆلیس بە درێژایی چالاکییە سەربازییەکان دەگرێتەوە. بەرفراوانی ئامرازەکان و هەروەها توانای هەماهەنگکردنیان لەناو چوارچێوەی کاری هاوبەشدا، یەکێتی ئەوروپا دەکاتە بکەرێکی بێ هاوتا لە بواری بەڕێوەبردنی قەیراندا.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

لەمڕۆدا یەکێتی ئەوروپا ئۆپەراسیۆنەکانی بەڕێوەبردنی قەیرانی سەربازی و هەروەها مەدەنی ڕادەپەڕێنێت.

یەکێتی ئەوروپا و رێکخراوە هەرێمایەتییەکانی وەکو یەکێتی ئەفریقا پێویستیان بە پشتگیرییە بۆ کردەوەی نێودەوڵەتیی خێرا. ئەمڕۆکە نەبوونێکی ڕاستەقینەی توانای جیهانی بۆ ئەو جۆرە هەولانە هەیە. پێویستە هەوڵەکان لەبەردەستدابن ئەگەر مەبەستمانە بەر بە گەشەکردن و گەورەبوونی قەیران بگرین.

گرنگە یەکێتی ئەوروپا یەکەکانی دەستەویەخە بوونی خێرا دابمەزرێنێت کە پێکهاتبن لە یەکەکانی ڕزگارکردن، خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان، پۆلیس و توێژەری یاسایی. ئەم یەکانە دەتوانن لە هۆشدارییەکی کورتدا ئامادەبن بۆ یارمەتیدانی قوربانییەکانی کردەوە تیرۆریستییەکان، کارەساتە سروشتییەکان یان قەیرانەکانی تر.

### چەکداماڵین

پێویستە چەکداماڵینی نێودەوڵەتیی زیاتر ئیشی لەسەر بکرێت. لە ماوەی دەیەکانی رابردوودا ئێمە تێبینی ئاشتییەکی بەرچاو و رێساگەلێکی هاوبەشمان کردووە لەبارەی ئەمەوە کە چۆن دەکرێ جۆرە دیارەکانی چەك مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

بەڵام زۆری تر ماوە. ئامانجەکە بەلاوەنانی تەواوی چەکەکانی کۆمەڵکوژ، بایۆلۆجی و کیمیایی و ناوکییە. بەرگرتن لە بڵاوبوونەوەی چەك بەشێکی گرنگی کار لەچەکداماڵینە. بۆ بەدەستهێنانی ئەمە پێویستە دەسەڵاتە ناوکییەکان لە ئێستاوە تەقەمەنییەکانیان کەم بکەنەوە.

هێزی کۆکراوەی چەکە ناوکییەکان لە جیهاندا، بە شێوەیەکی سەرەکی ئەوەی ئەمەریکا و ڕوسیا، دەتوانێت چەند جارێك هەموو ژیانی سەر زەوی ڕابماڵێت، هەرچەندە چەکە ستراتیژییەکان لە کۆتایی جەنگی ساردەوە بەشێوەیەکی ڕاستەقینە کەمکراونەتەوە. ناتوانرێ چەکە ناوکییەکان بە ئەنقەست بەکاربهێنرێن– بەڵام بە هەڵە گومانی تێدا نییە– و پێویستە وەکو چەکی سیاسی نەك سەربازی سەیر بکرێن. لە بەرژەوەندی مرۆڤایەتی و کۆمەڵی جیهانییە بۆ مانەوە و بۆ ئاسایشی هاوبەشە کە هەموو چەکە ناوکییەکان لەناوببرێن. لە پەیماننامەی پەرەپێنەداندا لە ساڵی ۲۰۰۰ دەسەڵاتە ناوکییەکان بە ڕەسمی ڕازی بوون بە لەناوبردنی هەموو چەکە ناوکییەکان. ئێمەی سۆسیال دیموکرات لە EU و UNدا کار دەکەین بۆ زامنکردنی ئەمەی کە ئەم بەڵێنانە جێبەجێ بکرێن. سۆسیال دیموکراتەکان کار دەکەن بۆ ناچارکردنی هەموو دەسەڵاتە ناوکییە ناڕەسمییەکان کە پەیماننامەی پەرەپێنەدان واژۆ بکەن.



مۆدێرنیزەکردنی بەردەوامی چەکە ناوکییەکان، بە تایبەت چەکە تاکتیکییەکان، بە بەفیڕۆدەرێکی ئابووری و سامانی مرۆیی زەبەلاح ئەژمار دەکرێن، کە لەبری ئەمە دەبێت بۆ بەرزکردنەوەی ئامانجەکانی گەشەسەندن بە شێوەیەکی سەرەکییش لە وڵاتە ڕوولەگەشەکاندا بەکاربهێنرێن شانبەشانی ئامانجی هێنانەکایەی دادپەروەرییەکی جیهانی مەزنتر و زامنتر و سیستەمێکی جیهانی خۆگرتر.

هەڕەشەی چەکی ناوکی لە ئێستادا دوورە، بەڵام زیادی کردووە. ئەمەریکا و ڕوسیا چەکداماڵینێکی ڕاستەقینە ڕەتدەکەنەوە، لەبری ئەمە تەقەمەنییە ناوکییەکانیان مۆدێرنیزە دەکەن، هەروەکو چۆن دەسەڵاتە ناوکییەکانی تریش خەریکی ئەم کارەن. سەرەڕای ئەمە ژمارەیەك وڵات هەن کە پێشتر دەسەڵاتی ناوکی نەبوون و ئێستاکە توانایەکی ناوکییان بنیاتناوە لەگەڵ مەترسی ئەمەی کە تەشەنەسەندنی زیاتر لە ئایندەدا لەئارادایە. دواجار مەترسی ئەوە هەیە کە چەکە ناوکییەکان بگاتە دەست گروپە تیرۆریستییەکان.

بۆ ئەوەی چەکداماڵین سەرکەوتوو بێت، پێویستمان بە سیستەمی کۆنترۆڵی توندوتۆڵتر هەیە. پێویستە سوید و یەکێتی ئەوروپا ڕۆڵێکی ڕێبەرانە ببینن لەم کارەدا. ئێمە دەمانەوێت دەرکەوتنی بەرپرسیارێتییەکی بەکۆمەڵ هەبێت لە تێکۆشان لە دژی چەکەکانی کۆمەڵکوژ. دەمانەوێت ئاژانسێکی وزەی ئەتۆمی بەهێزتر ببینین کە

مافی پشکنینی هەموو تەکنۆلۆژیای ناوکی هەبێت، جیا لە هەر شوێنێك بێت. کاتێك کە جۆری چەکە دیاریکراوەکان سنووردار کراون یان بە تەواوی قەدەغەکراون هەروەکو لە حاڵەتی ئەلغامە کەسییەکاندا، پێشکەوتنێکی بەرچاومان هەبووە.

پێویستە کاری بچوککردنەوەی ژمارەی چەکە سوکەکان بە کۆششێکی گەورەتر سۆراخ بکرێت. ئەم چەکانە وەکو دەمانچە و ڕەشاش بەرپرسن لە کوشتنی ٩٠٪ی هەموو کوشتارەکان لە ململانێ چەکدارییەکاندا و ئەمانە هۆکاری مردنی نیو ملیۆن کەسن لە هەر ساڵێکدا. ئەمانە لە جەنگی هێمندا لە دژی ژنان و منداڵان بەکاردەهێنرێن. هەبوونی چەك ماف نییە.

پێویستە هەموو بازرگانییەك لە چەك و ئامرازەکانی بەرگریدا بە ڕێسای نێودەوڵەتیی توند کۆنترۆڵ بکرێن. پێویستە سوید لەم ڕووەوە ڕۆڵی پێشەنگ ببینێت بە سەپاندنی کۆتوبەندی توندوتۆڵ لەسەر هەناردە و هاوردەی سویدی چەك و کەرەستەکانی جەنگ. پێویستە دەستگەیشتنی ڕەوا بە چەك لە بەرژەوەندی بەرگریکردن لە خۆ و توانای سەربازی بۆ بەرقەرارکردنی حوکمی یاسای نێودەوڵەتی ڕوونبکرێتەوە.

نابێت ڕژێمە نادیموکراتییەکان و ئەو وڵاتانەی کە مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکەن، هەمان ڕەوایەتییان پێبدرێت لە دەستگەیشتن بە چەکەکان. کاتێك کە باسی هەناردەکردن دەکرێت، پێویستە ڕەچاوی



مەترسی جەنگ یان ئەمە بکرێت کە دەوڵەت مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکات. دەبێت ڕێساکانی هاوردەکردنی کەرەستەکانی جەنگیش دابڕێژرێن بە ئاقاری هەمان ئەو پرەنسیپانەی کە بۆ هەناردەکردنی هەمان جۆری ئەو بەرهەمانە دانراون.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## ٥-سیستەمی نێودەوڵەتیی یاسا و ئاسایشی مرۆڤ:

*( پێویستە UN هەمیشە بکەرێکی ناوەندی بێت لە تێکۆشان بۆ مافەکانی مرۆڤ و لە دژی هەژاری ، کە لە چەقی هاریکاریدایە، چونکە ئێستاکە پرۆسەی ئازادبوون لە کۆلۆنیالیزم بە شێوەیەکی فراوان تەواو بووە.)*

( بژاردەیەك لە پرۆگرامی حزب)

دەوڵەتی نەتەوەیی زۆر لەوە گەورەترە کە هەموو کێشەکانی خەڵك چارەسەر بکات، بەڵام لەوە بچوکترە کە کێشەکانی مرۆڤایەتی چارەسەر بکات. لەبەرئەوە پێویستمان بە هاوکاری زیاترە لە پێشوو لەنێوان دەوڵەتان، هەرێمەکان و لەناو دامەزراوە نێودەوڵەتییەکاندا. لەکاتێکدا کە هەستیارییمان سنووررەکانی بڕیووە، بە هەمان شێوە تەحەداگەلێکمان لە ناوچەکانی تردا لەبەردەمدایە. گەشەی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە ئاستی جیهانیدا پەیوەستن بە یەکترییەوە. ئاسایش زیاتر کێشەیەکی هاوبەشە بەر لەوەی پەیوەندیدار بێت بە هێرشە تیرۆریستییەکان و ئەو ڕاستییەی کە دەشێت ململانێ هەرێمایەتییەکان دەرەنجامی جیهانییان هەبێت. بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکانی زیانی ژینگەیی و پاراستنی مافەکانی



مەکتەبی بیروهۆشیاری

مرۆڤ، هیواخوازین لە سەر ئاستی هەرێمی سکەندەنافیا، ئەورووپا و جیهاندا نێودەوڵەتییانە کار بکەین.

بازاڕێکی گلۆباڵ، تەحەدا جیهانییەکان و لایف ستایل( شێوازی ژیان)ە بێ سنوورەکان پێویستیان بە سیاسەتێکی جیهانییە. تاوەکو ئێستا کێشەکە ئەوە بووە کە چۆن ئەو دامەزراوە نێودەوڵەتییانە بنیاتبنرێن کە کردار دیموکراتیزەیان دەکات و وایان لێدەکات دەستەویەخەبوون و بەشدارییەکی گشتی زامن بکەن.

### *پێویستە UN بەهێز بکرێت:*

دامەزراوەی نێودەوڵەتی هەرە گرنگ بریتییە لە نەتەوە یەکگرتووەکان بەڵام نەتەوە یەکگرتووەکان هەرگیز لەوەندەی دەوڵەتە ئەندامەکانی ڕێگەی دەدەن بەهێزتر نییە.

ئەگەر نیاز وایە نەتەوە یەکگرتووەکان بەهێزتر ببێت، پێویستە ریفۆرم بکرێت. پێویستە ڕێکخراوەکە بتوانێت قەیرانەکان بەڕێوە ببات و پەرە بە مافەکانی مرۆڤ بدات و هەروەها ئاستی گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی بەرز بکاتەوە. کارێکی جەوهەرییە کە پەیوەندی نێوان ئاشتی، ئاسایش و گەشەسەندن ڕوون بکرێتەوە. بەبێ هەوڵی کاریگەر بۆ شەڕکردن لەگەڵ هۆکارەکانی ململانێ، هەژاری و توندڕەوی سیاسی، ململانێکان خۆیان کۆنترۆڵنەکراو دەبن. ئەمە بۆ کاری بنیاتنانەوەی دوای

مەكتەبی بیروهۆشیاری

ململانێش ڕاستە. ئەگەر ئاسایش مسۆگەر نەکرێ، زۆرجار بە یارمەتی دەرەوە، ئەوا هەرگیز پرۆسەکانی بنیاتنانەوە و گەشەپێدان بەرجەستە نابن.

یاسایەکی نێودەوڵەتیی مۆدێرن ئاسایشی خەڵکی لەسەروو سەروەری دەوڵەتانەوە دادەنێت. ئەوە سەرەکی و هەنگاوی یەکەمە کە دەبێت دەوڵەت پارێزگاری لە هاوولاتییانی بکات و یارمەتیان بدات. دەوڵەتان لە چاوی هاولاتییانی خۆیان و کۆمەڵی نێودەوڵتیدا لێپرسراون. شتێکی نائەقڵانییە کە دەوڵەتان لە ژێر بانگەشەی سەروەریدا مافەکانی هاوولاتییانی خۆیان پێشێل بکەن. ناکرێ سەروەری تەنیا بە مانای مافی پارێزگاری بەرانبەر تەدەخولی دەرەکی بێت، بەڵکو پێویستە پابەندیش بێت بە بەرپرسیارێتییەك بەرانبەر کۆمەڵی نێودەوڵەتی بۆ دانیشتووانی ولاتەکە. ئەگەر دەولەتێك نەتوانێت وەلامی ئەم ئەرکە بداتەوە ئەوا لێپرسراوێتی نەتەوە یەکگرتووەکانە کە هەنگاو بنێت، بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەمەی کە ئەو دەولەتەی لەژێر پرسیاردایە قبوڵییەتی یان نا.

### ***گۆڕینی پرۆسەی بڕیاردانی UN:***

نەتەوە یەکگرتووەکان بەرپرسیارێتی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی و ئەو بڕیارانەی هەیە کە لە ئەنجومەنی ئاسایشدا دەدرێن. پێکهاتەکەی لەسەر بنەمای بارودۆخی کۆتایی جەنگی



مەكتەبی بیروهۆشیاری

جیهانی دووەم بنیاتنراوە و هیچ پەیوەندییەکی نییە بەوەی کە لەمڕۆدا دەیخاتەڕوو. لەبارەی مامەڵەکردنەوە لەگەڵ ململانێ دیارەکان، بەهۆی مافی ڤیتۆوە ئەنجومەنەکە بلۆککراوە. لەبەر ئەم هۆیە گەیشتن بە ریفۆرم گەلێکی پێویست کارێکی قورسە.

تێڕوانینمان ئەوەیە کە ئێمە لەوشوێنەدا کە پەیوەندی بە یاسای نێودەوڵەتییەوە هەیە، سیستەمێکی تری شتەکانمان هەبێت. ئێمە دەمانەوێت ئەنجومەنێکی ئاسایشی کارا ببینین کە دەتوانێت بەرپرسیارێتییەکانی بەتەواوی لە بواری ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتیدا پیادە بکات. دەبێت بڕیارەکان لەلایەن زۆرینەیەکی لێهاتووەوە بدرێن یان لە ئەنجومەنی گشتیدا و مافی ڤیتۆ هەڵوەشێتەوە. تێڕوانێکی هاوبەش و کردارێکی بە کۆمەڵ شتێکی خوازراوە، بەڵام بە دەگمەن باشترە لە هیچ کردارێك.

بۆ بردنەوەی ڕەوایی و بۆ گونجاوتر بوون، پێویستە ئەنجوومەن بەرفراوان بکرێت و باشتر نوێنەرایەتی گەلانی دونیا بکات. پێویستە باڵادەستی زلهێزەکان بشکێنرێت و چانسی پیادە کردنی کاریگەری، تەنانەت ئەگەر سروشتی بێت متمانەی زیاتر، بدرێت بە سیستەمە دیموکراتییەکان شانبەشانی ئەو دەولەتانەی کە چالاکانەتر بە بودجە و کردارەکانیانەوە بەشداری لە UN دا دەکەن. ئەنجومەنی گشتی، ئەنجومەنی ئاسایش و ڕێکخراوەکانی بڕیاردانی ئابووری، هەروەکو هیوادارین ئەوە رووبدات، پێویستە شەفافتر و کراوەتر بن بۆ

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

دەستپێشخەرییەکانی بزووتنەوە نێودەوڵەتییە گشتییەکان و پەرلەمانە هەڵبژێردراوە گشتییەکان.

پێویستە فراوانبوونی ئەنجومەن نەبێتەهۆی وەرچەرخانێکی قووڵتر لە دەسەڵاتدا بۆ وڵاتە دەوڵەمەندەکان. ئەندامە هەمیشەییەکان زیاتر مەبەستیان بەربەستکردنی ریفۆرم دەبێت، بە تایبەت ئەگەر مافی ڤیتۆ بمێنێتەوە. باڵانسێك لە نێوان ڕوانگە هەرێمایەتییە جیاوازەکاندا زۆر گرنگە، بەڵام ناتوانرێت تەنیا بە پێدانی دەسەڵاتی زیاتر بە دەوڵەتانی هەنوکە دەسەڵاتدار لە ناوچەکە، ڕابگیرێت.

دەکرێ لێپرسراوێتی زیاتر بدرێتە یەکێتی ئەورووپا و ڕێکخراوە هەرێمایەتییەکانی تر بۆ هەماهەنگی زیاتر لە ناو UN دا. بۆ کێشە ئابوورییەکان، یەکێتی ئەورووپا دەنگێکی زۆر گرنگە.

### ***سیستەمی نێودەوڵەتیی یاسا:***

ڕێساگەلێکی نێودەوڵەتیی چالاك و یاسایی پێویستن بە جۆرێك کە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و پێشێلکردنی یەکبوونی کەسایەتی لەڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریزم و تاوانی ڕێکخراودا پیادە نەکەن. پێویستە سەرچاوە و ئامرازی باشتر بخرێنەبەردەست دادگای دادی نێودەڵەتی و دادگای نێودەوڵەتی بۆ تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی، بۆئەوەی ئەرکەکانیان ڕاپەڕێنن. کاتێك سیستەمی دادپەروەری



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

دەوڵەتەکان کار ناکات یان نایانەوێت تاوانکارانی جەنگ، تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی یان جینۆسساید سزا بدەن، ئەوا گرنگە دادگای نێودەوڵەتیی تاوان ئەم ئەرکە بگرێتە ئەستۆ. ئەمە ڕێگە خۆشدەکات بۆ حوکمدانی سەرکردە سیاسییە باڵاکان و سەرکردە سەربازییەکان و ڕێگە دەگرێت لە تاوانی تر. گرنگە هەموو دەوڵەتەکان پەیماننامەی دامەزراندنی دادگایەکی نێودەوڵەتیی تاوان واژۆ و پەسەند بکەن بۆ ئەوەی باشترین هەلی پێبدرێت بۆ کارکردن.

پێویستە لە دژی جیاکارییەکانی ڕەگەز، ڕەچەڵەکە ئەتنییەکان، ئەفزەڵییەتە سێکسییەکان، پەککەوتەیی و ئایین کۆشش بکرێت هەم لەسەر ئاستی نەتەوەیی و هەم لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا. پێویستە مافەکانی منداڵان و یەکسانی نێوان پیاوان و ژنان لە یاسای نێودەوڵەتیدا بەهێز بکرێت. پێویستە مافەکانی مرۆڤ لە ژیانی کارکردندا و پیادەکردنی پەیماننامەکانی ILO، بە تایبەت مافی دامەزراندنی یەکێتییەکانی بازرگانی و خەبات بۆ کۆتاییهێنان بە کاری منداڵ و کاری کۆیلە سەرنجی زیاتریان بخرێتەسەر.

ئەورووپا دادگای دادی هەیە کە دەتوانێت حوکم لەسەر دەوڵەتە جیاجیاکان بدات بەرانبەر پێشێلکردنەکانی پەیماننامەی مافەکانی مرۆڤ. دەبێت سیستەمێکی هاوشێوە لەسەر ئاستی جیهانی جێگیر بکرێت کەتیایدا تاکەکان بتوانن کەیسەکانیان ببەنە دادگا کاتێك کە هەست بکەن دەوڵەت مافەکانیان پێشێل دەکات.

سزاكان وەكو ئامرازی گووشاردانان لەسەر دەوڵەتان مشتومڕیان لەسەر كراوە لە ڕووداوی ململانێكان و پێشێلكردنەكانی یاسایی نێودەوڵەتیدا. بەكارهێنانی سزاكان كاریگەر نییە و زۆرجار كاریگەری دەخاتەسەر ئەوانەی كەوتوونەتەبەر ناعەدالەتی لە كاتێكدا كە تاوانبار بۆی دەردەچێت. ئەوەی كە پێویستە بریتییە لە سزای باش ئاراستەكراو و توندتر. دەشێت هەڵپەساردنی داراییەكان یان دانانی كۆتوبەند لەو سزا بەرپرسیارانەدا كاریگەرییان هەبێت.

### ***پێویستە دیموكراسی و بەشداری گشتی پەرەیان پێبدرێت:***

لە گەلێك دەوڵەتدا دیموكراسی لەسەر ئاستی لۆكاڵ، هەرێمایەتی و نەتەوەییدا بە باشی كار دەكات، بەڵام لە بوارەكانی ئەو دیو سنووردا كورت دەهێنێت. یەكێتی ئەوروپا ئەو ڕێكخراوەیە كە لە بواری ئاراستەكردنی كاریگەری گشتیدا، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا قوڵتر بووەتەوە ، ئەمەش بەهۆی هەردوو ئەو ڕاستییەوە كە ڕێكخراوەكە تەنیا لە دەوڵەتانی دیموكراتی پێكدێت و لەبەر ئەوەی پەرلەمانی ئەوروپا ڕێكخراوەیەكی ڕاستەوخۆ هەڵبژێردراوە. هاوكاری هەرێمایەتی لە ئەمریكای لاتین و ئەفریقا بەهەمان ئاراستەدا دەڕوات و دەسكەوتی گرنگی هەبووە، هەرچەندە ئاسیا ئەوەندە نەچۆتەپێش.



پێویستە ئامانجێك بۆ سیاسەتی دەرەوە و یارمەتی بریتی بێت لە كاریگەریخستنەسەر دەوڵەتی زیاتر بۆ هەنگاونان بەرەو دیموكراسی. پێویستە نوێنەرە دیموكراتییانە هەڵبژێردراوەكان دەرفەتی زیاتریان پێبدرێت بۆ كارتێكردنی ڕێكخراوە نێودەوڵەتییەكان.

### ***بەرپرسیارێتییەكی هەرێمایەتیی بەهێزتر:***

ئەمڕۆكە هاوكاری نێودەوڵەتی لەسەر ئاستی هەرێمایەتیدا بە خێرایی پێشدەكەوێت. لە ئەوروپا یەكێتی ئەوروپا لە ڕێگەدایە بەرەو بوون بە ڕێكخراوێكی هەموو ئەوروپا. هاوكاری هەرێمایەتییش لەڕێگەی ڕێكخراوی ئابووری ئەمریكای باشوور (Mercosur) ەوە، ڕێكخراوی نەتەوەكانی باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیا( Asean) لە ئاسیا و لە ئەفریقا لە ڕێگەی یەكێتی ئەفریقا-وە بەرەوپێش دەچێت. ئەمانە بە شێوەیەكی سەرەكی لە هاوكاری ئابوورییەوە ئاراستە دەكرێن، بەڵام لە مافەكانی مرۆڤ، ئاسایشی هاوبەش و ئەو پرسیارانەش نزیك دەبنەوە كە پێویستە بە هەماهەنگی موخاتەبە بكرێن.

پێویستە ئەم شێوانەی هاوكاری هەرێمایەتی بەرپرسیارێتی زیاتر لەوەی كە ئەمڕۆ هەیانە لە ئەستۆ بگرن هەم بۆ گەشەسەندنی خۆیان و هەم بۆ باری ئەمنی. دەبێت ئەوە یەكێتی ئەوروپا بێت كە لێپرسراوێتی تایبەتی هەبێت بۆ بەرقەراركردنی ئاشتی و ئاسایشی

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

نێودەوڵەتی لە ئەوروپا و یەکێتی ئەفریقاش هەروا کە لە ئەفریقا کارەکە بە ئەستۆ دەگرێت. پێویستە یەکێتی ئەوروپا بە سەرچاوە گەورەترەکانییەوە پشتگیری ڕێکخراوەکانی تر بکات لە هەرێمەکانی تردا. بەرپرسیارێتی کۆتایی دەکەوێتە لای ئەنجومەنی ئاسایشی UN. دەستەویەخەبوونی هەرێمایەتی هاوبەشی پەرەگرتوو هەردوو UNو ئاسایشی جیهانی بەهێز دەکات.

### *پێویستە باکوور و باشوور هاوکاری یەکتر بکەن:*

بە ئاقاری بەرپرسیارێتی مەزنتری هەرێمایەتی، باکوور و باشوور پێویستیان بە هەماهەنگی زیاتر دەبێت لەنێوانیاندا. ئێمە شێوەکانی ڕاوێژی باشترمان پێویستە، بۆ نموونە لەنێوان یەکێتی ئەوروپا و یەکێتی ئەفریقادا و لەنێوان یەکێتی ئەوروپا و ڕێکخراوی ئابووری ئەفریقادا، بەڵام بەهەمان شێوە لەگەڵ هەرێمەکانی باشووریشدا.

هێشتا جیاوازی گەلێکی گەورە هەن لەنێوان باکوور و باشووردا، تەنانەت جیاوازییەکان لەنێوان ئەم ناوچانەدا بەشێوەیەکی دراماتیکی بەرز بوونەتەوە. پێویستی بۆ دیالۆگێکی کارا خۆی سەپاندووە. پێویستە ئێمە ڕوانگە و گۆشەنیگاکانی باشوور لەبەرچاوبگرین کاتێك کە سیاسەتەکانمان دادەڕێژین. ئەمە سیاسەتەکانی یارمەتی، دەرەوە و ئاسایش دەگرێتەوە، هەروەها



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

سیاسەتەکانی خولە جیا جیاکانی دانوستانە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوەکان و دواجار بواری ئابووریش دەگرێتەوە.

تەنانەت ڕووبەرەکانی تری جیهانیش پێویستیان بە دیالۆگێکی کارایە. یەکێك لەو ڕووبەرانە بریتییە لە ڕووناکبیری و خوێندن، کە تیایدا دەشێت هاوکاری بەرچاوی نێوان یەکێتی ئەوروپا و یەکێتی ئەفریقا لەیەکترتێگەیشتنی دوولایەنە زیاد بکات و ئاستی ئاڵوگۆڕ لە ڕووبەرەکانی تریشدا بەرز بکاتەوە.

### *خۆرهەڵاتی ناوەڕاست:*

ململانێی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین کاریگەری دەخاتەسەر جیهان بە هەمان ئەو شێوەیە چەند ململانێیەکی تر کاریگەرییان دروستکردووە، کاریگەرییش دەخاتەسەر ئاسایشی هاوبەشمان. ئیسرائیل وەکو لایەنێکی بەهێزتر لێپرسراوێتییەکی تایبەتی هەیە بۆ پیشاندانی ئاگایی لە بەکارهێنانی توندوتیژیدا و دەستپێشخەریکردن لە بەرەوپێشبردنی پرۆسەی ئاشتیدا. دەبێت نشینگەکان ( settlements)ی ئیسرائیل، بنیاتنانی دیوار لەسەر هەرێمی داگیرکراو و توندوتیژی زیادەڕەوانە ڕابگیرێن. پێویستە فەلەستینییەکان خۆیان بەدووربگرن لە خۆتەقێنەرەوەکان. تیرۆریزم هیچ کات پاساو نادرێت.

ئێمە دەمانەوێت فەلەستینێکی دیموکراتی سەربەخۆ و بووژاوە شانبەشانی ئیسرائیل، لەگەڵ سنووری ئارام و ناسراوەی هەر دوولا، ببینین. هیچ گۆڕانێك لە سنوورەکاندا مایەی قبووڵ نییە کە لەلایەن هەردوولاوە ڕەزامەندی لەسەر نەبێت.

بەبێ لەیەکترتێگەیشتن ئاشتی لەئارا دا نابێت. پێویستە کۆمەڵی نێودەوڵەتی بەرپرسیارێتی پشتگیری لە فەلەستینییەکان بگرێتەئەستۆ لە کاری بنیاتنانەوەدا. ئامادەییەکی نێودەوڵەتی پێویستە بۆ بەهێزکردنی ئاسایش و شەڕکردن لە دژی کردەوە تیرۆریستییەکان. پێویستە یەکێتی ئەوروپا بەرپرسیارێتی زیاتری بخرێتە ئەستۆ. ئامانجەکە بریتییە لە ئاشتییەکی درێژخایەن و دادپەروەرانە کە لەسەر یاسای نێودەوڵەتی و بڕیارەکانی UN بنیاتنرابێت. سۆسیال دیموکراتەکانی سوید پشتگیری لە هێزە ئاشتیپارێزەکانی هەر دوو لا دەکەن و زیاتر لەگەڵ کێشەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا دەستەویەخە دەبنەوە.

### پەیوەندی ئێمە بە ئەمەریکاوە:

پێگەی ئابووری و سیاسی بەهێزی ئەمەریکا و ئەوروپا بەرپرسیارێتییەکی تایبەت پێویست دەکات بۆ بەشداریکردن لە گەشەپێدان لە کۆمەڵی جیهانیدا کە بە پتەوکردنی یاسای نێودەوڵەتی و مافەکانی مرۆڤەوە خەریکە.



بازرگانی فراوان، پەیوەندیکردنە مرۆیی و کەلتوورییەکان و مێژووییەکی هاوبەش ئەوروپا و ئەمەریکا بە یەکترییەوە دەبەستێتەوە. هاوکارییەکی بەهێزتر بە درێژایی ئەتلانتیك بۆ جیهان هەمیشە لە بێ متمانەیی قووڵ و گۆشەگیرگەرایی باشترە. ئەو پەیوەندییەی پێی دەوترێت ئەتڵس بڕ (Transatlantic) گرنگە، بەڵام بێگومان ئێمە دەبێت بەرپرسیارێتی بگرینەئەستۆ بۆ ڕەخنەگرتن لە سیاسەتی زلهێزەکە کاتێك کە بە پێویستی بزانین.

لە بواری مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسیدا، ئەمەریکا و ئەوروپا هاوبەشن لە بەها بنچینەییەکاندا،بەڵام چەند ئاوارتنێك هەیە، بۆ نموونە تێڕوانینەکانی ئێمە لەبارەی سزای گەورە، دادگای نێودەوڵەتیی تاوان، تەندروستی زایەندی، ڕۆڵی UN و ڕێککەوتننامە بێ چەندوچونەکان و لەبارەی ژینگەوە جیاوازە. سەرەڕای ئەمانە بەرگری ئەمریکا لە پرەنسیپی هێرشی سەربازی بۆ خۆپاراستن کە دەشێت ببێتەهۆی کەمکردنەوەیەکی توندڕەوانە لە ئاستی توندوتیژی، دابڕانێکی شێلگیرانەیە لە دیدی هاوبەش لەسەر بەها گرنگەکان.

UN, IMF، بانکی جیهانی، WTO و ڕێکخراوە فرەلایەنەکانی تر پشت بە گیرۆدەبوونێکی بەهێز دەبەستن لەبری ئەوروپا و ئەمەریکا. ئەم ڕاستییە دیالۆگێکی قووڵتر بە درێژایی ئەتلانتیك پێویست دەکات لەمەڕ پێویستی بەهێزکردنی ڕێکخراوە

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

فرەلایەنەکان. ئەمڕۆکە جیهانی گلۆبالیزەبووی ئێمە هاوکاری زیاتر و گۆشەگیرێتی کەمتری پێویستە. ئەوروپا و ئەمەریکا سەرچاوە و توانای جیاوازیان هەیە کە دەکرێت تەواوکەری یەکتری بن، دەشێت لە ئاشتی، ئاسایش و گەشەسەندنی جیهاندا هاوبەش بن.

پێویستە هاوکاری لەنێوان بزووتنەوەی کار و هێزە پێشکەوتنخوازەکان لە ئەمەریکا زیاد بکرێت. ڕێکخراوی ئێمە بەرپرسیارێتی ئەوەی لە ئەستۆیە کە لقە سیاسییەکان لەنێوان ئەوروپا و ئەمەریکادا بەیەکتر بگەیەنێت هەروەکو شوێن وناوچەکانی تر.

***ڕوسیا***

پێشڤەچوونەکانی ڕوسیا گرنگی ناوەندییان هەیە بۆ سەقامگیری و ئاسایشی ئایندە لە ئەوروپادا. لە دژی باکگراوندی جەنگ لە چیچان، بارودۆخی میدیای سەربەخۆ و ئازادی دەربڕینی ڕای گشتی لە ڕوسیادا جێگەی بایەخە. گرنگە بۆ سوید و بۆ یەکێتی ئەوروپا کە پشکیان هەبێت لە گەشەپێدانی دیموکراتیك و دەوڵەتێکی بەهێزی حوکمڕانیکراو بەپێی یاسا لە ڕوسیادا.



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

## ٦- یەکپارچەیی بەردەوامی ئەوروپا

*( هاوکاری لەناو یەکێتی ئەوروپادا درێژەی کاری سیاسی نێودەوڵەتییە لە شارەوانییەکاندا بۆ جەختکردنەوە لە ئامانجە سیاسییە ناوەندییەکان، بۆ نموونە کاردابینکردنی تەواو، گەشەسەندنێکی ژینگەیی بێ زیان و بناغەگەلێکی باجی پایەدار.)*

( بژاردەیەك لە پرۆگرامی حزب)

هاوکاری ئەوروپی پلاتفۆرمێکە بۆ هاوکاری لەودیو سنوورەکانەوە. یەکێتی ئەوروپا ئاوێنەی دیمەنی سیاسییە لە وڵاتە کۆمسیۆنەکان و دەوڵەتە ئەندامەکان.

ئەوە لە دەوڵەتانی ئەندامدایە کە هاووڵاتییان پەرلەمانە نەتەوەییەکانی خۆیان و لەم ڕێگەیەوە حکومەتەکانیان هەڵدەبژێرن. حکومەتەکانیش لەلای خۆیانەوە کاریگەرییەکی فراوان دەخەنەسەر کارنامەی یەکێتی ئەوروپا لەو ڕووەوە کە کام هێزە سیاسییە بەهێزترینیانە. هاووڵاتییانی ئەوروپا، پەرلەمان هەڵدەبژێرن کە بە نۆرەی خۆی دەتوانێت کار لە سیاسەت بکات لەو ڕووەوە کە کام حزبە هەڵبژاردن دەباتەوە.

لێرەوە ئاراستەی ئایندەی گەشەسەندنی یەکێتی ئەوروپا لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا هەم لە ئاستە نەتەوەییەکان و هەم لە ئاستە

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

نێودەوڵەتییەکاندا بڕیاری لێدراوە. وێڕای ئەمە، بەشداری دەنگدەر لە گەلێك لە وڵاتە ئەندامەکاندا بەرەو دابەزین دەچێت ولە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ئەورووپاشدا بە هەمان شێوە، وەك بڵێی داواکارییە دیموکراتییەکانی پیادەکردنی بەرپرسیارێتی لە سنوورە نەتەوەییەکاندا لەنێوان سیاسەتی نەتەوەیی و ئەورووپیدا تێ ماوە. ئەم گەشەسەندنە زۆر شێلگیرانەیە.

هەر کوێیەك بێت، لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندایە کە پێویستە هاووڵاتی هەست بکات دەنگەکەی مانایەك دەگەیەنێت. ئێمەی سۆسیال دیموکرات مەبەستمانە لە ڕێگای بڕیاردانی سیاسییەوە دەسەڵات بە خەڵك بدەین. حزبە بۆرجوازییەکان لە سوید و لە ئەورووپا لەبری ئەمە زیاتر بایەخ دەدەن بە کەمکردنەوەی ڕۆڵی سیاسەت و دانی مافی بڕیاردانی ژیانمان بە بازاڕ. وەکو سۆسیال دیموکرات، ئێمە هەرگیز ناتوانین قبوڵی بکەین کە سیاسەت لە بەرژەوەندی هێزەکانی بازاڕ پاشەکشێ بکات.

لە سەردەمی بەجیهانیبووندا بەشێکی زۆری خەڵك لە سوید و بەشەکانی تری ئەورووپادا بایەخ بە ئایندە دەدەن. بەڵام لە بارودۆخێکدا کە یەکێتی ئەورووپا لە هەموو کاتێکی تر پێویستترە، گەلێك لە هاوڵاتیان هەست دەکەن کە وەڵامدەرەوەی داواکانیان نییە.



مافی داواکردنی وەڵامدانەوە و کەمبوونەوەی گرنگی سنوورەکان کەمتر ڕوونن. کاتێك کە هاووڵاتییان دەچنە بنکەکانی ڕاپرسی لە وڵاتەکانیاندا، هەندێکیان پێیان وایە توانای سیاسەتی نەتەوەییان لە وەڵامدانەوەی داواکاری و هیواکانیان جێگەی بایەخیانە. ئەوەی پەیوەندی بە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ئەورووپاوە هەیە، بێ متمانەیی گەلێك لە خەڵکی بەرانبەر دامەزراوەکانی ئەورووپا بەهێزە.

پێویستە ئێمەی سۆسیال دیموکرات یەکەمین بین لە بەهەند وەرگرتنی ئەو ڕەخنانەدا. ئەرکی ئێمەیە کە بە ڕوونی پیشانی بدەین ئێمە بۆ لابردنی کەموکورتی دیموکراتی و کێشەکانی بڕیاردان لەسەر ئاستی نەتەوەیی لە یەکێتی ئەورووپادا کار دەکەین. تەنیا ئەگەر ئێمە بڕیاری دروست بدەین لە ئاستی گونجاودا و لەڕێگەی ڕێسای ڕوون و سادەوە، ئەوا دەشێت دڵنیایی هاووڵاتییانمان لە دامەزراوە نەتەوەیی و نێودەوڵەتییەکاندا جارێکی تر تینی پێبدرێتەوە. لەبەرئەوە پێویستە هاوکاری دەرفەتێکی پێبدرێت بۆ ئەوەی کراوە و کاریگەر بێت.

### ***بڕیاری دروست لە ئاستی گونجاودا***

بۆ باشکردنی متمانە لە لیژنە سیاسییەکاندا لە ئاستە نەتەوەیی و ئەورووپییەکاندا، پێویستە بڕیاری دروست لە ئاستی گونجاودا بدرێت.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

پێویستە پەرلەمانی سویدی بڕیاری شێلگیرانە بدات لە بواری کاروباری سویدی و خود–حوکمڕانی سوید دا.

ئەگەر نەتوانین خۆمان بەڕێوە ببەین ئەوا دەگەڕێینەوە سەر هاوکاری. ئەو کێشانەی کە لەسەر ئاستە، لۆکالّ ، هەرێمایەتی و نەتەوەییەکاندا باشتر مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت ئەوا کێشەی یەکێتی ئەوروپا نین. ڕەنگە جیاوازی گەلێك هەبن لە ڕا و بۆچووندا لەبارەی ئەمەوە کە ئاستی گونجاو یا دروست کامەیە. ئامانجی گرنگ بۆ سۆسیال دیموکراتەکان لە ئەوروپا زۆر ڕوونە. ئەگەر سۆسیال دیموکراتەکان دەسەڵات بگرنە دەست، لەو شوێنەوە کەپەیوەندی بە گەشەسەندنی ئایندەی ئەوروپاوە هەیە ، ئەوا سیستەمێکی خۆشگوزەرانی باش بەرنامەڕێژکراو و کاردابینکردنی تەواو لەسەرەوەی لیستەکەی ئێمەوە دەبن.

بۆ پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندییەکانی کارمەندان لە جیهانێکی زیاتر و زیاتر بەنێودەوڵەتیبوودا، ئێمە پێویستمان بە بڕیاری یاسایی زیاتر هەیە لە ئاستی ئەوروپادا. پێویستە سەرچاوەی زیاتری یەکێتی ئەوروپا بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی گەشەسەندنی بێ زیان، کاردابینکردن بۆ خەڵکێکی زیاتر و باشکردنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی بەکاربهێنرێت.



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

## ***کارنامەیەکی سۆسیال دیموکرات بۆ ئەوروپایەکی ئاییندە***

سوید لەساڵی ١٩٩٥ەوە ئەندامی یەکێتی ئەوروپایە و ئەم ئەندامێتییە هێشتا نەبووەتە بەشێك لە ژیانی سیاسی ڕۆژانە. ئاڵوگۆڕی ئاسانکراو و بەرچاو لەوبەر سنوورەکانی ئەوروپاوە بۆ خوێندکاران، ئەوانەی کە لە ڕێکخراوە خۆبەخشەکاندا چالاکن، پیاوانی کار و هەروەها ئەوانەی بوارە تایبەتییەکان بەلای زۆربەی خەڵکییەوە شتێکی ئیجابییە. لە هەمان کاتدا ڕەخنەیەکی توند هەیە لە یەکێتی ئەوروپا و شێوازەکانی کارکردنی.

ئێمەی سۆسیال دیموکرات ئەلتەرناتیڤێکی ڕوونترمان هەیە بۆ سیاسەت لە ئەوروپادا. ئەلتەرناتیڤێك کە دەرفەتی درکپێکردنی ئایدیاگەلێکی سۆسیال دیموکراتی زیاتری ئێمە لە ئاستی ئەوروپادا دەڕەخسێنێت، ئەلتەرناتیڤێك کە لە ئامانجی ڕاستڕەوانەی کەمکردنەوەی کاریگەری سیاسەت، دادەبڕێت.

ئەجێندای سۆسیال دیموکرات بۆ یەکێتی ئەوروپا لەسەر بنەمای بەها سۆسیال دیموکراتییەکان بنیاتنراوە. کرۆکی سەرەکی وێناندنەکانی سۆسیال دیموکرات لە کاری ڕۆژانەی شارەوانییەکانمان، ئەنجومەنەکانی پارێزگا و لە پەرلەمانـدا، پەی پێدەبرێت. بەڵام ئەو کێشانەی کە ئێمە بە تەنیا ناتوانین مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین ئەوا دەیخەینە بواری هاوکارییەوە.

مەكتەبی بیروهۆشیاری

لەمرۆی ئەوروپادا، کە یەکپارچەییەکی قووڵتر نوێنەرایەتی دەکات، پێویستە سیاسەت لێپرسراوێتییەکی گەورەتر لەسەر ئاستی ئەوروپادا بگرێتەئەستۆ. بەیەکەوە لەگەڵ سۆسیال دیموکراتەکانی تردا، هەوڵدەدەین خەڵکی بخەینە سەروو بازاڕەکانەوە لە سەرتاسەری ئەوروپادا. ئێمە یەکێتی ئەوروپا بەکاردەهێنین بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتێکی پێشکەوتنخوازانەی سۆسیال دیموکراتیك.

## گەشەسەندنێکی بێ زیان:

کاتێك کە سۆسیال دیموکراتەکان گەشەسەندنی ئەوروپا کۆنترۆڵ دەکەن، ئەوا لە کارکردنێکی شێلگیرانەدا دەبین بۆ دەرککردنی ئاواتەکانی یەکێتی ئەوروپا لە بواری گەشەسەندنی بێ زیاندا، گەشەسەندنێك کە پێویستییەکانی ئەمرۆ تێر دەکات بەبێ خستنەمەترسی دەرفەتەکان بۆ نەوەکانی ئایندە کە پێویستییەکانیان دابین بکات.

بۆ ئێمەی سۆسیال دیموکرات، گەشەسەندنێکی بێ زیان واتە ئەمەی کە دەبێت باڵادەستی بازاڕی ناوەوە تێکبشکێنرێت. پێویستە ڕەهەندە کۆمەڵایەتی، ئیکۆلۆجی و ئابوورییەکان بە هەماهەنگ کار بکەن بۆ هێنانەکایەی گەشەسەندنێکی بێ زیان. ڕێگە نادرێت بەرژەوەندییە ئابوورییە کورتخایەنەکانی ئەمرۆ باڵادەست بن بەم



مەكتەبی بیروهۆشیاری

شێوەیەی ئێستا. بە پێچەوانەوە ئەمەوە، خەڵك دەخەینە سەروو بازاڕەکانەوە.

## کاری زیاتر و باشتر لە ئەوروپا

ستراتیژی یەکێتی ئەوروپا بۆ ئەوەی ببێتە ئابوورییەکی کێبڕکێکارانە لە جیهاندا و بۆ کاردابینکردنی تەواو، بۆ کێشە کۆمەڵایەتی و ئیکۆلۆجییەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەوەی پێی دەوترێت ستراتیژی (لیشبۆنە)، دەسپێکێکی گرنگە بۆ کارەکانمان. تەنانەت ئەگەر هەر وڵاتێك بەرپرس بێت لە کاردابینکردنەکەی پێویستە ئێمە هەوڵی زیاتر بخەینە گەڕ بۆ بەدەستهێنانی کاری زیاتر و باشتر لە ئەوروپادا. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە پێویستە بەکارهێنانی سەرچاوەی زیاتری یەکێتی ئەوروپا ببینین بۆ هێنانی خەڵکێکی زیاتر بۆ ناو کار و بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی نوێکارییە سەرنجڕاکێشەکانی زەوی، چەندەی سیاسەتێکی چالاکتری بازاڕی کار بەڕێوەمان ببات لە هەر وڵاتێکدا، ئەوا یەکێتی ئەوروپا یاسایەکی سەختتری کار دادەنێت. پێویستە یەکێتی ئەوروپا خۆی ستراتیژێکی کاردابینکردن دابنێت کە شایستەی ئەو ناوە بێت. دەبێت پەیماننامەیەکی جێگیر بۆ کار و کاردابینکردنی تەواو ئامانجێکی یەکێتی ئەوروپا بێت. سیاسەتی هەرێمایەتی ئامرازێکی گرنگە بۆ کاردابینکردنێکی باش و کێبڕکێکارانە. پێویستە پشتگیری ئابووری

مەکتەبی بیروهۆشیاری

لەناو یەکێتی ئەوروپادا بەتایبەت بەرەو هەرێمە هەرە هەژارەکان ئاراستەبکرێت لە یەکێتی ئەوروپا.

### خۆشگوزەرانی بۆ هەمووان لە ئەوروپادا :

ئێمەی سۆسیال دیموکرات بۆ لانی کەمی لایەنی ستاندارە کۆمەڵایەتییەکان، ژیان و کار، کۆشش دەکەین. دەبێت هەموو هاووڵاتییەکی ئەوروپی بتوانێت لانی کەمی خۆشگوزەرانی هەبێت بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە لە کوێ کار دەکات و لە کوێ دەژیت لە ئەوروپادا. پێویستە کارئاسانی زیاتر بۆ هاووڵاتی بکرێت بۆ گەشت و ئیشکردن لە وڵاتانی تر بە بەراورد لەگەڵ وڵاتی خۆی. پێویستە سیاسەتەکانی خۆشگوزەرانی لە هەموو وڵاتێکی ئەندامدا دابڕێژرێت. بۆ باشکردنی خۆشگوزەرانی لە یەکێتی ئەوروپادا، پێویستمان بە هاوکاری زیاتر دەبێت لە نێوان حزبە سۆسیال دیموکراتەکانی ئەوروپا و بزووتنەوەی سەندیکای کرێکاریدا.

### ئاستێکی بێ زیانی گەشەسەندن و خەڵکی ناوەند :

پێویستە ستراتیژی یەکێتی ئەوروپا بۆ گەشەسەندنی بێ زیان و کاردابینکردن درێژەی پێبدرێت و ئەوروپا کێبڕکێکارترین ئابووری بێت لە جیهاندا.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

پێویستە کێبڕکێکاریتی لە سەر بنەمای زانین، ئاسایش، خۆشگوزەرانی و چاودێری ژینگە بنیات بنرێت، نەك نائەمنی، کرێی نزم، دابەشبوونە چینایەتییە گەورەترەکان و بەکاربردنی نەشارەزایانەی سروشت. پێویستە یەکێتی ئەوروپا پاڵنەر بێت بۆ تۆژینەوە و نوێکاری. بۆ باشکردنی هاوئاهەنگییەکی کراوە، پێویستمان بە دەستەویەخەبوونێکی بەهێزتر هەیە لەلایەن رێکخراوە نەتەوەیی و پەرلەمانەکانەوە.

### باشترین سیاسەتی ژینگە لە جیهاندا :

پێویستە ئایدیای کۆمەڵگایەکی لە رووی ئیکۆلۆژییەوە بێ زیان بەناو هەموو رووبەرێکی سیاسەتدا بڵاوبێتەوە. کێشە ژینگەییەکان و بەهەمان شێوە چارەسەرەکانیش کاتیین. ئەوروپا باشترین دەبێت لە بواری کێشەکانی ژینگەدا و لایەنێکی سەرکەش دەبێت لە کێشەی ژینگەدا. پێویستە دەردراوەکان کەم بکرێنەوە، گواستنەوە پاکتر و سەلامەتتر بێت، پێویستە (بالتیك) ببێتە دەریایەکی ناوخۆی خاوێنتر، پێویستە کۆنترۆڵی کەرەستە کیمیاییەکان توندتر بێت، هەروەها دەبێت کۆنترۆڵی خواردەمەنی و کەرەستەی کێڵان پەیوەندییان بە کاریگەری ئیجابییەوە هەبێت. داواکاری باڵا لەسەر ژینگە لە یەکێتی ئەوروپادا سەر دەکێشێت بۆ بەرهەم و تەکنۆلۆژیای کێبڕکێکاری نوێ. دەشێت سەرمایەگوزارییەکان لە

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

تەکنۆلۆژیای ژینگەدا کاری زیاتری لێبکەوێتەوە. دەبێت ئامانجی یەکێتی ئەوروپا ئەمە بێت کە نیوەی تەکنۆلۆژیای ژینگە ئەوروپی بێت. پێویستە جێپێگرتنەوەی کۆمەڵگەیەکی پایەدار بە یارمەتی ئەنگێزە ئابوورییەکان پەلەی لێبکرێت لە سەرتاسەری یەکێتی ئەوروپادا. پێویستە هەوڵی گەورەتر بخرێتەگەڕ بۆ وروژاندنی وزەیەکی شیاوی نوێبوونەوە و پێوانە چالاکەکان پێویستن بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی گواستنەوەی خۆگر لەسەر ئاستی کیشوەرەکەماندا. پێویستە ئایدیای گەشەسەندنێکی بێ زیان بەناو سیاسەتەکانی یارمەتی و بازرگانی یەکێتی ئەوروپادا بڵاوبێتەوە.

### خەڵکی لە سەروو بازاڕەکانەوە:

بزووتنەوەی سەربەستی بازاڕی ناوەوە بەزۆری ئەو کاتە لەگەشەدایە کە کەلوپەل، خزمەتگوزارییەکان و سەرمایە لەکایەدان. هێشتا جوڵانەوەی خەڵك لەودیو سنوورەکانەوە بەهۆی بیرۆکراسی فراوانبوو و جیاوازییە گەورەکان لە سیستەمی ئاسایشی کۆمەڵایەتیدا، سنووردارە. پێویستە ئازادی جوڵانەوەی هاووڵاتییانی ئەوروپا باش بکرێت. بازاڕی ناوەوە ئەوە زامن دەکات کە نرخەکان لە خوارەوە بمێننەوە و داواکاری لەسەرەوە بمێنێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ڕێساکان بۆ کۆمپانیاکان ڕوونتر بکرێنەوە. پێویستە بازرگانی لە خزمەتگوزارییەکاندا بەبێ مەترسی بۆ یاساکانی کار و



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

کری ڕێکبخرێن. نابێت ڕێسایەکی نوێی بازرگانی لە خزمەتگوزارییەکاندا ئاواتی دەوڵەتە ئەندامەکان سنووردار بکات بۆ مسۆگەر کردن و گەشەپێدانی خۆشگوزەرانی گشتی. پێویستە پارێزگاریکردن لە بەکاربەریش بەهێز بکرێت. تەنیا کاتێك خەڵکی متمانەیان هەیە بە بازاڕی ناوەوە کە بەباشی کار بکات. لەبەر ئەوە پێویستە ئێمە بەرگری لە ڕێککەوتنە بەکۆمەڵەکان بکەین و بەکاربەرە گرەنتی پێدراوەکان بوێرن داواکاری بخەنەڕوو.

### کاری یەکێتی ئەوروپا بۆ مافەکانی هەموو کەسێك

بەلای ئێمەی سۆسیال دیموکراتەوە، کاری دژە جیاکاری یەکێتی ئەوروپا گرنگییەکی ناوەندی هەیە هەم لەناوەوە و هەم لە دەرەوەی سنوورەکانی یەکێتی ئەوروپادا. پێویستە ئێمە خۆمان لە هەموو جۆرەکانی جیاکاری ڕزگار بکەین بە چاوپۆشیکردن لەوەی داخۆ لەسەر بنەمای ڕەگەز، ئەفزەلیەتی سێکسی و ڕەنگی پێست، تەمەن یا کەمئەندامیە. یەکێك لەو ڕووبەرانەی کە پێویستە بەهێز بکرێت بریتییە لە کارکردن بۆ بەرگرتن لە قاچاغی.

### ئابوورییە بێ زیانەکان:

نابێت ڕێگە بە هیچ وڵاتێك بدرێت کە دارایی گشتی بە خراپ بەکاربهێنێت. دواجار داراییە گشتییە خراپەکانی وڵاتەکەمان زیان بە

وڵاتانی تر دەگەیەنێت. پێویستە چوارچێوەی کاری یەکێتی ئەوروپا ڕێزی لێبنرێت. ئێمەی سۆسیال دیموکرات دەمانەوێت ئەوە ببینین کە بودجەی یەکێتی ئەوروپا باشتر بەکاردەهێنرێت و ئەوە زامن بێت کە خەرجی زیاد ناکات. پێویستە بەشداری سوید لە یەکێتی ئەوروپادا ببێتەهۆی بەشداری ئەندامێتی وڵاتانی تر. پێویستە لە دژی خۆدزینەوە لە باج و دژی فێڵ لە ناو یەکێتی ئەوروپا و دەرەوەیدا خەبات بکرێت.

### پێویستە دامەزراوەکانی یەکێتی ئەوروپا ریفۆرم بکرێن

ئێمە دەمانەوێت دامەزراوەکانی یەکێتی ئەوروپا بۆ ڕەخنەی گشتی بکرێنەوە و ئەمانە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بە تەواوی کراوە بن. ئێمە دەمانەوێت کردار و کارکردنی دامەزراوەکان ریفۆرم بکەین، سیاسەتی کارمەندی مۆدێرنتر جێبەجێ بکەین و ئەوە مسۆگەر بکەین کە کۆنترۆڵکردنی بودجە توندتر دەبێت. پێویستە یەکسانی نێوان پیاوان و ژنان لە هەموو دامەزراوەکانی یەکێتی ئەوروپا دەربکەوێت و ئێمە دەمانەوێت توێژەرێکی سکاڵاکان بۆ یەکسانی ڕەگەزەکان لە یەکێتی ئەوروپادا دابنرێت.



### یەکێتی ئەوروپا وەکو هێزێك بۆ داد پەروەری لە جیهاندا:

پێویستە یەکێتی ئەوروپا سیاسەتێکی ورد و ئەنجامبەخشی هەبێت بۆ گەشەسەندنی جیهانی. نابێت کردارەکان لە بواری بازرگانیدا لە دژی ئەم سیاسەتە بن. تەنیا لە ڕێگەی یەکێتی ئەوروپاوە ئێمە دەتوانین سەقامگیری دارایی لە ئاستی جیهانی و هەروەها وەکو سیاسەتێکی عادیلانەی بواری بازرگانی پەرەپێبدەین. نەتەوەکانی یەکێتی ئەوروپا لە کۆمەکبەخشە هەرە گەورەکانی جیهانن. ئێمەی سۆسیال دیموکرات دەمانەوێت ئامانجێك جێگیر بکەین بۆ یارمەتی لە وڵاتانی یەکێتی ئەوروپاوە. یەکێك لە داواکارییەکان ئەوەیە کە هەموو وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا بگەنە ئەو بەڵێنەی لە UN دا دراوە بۆ تەرخانکردنی٠,٧٪ ی کەرەستەی بەرهەمهاتوویان بۆ یارمەتی. لە هەمان کاتدا پێویستە سیاسەتی یارمەتی هەنوکەیی ریفۆرم بکرێت. پێویستە خراپ بەکارهێنانی یارمەتی کۆمەکی یەکێتی ئەوروپا قەدەغە بکرێت و هەماهەنگی باش بکرێت.

### لابردنی کۆمەکی دارایی بۆ کشتوکاڵ:

ساڵانە یەکێتی ئەوروپا نزیکەی نیوەی بودجەکەی لە کۆمەکی دارایی ڕاستەوخۆ بۆ کشتوکاڵ خەرج دەکات، بڕێك کە یەکسانە بە زیاتر لە تێکڕای ئەو بڕەی کە بۆ یارمەتی تەرخان دەکرێت لە

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

جیهانـدا. لـەبری ئەمـە پێویـستە ئـەو سـامانە بـەکاربهێنرێت بـۆ گەشەپێدانی خۆشگوزەرانی، باشکردنی ژینگە، گەشەپێدانی لادێکان و بـەهێزکردنی کێبڕکێکـاری ئـەوروپا. بەتایبـەت گرنگـە کۆمـەك و بەخشـشە داراییـەکانی تـوتن وخواردنـەوە کحولییـەکان بـەخێرایی لابرێن.

### بەرێوەبردنی ئاسایش و قەیرانی مەدەنی:

چـیتر ئاسـایش لەسـەر بنـەمای ئـەو سـوپایانە بنیاتنـەنراوە کـە پارێزگاری لە هەرێمەکان دەکـەن. ئاسـایش لـە رێگـەی دیپلۆماسـی، بـەرێوەبردنی قـەیران، پێوەرەکـانی بـەرگرتن بـۆ بەدەسـتهێنانی ئاشتی، سیاسەتەکانی ژینگە، پـشتگیریکردن لـە دیموکراسـییەکان و هاوکارییەکی باشـتر لـەنێوان رێکخـراوە نەتەوەییـەکان دێتەکایـەوە. پێویـستە سیاسـەتی دەرەوەی یـەکێتی ئـەوروپا بـەو پێوەرانـە نوێنەرایـەتی بکرێـت کـە مەبەسـت لێیـان نەهێـشتنی ململانێیـە و هـەروەها پێوەرەکـانی بـواری بـەرێوەبردنی قـەیرانی مـەدەنییش نوێنەرایـــەتی بکرێـــت. کـــردەوە تیرۆریـــستییەکان و کارەســـاتە سروشتییەکان پێویستی خۆئامـادەکردنی ئـەوروپا بـۆ بـەرێوەبردنی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی رزگاری دەخەنەروو.



### EUیەك بۆ هەموو ئەوروپا:

دوایین فراوانبـوونی گـەورەی یـەکێتی ئـەوروپا بـە هاتنـەناوی١٠ دەوڵـەتی ئەنـدام، دواییـنیـان نـەبوو. ئێمـەی سۆسـیال دیمـوکرات نوێنەرایـەتی ئەوروپایـەك دەکـەین کـە بـۆ جیهـانی دەوروبـەری بـە کراوەیی دەمێنێتەوە. پێشمەرجی دانوسـتان لەسـەر ئەنـدامێتی لـە یـەکێتی ئـەوروپا بریتییـە لـە دیموکراسـی و رێزگـرتن لـە بـەها بنچینەییەکانی یەکێتی. تاکە سنووری بـەردەم فراوانبـوون کـە ئێمـە ببینــین جوگرافییــە. پێویــستە هــەموو ئــەو دیموکراســییانەی کیـشوەری ئـەوروپا کـە رێـز لـە بـەهاکانی یـەکێتی ئـەوروپا دەگـرن دەرفـەتی ئەنـدامێتییان بـۆ برەخـسێنرێت. تـەنیا کاتێك کـە هـەموو وڵاتێك وەڵامی داواکارییەکانی ئەندامێتی و یەکێتی هاوبەشی دایەوە، ئـەوا ئێمـە کیـشوەرێکی یـەکگرتوومان دەبێـت. ئێمـەی سۆسـیال دیموکرات دەمانەوێت سیاسەتێکی هاوبەش بۆ پەنابـەران لـە تـەواوی یـەکێتی ئـەوروپادا ببیـنین ، سیاسـەتێك کـە تیایـدا هـەموو وڵاتێـك لێپرسراوێتی بۆ رەچاوکردنی ئەوانـەی کە پێویستیان بـە پـارێزران هەیە لە ئەوروپادا، دەگرێتەئەستۆی. پێویستە لە دژی بازرگانیکردن بـە ژنـان و منـداڵان و لـە دژی تاوانکـاری سـنووربڕەکان و کێـشەی ماددەی هۆشبەریش خەبات بکرێت.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## ٧- سۆسیال دیموکراسی لە جیهانێکی گۆڕاودا

*(ئینتەرناسیۆنالیزم تەحەدای نوێ دەسەپێنێت بۆ بەشداری دیموکراتیک.)*

(بژاردەیەك لە پرۆگرامی حزب)

ئێمە دەمانەوێت بزاڤی کار لە سەرتاسەری جیهاندا بەهێز بکەین. شەڕی سەرەکی بریتییە لە گۆڕینی سیاسەتەکانی دابەشکردنەوە لە ناو وڵاتاندا، لەهەمان کاتدا درێژەدان بە داواکردنی ڕێسا بازرگانییە عادیلانەکان و لابردنی بەخششی دارایی کشتوکاڵ. لەگەلێك وڵاتدا سەندیکا کرێکارییەکان قەدەغەن، مافەکانی کرێکاران پێشێل دەکرێت. لە هەموو بەشەکانی جیهاندا ئەوانەی لە بواری سیاسەت و لە یەکێتییە بازرگانییەکاندا چالاکن زیندانی دەکرێن و هەراسان دەکرێن. حزبە سۆسیال دیموکراتە بەهێزەکان و یەکێتییە ئاگادارکەرەوەکان کە لە هەموو وڵاتێکدا و لە ئاستی جیهانیشدا داوای دادپەروەری دەکەن ، زۆر گرنگن ئەگەر مەبەستمان بێت جیهانێکی دادپەروەر بهێنینەکایەوە. ٧٠٪ی هەرە هەژارەکان، ئەوانەی کە ڕۆژانە کەمتر لە دۆلارێکیان دەست دەکەوێت، لە وڵاتە داهات–مام ناوەندەکاندا دەژین.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

ئێمە کار دەکەین بۆ پتەوکردنی هاوکاری سیاسی سەندیکا کرێکارییەکان هەم لە ئاستی جیهان و هەم لە ئاستەکانی ئەورووپادا– لەنێوان سۆسیال ئینتەرناسیۆنال و یەکێتییە بازرگانییە ئازادەکان و لەنێوان پارتی سۆسیال دیموکراتەکانی ئەورووپا و ڕێکخراوی سەندیکای کرێکاری ئەورووپا بۆ هاوکاری.

زۆر گرنگە ئێمە پشکداری بکەین لە گەشەپێدانی سۆسیال دیموکراسی جیهانی لە ڕێگەی هەوڵە سیاسیەکان لە شێوەی ئاڵوگۆڕی نێودەوڵەتی و گەشەپێدانی دیموکراسی لە هاوکارییەکی هاوتەکدا لەگەڵ پارتە دەستەخوشکەکانماندا. سۆسیال دیموکراسی هەرگیز لە ڕایەڵە لاوازترینەکەی بەهێزتر نابێت و تا ئەو کاتەی کە بەرژەوەندییەکانی سەرمایە دەتوانێت وڵاتەکان و هێزەکانی کاریان لە یەکتر هان بدات، ئەوا ئێمە خۆمان بە بێ کەڵك دەبینین. بۆیە گرنگە هەوڵەکانمان پەرەپێبدەین بۆ بەشداریی کردن لە گەشەپێدانی پارتە دەستەخوشکەکانمان لە وڵاتانی تردا.

ئەو کارەش گرنگە بۆ بەهێزکردنی حزبەکانی ئەو وڵاتانەی کە دیموکراسی لاواز یان دواکەوتوویان هەیە. تەنیا ئەوە دروستە کە پشتگیری پارتە دیموکراتەکانی وڵاتانی تر بکەین بە جۆرێك کە دیموکراسی پلورالیستی بەهێز بکات. یارمەتی بۆ دیموکراسی و ئەو فۆرمانەی تری پشتگیری کە تەنیا بۆ ئەو ڕێکخراوانە دەسەنرێن کە

مەکتەبی بیروهۆشیاری

لە دەرەوەی پشتێنەی سیاسیدان، واتای ئەوە دەگەیەنێت کە دیموکراسی بە پارچە پارچەبوویی و لاوازیی دەمێنێتەوە.

دەشێت ئاڵوگۆڕی نێوان ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی حزبەکانیش بۆ هاوکاری و بزووتنەوە گشتییە لەیەکترنزیکەکان لە پێناو پێکهێنانی ڕای گشتی شانبەشانی پرۆگرامەکانی پشتگیری دیموکراتیزەکردن بەهێزبکرێن، لەم کارەوە، دەسکەوتی زیاتر دەبێت. ئەمە کۆمەڵگەی مەدەنی و پێشمەرجەکانی دیموکراسی بەهێز دەکات. ئەمە مانای وایە کە کار لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی ئێمەدا لەناو بزووتنەوەی کاردا گرنگییەکی مەزنی هەیە. سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال زیاتر لە ١٦٠ ئەندامی هەیە لە سەرتاسەری جیهاندا. ئەمە زەمینەیەکی کۆبوونەوەی گرنگە کە تیایدا سۆسیال دیموکراتەکان مشتومڕی بەجیهانیبوون، شەڕ دژی هەژاری و قەیرانە هەرێمایەتییە جیا جیاکان دەکەن. ئینتەرناسیۆنال وەکو شوێنێکی کۆبوونەوە ڕەفتار دەکات بۆ ئەوانەی پێویستیان بە بوارێکە لەودیو قەڵەمڕەوی حکومەتەوە. پاش داواگەلێك لەلایەن چەند ئەندامێکەوە، لەناویاندا سۆسیال دیموکراتەکانی سوید، سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال هەوڵی گەورەتری داوە بۆ کارکردن و داڕشتنی ئەجێندایەك بە ئاقاری کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکان لە UN، دانوستانەکانی بازرگانی و هیتری هاوشێوە. پێویستە چالاکانە پێداگری بکەین بۆ SIیەك کە ڕۆڵێکی کارامەتری هەبێت لە جیهانی



مەکتەبی بیروهۆشیاری

سیاسەتدا. پێویستە SI ستراتیژێکی هاوبەشی هەبێت بۆ نموونە بۆ وتوێژە نێودەوڵەتییەکان.

سۆسیال ئینتەرناسیۆنال پێویستی بەوەیە کە ریفۆرم بکرێت بۆ ئەوەی کارایانەتر ڕووبەڕووی تەحەداکانی ئەمڕۆ بێتەوە. شتێکی تر کە لەو گرنگییە بێبەش نییە ئەوەیە کە داواکاری باڵاترمان هەبێت لەسەر حزبە ئەندامەکان ، هەم لە ڕووی پەیوەندیکردن بە ڕێکخراوەکەوە و هەم لە پیشاندانی ئەمەی ئەندامێتی پێویستی بەوەیە کە داوا دیموکراتییەکان وەڵامبدرێنەوە.

پارتی سۆسیال دیموکراتی ئەورووپی ( ESP) دەستیکردووە بە دۆزینەوەی شێوەیەك بۆ کرداری هاوبەش لەناو یەکێتی ئەورووپادا: داواکارییە سۆسیال دیموکراتییە ڕوونەکان بۆ ئەوەی کە یەکێتی ئەورووپا دەبێت چی بکات، ئاڵوگۆڕی ئەزموون لە هەنگاونان بەرەو هەڵبژاردنەکانی ئەورووپا و و ریفراندۆم، گەشەپێدانی بەرنامە و دەستپێکێك بۆ هەماهەنگکردنی وەزیرە سۆسیال دیموکراتەکانی حکومەت بەر لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنە جیاجیاکانی وەزیران. پێویستە حزبی سۆسیال دیموکراتی سوید ئەولەویەت بدات بە کاری (ESP) و پشکی چالاکی هەبێت لە بەهێزکردنی چالاکییەکانی.

پەیوەندیمان لەگەڵ لایەنەکانی تری بزووتنەوەی کاری سکەندەناڤی بێ هاوتایە و ئیلهام و پشتیوانی فەراهەم کردووە لە خەباتی هاوبەشمان بۆ جیهانێکی هاریکارانە و دادپەروەر. بۆیە ئێمە

مەکتەبی بیروهۆشیاری

نابێت دەستبەرداری هاوکاری نزیك و هەوڵە هاوبەشەکانمان بین، بەڵکو دەبێت پتەوتریان بکەین و زەمینەکانی کۆبوونەوەی نەریتی بزووتنەوەی کاری سکەندەناڤی پەرەپێبدەین. لیژنەی هاوئاهەنگی براڤی کاری سکەندەناڤی ( SAMAK)، زەمینەی کۆبوونەوەی هەردوو بزووتنەوەکانی سەندیکای کرێکاری و حزبەکان بۆ زیاتر لە ١٠٠ساڵ، هێشتا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت. هاوکاری نزیك، گۆڕینی تێڕوانینەکانمان لا خۆش دەکات بۆ ئەوە کە وتوێژە خۆجێییەکان لە وڵاتە دراوسێکانمان جێگەی بایەخی هەموومانە. هاوکاری و گۆڕینەوەی ئەزموون لەبواری کێشەکانی خۆشگوزەرانی، کێشە ئابوورییەکان و هەڵبژاردنەکان ، بەلای ئێمەوە، سەرچاوەیەکی بەهای مەزن دابین دەکەن.

بەهێزی تایبەتی بزووتنەوە سۆسیالە نوێکان بریتییە لە توانایان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و هاوکاری لەنێوان ئەو ڕێکخراو و بزاڤانەدا کە بە پرسیاری جیاوازەوە کار دەکەن و ڕەوگەی جیاجیای بەرژەوەندییان هەیە. لە مەکۆی کۆمەڵایەتیی جیهانی( WSF)دا، کە ساڵانە تیایدا زیاتر لە ١٠٠,٠٠٠ کەس یەکتری دەبینن، کۆبوونەوەی گروپەکانی ژنان، ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، ڕێکخراوەکانی جوتیاران و سەندیکا کرێکارییەکان دەگرێتەخۆ. لەم کۆبوونەوانەدا گروپەکانی ژینگە هێڵکاری ئامانجە هاوبەشەکان دەکەن، پێکەوە لەگەڵ خوێندکاران و سەندیکا کرێکارییەکان



مەکتەبی بیروهۆشیاری

هاوپەیمانی خۆیان دەدۆزنەوە لە خەباتیاندا لە دژی ئایدیا نیو–لیبراڵییەکاندا لەمەڕ سیستەمی جیهانی.

پێویستە سۆسیال دیموکراسی لە دروستکردنی هاوپەیمانێتییەکان و هاوکاری لەگەڵ ئەم بزووتنەوە سۆسیالە نوێیانەدا ولەناو ئەوانیتردا بزووتنەوەی گروپی بەکاربەر، باشتر بێت و فێر ببێت کە چۆن داواکاری توندتر بخاتەڕوو. ئەمە کاریگەرترین ڕێگەیە بۆ باشکردنی هەلومەرجی بەرهەمهێنان لە بەشەکانی تری جیهاندا. ئەو ڕۆژەی کە تیایدا چیتر بازاڕێك نییە بۆ ئەو بەرهەمانەی بەهۆی کاری منداڵەوە بەرهەم دێن، ئەوا ئەو ڕۆژە کۆتایی کاری منداڵ دەبینین. کاتێك کە ملیۆنان بەکاربەری بیرکەرەوە دەست دەکەن بە بەکاربردنی ئەو بەرهەمانەی کە بە سیمبۆلی دادپەروەری نیشانە کراون ئەوا کۆمپانیا هەرە گەورەکان ڕێگەچارەیان نابێت. خەبات لە پێناو مافە مرۆییەکاندا و لە پێناو گەشەسەندنێکی بێ زیان لە ڕێگەی ئەو جۆرە کردارانەوە کاریگەرتر دەبێت.

ئەو تۆڕانەی کار سەرهەڵدەدەن کە، بەهێزترن لەو ڕێکخراوانەی دایاندەمەزرێنن. بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو بزووتنەوانە بە شێوازێکی باشتر، سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال، پارتی سۆسیال دیموکراتی ئەورووپی و گروپی پەرلەمانتاری سۆسیال دیموکراتەکان لە پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپادا ڕێکخراوێکیان بنیاتناوە بەناوی مەکۆی پێشکەوتنخوازانەی جیهانی، کە لەناو کارەکانیدا هەڵمەتێك

مەکتەبی بیروهۆشیاری

بەڕێوەدەبات لە دژی ئایدز. پێویستە ئەم شێوازە نوێیە پشتیوانی بکرێت.

سەرەڕای ئەمانە پێویستە ئێمە کارئاسانی زیاتر بکەین بۆ ئەو خەڵکانەی دەیانەوێت بە پرسە ئەوروپی و یاخود نێودەوڵەتییەکانەوە سەرقاڵ بن، بۆئەوەی بتوانن لە بزووتنەوەی کاردا ئەمە ئەنجام بدەن. ئەمڕۆکە دۆزینەوەی کەناڵێك بە چوونەپاڵ ڕێکخراوێکی سۆسیال دیموکراتی لۆکاڵی بۆ ئەم جۆرە سەرقاڵبوونە زەحمەتە. لەبەرئەوە ئێمە ڕیسکی لەدەستدانی گروپێکی گەورەی ئەو خەڵکە دەکەین کە هیواخوازن پشکداری گۆڕینی جیهان بکەن لەسەر بنەمای ئایدیالەکانی سۆسیال دیموکرات. لەبەرئەوە ئێمە پشتگیری کاری بەرەو پێشچوون دەکەین  بۆ دۆزینەوەی ڕێگاگەلێك بۆ تواناپێدانی تاکەکان کە لە  SI و ESP دا خۆیان سەرقاڵ بکەن.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ک)

## ٢٠٠٧ - ٢٠٠٨

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢١٠. | عیراق، سەردەمی ساغ بوونەوە | بەکر صدیق | ٢٠٠٧ |
| ٢١١. | تیرۆرو سەقامگیری سیاسیو چەند لێکۆڵینەوەیەکە تر | بەکر صدیق | ٢٠٠٧ |
| ٢١٢. | کەرکوك بۆ مێژوو دەدوێت | سەرپەرشتیار/ مامۆستا جەعفەر | ٢٠٠٧ |
| ٢١٣. | دەستورو ژن | و: کامیل محەمەد قەرەداخی | ٢٠٠٧ |
| ٢١٤. | ژان ژاك رۆسۆ | کاوە جەلال | ٢٠٠٧ |
| ٢١٥. | مبدآ الفصل بین السلطات و وحدتها | القاضي / لطیف مصطفی أمین | ٢٠٠٧ |
| ٢١٦. | بنچینەکانی کورد | ن. ڤلادیمێر مینۆرسکی<br>و. نەجاتی عەبدوڵڵا | ٢٠٠٧ |
| ٢١٧. | لەدیکتاتۆریەوە بۆ دیموکراسی | کارزان محەمەد | ٢٠٠٧ |
| ٢١٨. | کەرکوك لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا | گۆران ساڵح | ٢٠٠٧ |
| ٢١٩. | زمانە فەرمیەکان | تاریق جامباز | |
| ٢٢٠. | ئەنفالو دادگا | سالار مەحمود | ٢٠٠٧ |
| ٢٢١. | نۆڤین _ ١٠ _ | – | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٢. | الکرد | د.نوری تاڵەبانی | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٣. | هەڵۆی سوور (چاپی دووەم) | مامۆستا جەعفەر | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٤. | مام جەلال | مامۆستا جەعفەر | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٥. | المدخل الی القانون الدولي الانساني | جبار سعید محي الدین | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٦. | الکُرد الیوم | ت: غسان نعسان | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٧. | سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا | و: ئاوات عەبدوڵڵا | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٨. | ڕێبازی لێکۆڵینەوە لەزانستی سیاسیدا | ئیسماعیل شێخ موراد | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٩. | ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان | و. کارزان عومەر | ٢٠٠٧ |



مەکتەبی بیروهۆشیاری

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٣٠. | تیرۆر | هیمداد مەجید عەلی | ٢٠٠٧ |
| ٢٣١. | گەنجە کوردەکان | فەرهاد پیرباڵ | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٢. | بەعسیزم و کورد | سۆزان کەریم مستەفا | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٣. | بەڕێوەبردنی کۆبونەوەکان | محەمەد فاتح | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٤. | شاری کەرکوك | پشکۆ حەمە تاهیر | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٥. | میرعەبدال خانی بدلیس | بوار نورەدین | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٦. | فەلسەفە ـ ڕۆشنگەری، فێندەمێنتالیزم | و. شوان ئەحمەد | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٧. | عێراق، قەیرانی ئاسایشو ستراتیژێتیو بنیاتنانەوەی | فەرزەند شێرکۆ | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٨. | نۆڤین ژمارە ـ ١١ ـ | - | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٩. | الحقوق السیاسیة للکورد فی الدول التی تضم کردستان | لیلاف حمد أمین عزیز | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٠. | مێژووی شۆرشی ڕوسیا | لیۆن ترۆتسکی<br>و. عەزیز ئالانی | ٢٠٠٧ |
| ٢٤١. | دەروناسی جەماوەری فاشیزم | ویلهلم رایش<br>و. هەژار جوانڕیی | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٢. | جاش و جینۆساید | مەحمود سەنگاوی | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٣. | زارا ـ عەشقی شوان | محەمەدی قازی<br>و. عەزیز گەردی | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٤. | پوختە باسێك دەربارەی سۆسیال دیموکراتی | زانا | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٥. | تأریخ ترکیا المعاصر | ت. د. هاشم صالح تکریتي | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٦. | لەگۆڕەپاندا | و. ساروز ئەفروزی | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٧. | نۆڤین ـ١٢ـ | – | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٨. | المنطقة المتنازع علیها | د.خلیل اسماعیل محمد | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٩. | فەلسەفەی سۆسیال دیموکراتی | د. حەمید عەزیز | ٢٠٠٧ |
| ٢٥٠. | سۆسیال دیموکراتی | مامۆستا جەعفەر | ٢٠٠٧ |
| ٢٥١. | هەرێمی کوردستان و تورکیا | مامۆستا جەعفەر | ٢٠٠٨ |
| ٢٥٢. | پارتی سۆسیال دیموکراتی سویدی | عوسمان حەمە رەشید گورون | ٢٠٠٨ |
| ٢٥٣. | جلال طالباني رجل القرار | حوار الفضائیة العراقیة | ٢٠٠٨ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| .٢٥٤ | لەکییە هاردیەوە بۆ گۆردن براون | سلێمان عەبدوڵڵا | ٢٠٠٨ |
| .٢٥٥ | دەسەڵاتی دادوەری | گۆران ئازاد حمە گەمحان | ٢٠٠٨ |
| .٢٥٦ | جەنگی دەرونی | ئاراس فەریق زەینەڵ | ٢٠٠٨ |
| .٢٥٧ | كركوك بموجب احصاء عام ١٩٥٧ | قسم البحوث واستطلاعات الرأي | ٢٠٠٨ |
| .٢٥٨ | مام جەلال جێگری سەرۆکی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال (ی. ن. ك) ئەندامی هەمیشەیی | مەکتەبی بیروهۆشیاری | ٢٠٠٨ |
| .٢٥٩ | گۆڤاری نۆڤین ـ ١٣ ـ | - | ٢٠٠٨ |
| .٢٦٠ | پرۆژەی قانونی بەگژدا چونەوەی گەندەڵی | کاوسێن بابەکر | ٢٠٠٨ |
| .٢٦١ | دەروازەیەك بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان | د. ئەنوەر محەمەد فەرەج | ٢٠٠٨ |
| .٢٦٢ | كردستان والسياسة السوفيتية في الشرق الأوسط | تأليف: فاضل رسول ترجمة: غسان نعسان | ٢٠٠٨ |
| .٢٦٣ | ئاشنا بوون بە سۆسیال دیموکراتی | کارزان کاوسێن | ٢٠٠٨ |

مەکتەبی بیروهۆشیاری



مەکتەبی بیروهۆشیاری

This document was created with Win2PDF available at http://www.daneprairie.com.
The unregistered version of Win2PDF is for evaluation or non-commercial use only.